WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23 4ی ڕەشەمێی 2714 (750) دینار

## نێچیرڤان بارزانی 500 ملیۆن دۆلاری لە تورکیا هێناوە بۆ مووچە

**ڕووداو – هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 500 ملیۆن دۆلاریان لە تورکیا هێناوە.

ڕۆژی 2015/2/22 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق بۆ ماوەی سێ کاژێر کۆبووەوە.

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و باسی سەردانی هەفتەی ڕابردووی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا کرد و گوتی "نێچیرڤان بارزانی پێیگوتین سەردانی تورکیا پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو، لەو سەردانەشدا 500 ملیۆن دۆلارمان لە تورکیا هێناوە بۆ مووچەی فەرمانبەران".



« 3

### محەممەدی حاجی مەحموود: دەبێ لە کوردستان باری نائاسایی ڕابگەیەنین



5

### مەلایەک لە هەولێر بەتۆمەتی "نێربازی" دەستگیر دەکرێت



15

### لەسەر دیواری قوتابخانەیەکی دهۆک "بژی داعش" دەنووسن

2

# ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بەرپرسی حەشدی شەعبییە لە شنگال

« 3






| پاکێجەکان | ماوەی خزمەتگوزاری | نرخ | قەبارە |
|---|---|---|---|
| ئێکسترا پلەس | 30 ڕۆژ | 90,000 د.ع | 40 گیگابایت |
| ئێکسترا VIP | 30 ڕۆژ | 60,000 د.ع | 20 گیگابایت |
| ئێکسترا | 30 ڕۆژ | 40,000 د.ع | 10 گیگابایت |
| لاو | 30 ڕۆژ | 30,000 د.ع | 1 گیگابایت + شەوان بەخۆرایی (11ی شەو - 6ی بەیانی) |
| مانگانە | 30 ڕۆژ | 20,000 د.ع | 2 گیگابایت |
| هەفتانە - 1000 | 7 ڕۆژ | 10,000 د.ع | 1,000 میگابایت |
| هەفتانە - 500 | 7 ڕۆژ | 5,000 د.ع | 500 میگابایت |
| بەکیلۆبایت | 30 ڕۆژ | 0.60 د.ع/ کیلۆبایت - لەکاتی تلەیو<br>0.24 د.ع/ کیلۆبایت - بەدەر لەکاتی تلەیو | |

## سێ گەنجی عەرەب 117 ملیۆن دینار دەدزن



**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسی دهۆک سێ گەنجی عەرەب بە تۆمەتی دزی کردن دەستگیر دەکات و لە لێکۆڵینەوەشدا دان بەوەدا دەنێن کە 117 ملیۆن دیناریان لە نێو سێ ئۆتۆمبێلدا دزیوە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی دهۆک ئەو گەنجانە ماوەیەک لەمەوبەر لە پارکی مازی مۆل 108 ملیۆن دیناریان لە نێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری جێب شیرۆکیدا دزیوە، دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر ڕووداوەکە پۆلیس ئەو سێ گەنجەی دەستگیرکردووە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە دانیان بەوەدا ناوە کە جامی دوو ئۆتۆمبێلی دیکەیان شکاندووە و 9 ملیۆن دیناری دیکەشیان دزیوە.

# لەسەر دیواری قوتابخانەیەکی دهۆک "بژی داعش" دەنووسن

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو-دهۆک**

بەهۆی نووسینی دروشم لەدژی پێشمەرگە، قوتابخانەیەکی دهۆک کە قوتابییە عەرەبە ئاوارەکانی مووسڵ تێیاندا دەخوێند، لەلایەن پەروەردەی دهۆکەوە داخرا.

سەمیر عەبدولعەزیز، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ئاگادارکرانەوە لەوەی دروشمی دژی پێشمەرگە لەسەر دیواری قوتابخانەیەک نووسراوە کە قوتابیی عەرەبی تێدایە، بۆیە قوتابخانەکەیان داخستووە "یەکسەر بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم گوت، ئەوە دەرگای دەوامی ئێوەم داخست و نابێت دەوام بکەن تا ئەو قوتابییە یان ئەو مامۆستایە نەدۆزنەوە کە ئەو کارەی کردووە". گوتیشی لەسەر ئەم کارە پەروەردەی گشتیی دهۆک دەستخۆشیی لێکردوون.

بەپێی ئەو وێنانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەسەر یەکێک لە سپلیتەکانی ئەو قوتابخانەیە نووسراوە "یحیی داعش، بشکێت پێشمەرگە)، هەروەها چەند دروشمێکی دیکەش لەسەر تەختە ڕەشەکانی هۆڵەکانی وانەگوتنەوە نووسراون.



کردنەوەی دەوامی ئێواران بۆ قوتابییە ئاوارەکانی مووسڵ کە لە دهۆک نیشتەجێن، لەسەر بڕیاری وەزارەتی پەروەردە بووە. سەمیر عەبدولعەزیز دەڵێت "بڕیارەکە بە دڵی ئێمە نەبوو، چونکە ئەو قوتابیانە قوتابخانەکەیان وێران کردووە، ئەو قوتابخانەیە تازە نۆژەنکرابووەوە، بەڵام ئێستا دڵت بۆی دەسووتێ".

لیژنەی پەروەردەی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێن ئاگاداری بابەتەکەن و بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2014/2/23 کۆببنەوە و هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە ڕابگەیەنن.

جمبەد شوکری، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندن لە ئەنجوومەنی پارێزگا کە سەردانی ئەو قوتابخانەیەی کردووە، دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین دەرگای ئەو قوتابخانەیە بکرێتەوە تاوەکو ئەنجامدەرانی ئەو کارە ئاشکرا دەکرێن، ئەوە چاکەی ئەو عەرەبانەیە بۆ پەروەردەی دهۆک؟".

شوکری ئاماژەی بەوەدا کە ئەوە یەکەمجار نییە قوتابی و مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە هەڵوێستی "شۆڤێنیانە" بەرامبەر کورد نیشان دەدەن "ئەوە چوارەم کاری لەو شێوەیانە، پێشتریش لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان ئاڵاکەیان داگرتبوو".

بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژئاوا دەڵێت سوورە لەسەر ئەوەی دەرگای قوتابخانەکە بۆ ئەو قوتابییە عەرەبانە نەکاتەوە "بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم گوتووە ناهێڵین لەو قوتابخانەیە دەوام بکەن، تاوەکو بکەران ئاشکرا دەکەن، ئەگەرنا بچێت خۆی شوێنێک بۆ مامۆستا و قوتابییەکانی پەیدا بکات".

دلخواز خورشید، چالاکوانێکی خەڵکی دهۆک دەڵێت "زۆر فشارمان کرد بۆئەوەی ئیجرائات لەگەڵ ئەو خەڵکە بکرێت کە ئەو دروشمانەیان نووسیوە، باشترین ڕێگاش داخستنی قوتابخانەکە بوو، ئەگەر وایان نەکردبا، قوتابییەکانی دەوامی دیکە نەیاندەهێشت قوتابییە عەرەبەکان بێنە قوتابخانەکەیان و شەڕ ڕوویدەدا".

لەو قوتابخانەیەدا سێ دەوام دەکرێت، بنەڕەتی هۆشەنگی کچان لە بەیانیان، ژێهاتی کوڕان لە دوای نیوەڕۆ، دوای کاژێر 6ی ئێوارەش بنەڕەتی (الامانە)ی سەر بە پەروەردەی مووسڵ دەوامی تێدا دەکەن.

### بەڕێوەبەری پەروەردە:
### قوتابخانەی ئاوارە عەرەبەکانمان داخست

---

### لیژنەیەکی پەرلەمان:

# PKK گەنجێکی باشووری کوردستانی کوشتووە



**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای چوار مانگ و نیو لە کوشتنی گەنجێکی خەڵکی ناحیەی باتیفا، پەرلەمانی کوردستان بە دواداچوونی مەیدانی بۆ هۆکاری کوشتنەکە دەکات. پەرلەمانتارێک دەڵێت "گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە PKK ئەو گەنجەی کوشتووە". گوتیشی "ئەوان ڕێز لە یاساکانی باشووری کوردستان ناگرن و بە پارە خەڵک لە سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان دەرباز دەکەن".

ڕۆژی 2014/10/7 لە گوندی کێستەی سەر بە ناحیەی کانی ماسێ، چەند کەسێک تەقە لە گەنجێک دەکەن و بریندداری دەکەن، ئەو گەنجە کە ناوی دلبرین یاسین دێوالی بوو، ڕۆژی دواتر گیانی لەدەستدا.

نازم هەرکی، جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان کە خۆی سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەسەر فشاری خەڵکی ناوچەکە و دوای گەیاندنی سکاڵایەک بە مەبەستی زانینی چۆنیەتی کوشتن و هۆکارەکان سەردانی ناحیەی کانی ماسێمان کرد و بەدواداچوونمان بۆ کرد".

نازم هەرکی باسی ئەنجامی بەدواداچوونەکەی کرد و گوتی "لەگەڵ ئەوانەی کە ڕووداوەکەیان بە چاوی خۆیان بینیبوو قسەمان کرد، بێجگە لە ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە، بۆمان دەرکەوت ئەو گەنجە لەلایەن گەریلاکانی PKKەوە کوژراوە".

### بۆچی کوشتیان؟

بەپێی قسەی هاوڕێ نزیکەکانی، ئەو ڕۆژە دلبرین دێتە بازگەیەکی نزیک گوندی کێستە و لە بازگەیەک ڕاناگرێت، هەرچەندە گەریلاکانی PKK دەیناسن، بەڵام تەقەی لێدەکەن و دواتر بە بریندداری دەستگیری دەکەن و بۆ ڕۆژی دواتر دەمرێ.

هاوڕێیەکی نزیکی ئەو گەنجە دەڵێت دلبرین کاری کڕین و فرۆشتنی دەکرد لەسەر سنووری نێوان باشوور و باکووری کوردستان. بەڵام جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ دەڵێت "ئەو گەنجە هەرچییەکی کردبێت، مافی PKK نییە بیکوژێت، ئەوە پێشێلکردنی یاسا و سەروەریی باشووری کوردستانە، دەکرا ئەو کوڕە بدرێتە دادگا".

نازم هەرکی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دوای سەردانیکردنی ناوچەکە، ئەوان هەفتەی داهاتوو ڕاپۆرتی خۆیان دەدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

### بۆچی قسەیان لەگەڵ PKK نەکرد؟

ئەو لیژنە پەرلەمانییە کە PKK تۆمەتبار دەکات بە کوشتنی ئەو کوڕە، سەردانی PKKیان نەکردووە. نازم هەرکی لەوبارەیەوە دەڵێت "من لەگەڵ ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی وەکو لیژنە سەردانی ناوچەکەمان کرد، هەرچەندە نزیکیش بووین لە پەکەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر هەماهەنگی و ژوانێکی دیاریکراومان نەبوو، بۆیە نەچووین بۆ لایان. خۆشمان دەمانزانی بچینە لاشیان وەڵاممان نادەنەوە، بۆیە بەپێویستمان زانی دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکە لە قەندیل لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن، دەبێ ئەوان ڕوونکردنەوە بدەن سەبارەت هۆکاری کوشتنی ئەو گەنجە".

نازم هەرکی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوە یەکەمجار نییە PKK تەقە لە گوندنشینانی ناوچەکە دەکات "پێش ئەو ڕووداوە تەقەیان لە گەنجێکی دیکە کردبوو بە ناوی ڕێبەر، خۆشمان قسەمان لەگەڵ ئەو گەنجە کرد".

ئەو پەرلەمانتارە هیوادارە پەکەکە نەبێتە مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە و دەڵێت "هەرچەندە ئێستا بووەتە مەترسی، ئێمە زانیاریمان دەستکەوتووە کە PKK بە پارە خەڵک دەربازی سنووری تورکیا دەکات و لەوێش خەڵک دەربازی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش کارەساتە و دەبێ ڕێگری لێ بکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە ڕەخنە لە هێزەکانی پاسەوانی سنوور دەگرێت و دەڵێت "هەر هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە، بە تایبەت کە ئەو گەنجە کوژراوە، ئەوان نزیک بوون لەو ڕووداوە و هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە".

---

# "مریشکی مرداربوو دەدرێتە زیندانیانی چەمچەماڵ"



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای دەکات لە گرتووخانەی چەمچەماڵ مریشکی مرداربوو دراوەتە زیندانییەکان. هەروەها دەڵێت پێشێلکاری گەورە لە دژی زیندانیانی ئەو گرتووخانەیە کراوە.

شیرین ڕەزا، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "لە زیندانی فیدراڵیی چەمچەماڵ کە سەر بە وەزارەتی دادی عێراقە، چەندین سکاڵامان پێگەیشتووە کە پێشێلکاری زەق لەدژی مافەکانی مرۆڤ هەیە، بەدواداچوونمان بۆ کرد، بۆمان دەرکەوت بەڕاستی پێشێلکاری زۆر هەیە".

شیرین ڕەزا ئاماژەی بەوە دا کە زۆربەی هۆڵەکان مۆکێت و ڕایەخیان نییە، لە کاتێکدا بەندیخانەکە نەسریەی تایبەت بە خۆی هەبووە و دەڵێ "بەهۆی پێنەدانی پارەی مانگی 11 و 12ی ساڵی ڕابردوو، بەڵێندەرەکە ئامادە نەبووە ئاوی پاکی خواردنەوە دابین بکات، بۆیە بە سۆندەیەک ئاویان لە بیر ڕاکێشابوو، زیندانییەکان بە دەبە پڕیان دەکرد و دەیانخواردەوە، جگە لەوە خواردنیان زۆر خراپ بوو، من بەچاوی خۆم بینیم برنجێکی زەرد زۆر بە ناشیرینی ئامادە کرابوو دەدرایە زیندانییەکان".

ئەو پەرلەمانتارە کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە، هەروەها دەڵێ "کاتێک ئێمە دەچینە ئەو بەندیخانانەی لە ژێر سەرپەرشتی حکومەتی عێراقدان، کاربەدەستانی بەندیخانەکە ئامادەسازی دەکەن و زیندانییەکان دەترسێنن بۆئەوەی قسە بۆ ئێمە نەکەن، من لە چاوی ئەواندا چەندین سکاڵام خوێندەوە، بەڵام نەدەوێران قسە بکەن".

شیرین ڕەزا ئاشکرای کرد "لەو بەندیخانەیە بەڵێندەرێک تەندەرەکەی خۆی فرۆشتووەتە بەڵێندەرێکی دیکەی کورد بۆ دابینکردنی خواردن، کەچی ئەو بەڵێندەرە مریشکی مرداربووی بۆ لێناون و چەندین زیندانی بەوهۆیەوە ژەهراوی بوون".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان گوتیشی، ئەو کەسەی مریشکی دەرخواردی زیندانییەکان داوە لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانە، بەڵام هەرگیز لێی بێدەنگ نابن و دەڵێ "ناوی تەواو و زانیاریم لەسەر ئەو کەسە وەرگرتووە، ڕاپۆرتێکم بۆ وەزیری داد بەرزکردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامم وەرنەگرتووە، ئەگەر گۆڕان بێت یان هەر حیزبێک، ئێمە پێشێلکاری دژی مافەکانی مرۆڤ لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکەین".

شیرین ڕەزا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەهۆی ئەو بارودۆخەی نێو گرتووخانەکە، زیندانی هەبووە گوێزانی قووتداوە بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت و لەو بارودۆخە ڕزگاری بێت "زیندانییەکم بینی لەسەر پشت پاڵکەوتبوو، پرسیم ئەوە بۆ وای لێهاتووە، گوتیان گوێزانی ڕیشتاشینی قوت داوە بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت". گوتیشی "ئیشوکاری بەرپرسانی ئیداری و ئەمنیی زیندانییەکە چییە؟ چۆن دەبێت دوای ڕیش تاشین زیندانی گوێزان لەگەڵ خۆی بباتەوە ژوورە و قوتی بدات بۆ ئەوەی بمرێت!".

بەندیخانەی فیدراڵیی چەمچەماڵ سەر بە حکومەتی عێراقە و لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی دادە، دوو هەزار و 924 زیندانی بە تۆمەتی جۆراوجۆر لەو بەندیخانەیە ڕاگیراون، لەگەڵ 350 کەس کە بەتۆمەتی تیرۆر ماوەی سزاکانیان لەو بەندیخانەیە بەسەردەبەن.

---

# "عێراق بە تڕێلە پارە و دەرمان بۆ مووسڵ دەنێرێت"

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

قایمقامی قەزای دووزخورماتوو دەڵێت چەند فەرمانبەرێک کە ئەو بە "داعش" ناویان دەهێنێت، دەچنە بەغدا و دەرمان و مووچەی فەرمانبەرانی ژێر دەستی داعش وەردەگرن و بە تڕێلە دەیگوازنەوە بۆ ئەنبار و لەوێشەوە بۆ مووسڵ.

شەلال عەبدول، قایمقامی قەزای دووزخورماتوو بە (ڕووداو)ی گوت، تاوەکو ئێستا بەغدا مووچە و دەرمانی لەو ناوچانە نەبڕیوە کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان و باسی چۆنیەتی گواستنەوەی پارە دەکات بۆ ژێر دەسەڵاتی داعش.

شەلال گوتی "لە چەند ڕێگایەکی تایبەتەوە لە سنووری نێوان پارێزگای ئەنبار و بەغدا، چەند دکتۆرێک و چەند فەرمانبەرێکی بانکی کە سەر بە داعشن، دەچن بۆ بەغدا، لەوێوە مووچە و دەرمانی پێویست لە ڕێگای چەند تڕێلەیەکەوە دەگوازنەوە بۆ ئەنبار و لەوێشەوە بۆ مووسڵ، دواتر لە ڕێگای چەکدارانی داعشەوە بەسەر نەخۆشخانەکان و فەرمانبەرەکاندا دابەش دەکرێت". گوتیشی "چەکدارانی داعش بەشێک لەو پارەیە بۆ خۆیان دەگێڕنەوە و بەشەکەی دیکەش دەدەنە فەرمانبەران".

ناردنی مووچە بۆ فەرمانبەرانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراق جارێک بە بیانووی نەبووی پارە و جارێکیش بە بیانووی ئەوەی گوایە هەولێر پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نانێرێت.

بەڵام ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕەتیکردەوە عێراق کێشەی پارەی هەبێت و گوتی "عێراق داهاتی هەیە، بەڵام ئیدارەدانی ئەو داهاتە کێشەی بۆ دروستکردووە". گوتیشی "هۆکاری نەناردنی بەشە بودجەی کوردستان سیاسییە نەک نەبوونی پارە، چونکە عێراق ئێستا جگە لەو داهاتەی کە مانگانە لە فرۆشتنی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان دەستیدەکەوێت، نزیکەی 67 ملیار دۆلاری یەدەگی لە بانکی مەرکەزی و 3 تریلیۆن دیناری لە سندوقی DFIدا هەیە".

شەلال عەبدول باسی ڕێگەیەکی دیکەی ناردنی پارەی کرد بۆ داعش و گوتی "چەند جارێک لە ڕێگای حەویجە، لە ڕێگای حەواڵەی بانکییەوە، چەند کەسێک چەکی بانکی لەو ناوچانە دێنن و لە بازاڕی دراو لە هەولێر و کەرکووک بەرامبەر بە پارەیەکی کەمتر دەیگۆڕنەوە، دواتر ئەو پارانە لە ڕێگای ئۆتۆمبێلەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی داعش دەگوازنەوە".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23

## عەلی باپیر: داعش بەڵایەکی گەورەیە



**رووداو- سلێمانی**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند داعش بەڵایەکی گەورەیە بەسەر موسڵمانان و گوتیشیداوایان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی هێزی چەکدار بۆ شەڕکردن لە دژی داعش دروست بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

عەلی باپیر، لەشـاری سـلێمانی کۆڕێکی سـەبارەت بە رووبەڕووبونەوەی توندڕەوی پێشکەشکرد و گوتی "داعش لە هەناوی رێکخراوی قاعیدە هاتووەتـە دەرەوە و هەندێـک لـە دەوڵەتانـی دیکەش تەوزیفیان کردن و بەشـار ئەسـەدیش باشـترین سـوودی لە دروسـتبوونی داعش بینی". روونیشیکردەوە کە ئیسلام ئاینی پێکەوەژیانە "بەڵام ئەوان پرۆژەی مەرگیان پێیە".

# ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بەرپرسی حەشدی شەعبییە لە شنگال



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

هێزەکانی پاراستنی شنگال کە بە "حەشدی شـەعبی شـنگال" ناسـراون، یەکەم مووچەی خۆیان لە حکومەتی عێراق وەرگرت و بەرپرسی ئـەو هێزەش دەڵێـت "50%ی ئەو هێـزە کادر و لایەنگـری پارتـی دیموکراتی کوردسـتانن". بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیش لە مووسڵ دەڵێت "هـەر هێزێک بۆ پاراسـتنی شـنگال دروسـت بکرێت، ئێمە پشتگیری لێدەکەین".

رۆژی 12ی ئـەم مانگـە بە ئاشـکرا مووچە بەسـەر چەکدارانی حەشدی شەعبی لە شنگال دابەشکرا کە بریتین لە 1000 چەکداری کوردی ئێـزدی. ئەو هێزە خۆیان بە هێزی پاراسـتنی شنگال دەناسێنن، بەڵام بە فەرمی سەر بە هێزی حەشـدی شـەعبین و مووچەیان لە بەغداوە بۆ دێت.

حەیدەر شەشـۆ، بەرپرسی هێزی پاراستنی شـنگال بـە (رووداو)ی گوت "لـە مانگی 11ی سـاڵی رابـردووەوە داوامـان لە سـەرکردایەتی حەشدی شەعبی لە بەغدا کرد هاوکاریمان بکەن، پێـش ماوەیەک نـاوی هەزار کـەس رەزامەندی لەسەر درا و مووچەی مانگێکیان بۆ نێردرا".

سـەرجەم ئەندامانـی ئـەو هێـزە کـوردی ئێزیدیـن، حەیدەر دەڵێت "وەجبەی یەکەم ئەو هەزار کەسە هەموویان ئێزیدین، بەڵام دەرگامان کراوەیـە بۆ هەر کەسـێکی دیکـە کە خەڵکی شنگال بێت، بێتە نێو ئەم هێزە، جا موسڵمان بێت یـان مەسـیحی، تەنیا مـەرج ئەوەیە کە خەڵکی شـنگال بێت و گرنگ نییە سـەر بە چ نەتەوەیەک و ئاینێکە".

حەیـدەر شەشـۆ، برازای قاسـم شەشـۆیە کـە یەکێکە لە فەرمانـدە دیارەکانی ئێزدییان. حەیـدەر هەر لە سـەرەتای شـەڕی داعشـەوە لەگەڵ قاسم مەزارگەی شەرفەدینیان دەپاراست.

حەیدەر دەڵێت "قاسم شەشۆ مامی گەورەی منە و رێزم بۆ ئەو و سەرجەم فەرماندەکانی ئێزیدی لە شـنگال هەیە، هەتا ئێسـتا نە ئەو نە هیچ فەرماندەیەکی دیکە دەستخۆشـی لێنەکردووم، داواکارم هەماهەنگیمـان لەگەڵ بکەن، چونکە مەبەستی هەمووما‌ن پاراستنی شنگالە".

حەیدەر شەشـۆ باسی ئامانجی دامەزراندنی ئەو هێزەی کرد و گوتی "مەبەسـتی ئێمە ئەوە نییـە دژایەتی کـورد و هەرێمی کوردسـتان و پێشمەرگە بکەین، تەنیا مەبەستمان رزگارکردنی شنگالە، ئێمە هاوکاری پێشمەرگەین، تەنیا بۆ مووچە پێویستمان بە بەغدا هەبوو، هەر بڕیارێک دژی کـورد و هەرێمـی کوردسـتان بێت ئێمە جێبەجێی ناکەین، ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە هاوکاری ئێمە بکات، ئامادەین بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ بکەین".

حەیـدەر شەشـۆ کـە بەگوێـرەی ماڵپەڕی ئەنجوومەنـی ناوەندیـی یەکێتی نیشـتیمانیی کوردسـتان هێشتا ئەندامی ئەو ئەنجوومەنەیە، دەڵێـت "راسـتی، پێـش شـەڕی داعـش من سەرکردەیەکی یەکێتی بووم، بەڵام ئێستا تەنیا وەکو ئێزیدی سەرپەرشـتی ئـەم هێزە دەکەم، هەتا دوای رزگارکردنی شـنگال، ئەوکات بڕیار دەدەم چ حیزبێک بم".

شەشۆ باسی لایەنی سیاسی چەکدارانی ئەو هێزەی کـرد و گوتـی "هەموو لایەنێکی تێدایە، 50%ی کادر و لایەنگـری پارتیـن، جگە لەوان کادر و لایەنگـری یەکێتی و بزاڤی چاکسـازی ئێزدی، کەسی بێلایەنیشی تێدایە".

حەیـدەر داوای لـە هەمـوو لایەنـەکان کرد هاوکارییـان بکەن و گوتـی "هیوادارم کەس بە هەڵـە لێمان تێنەگات، راسـتە ئێمە سـەر بە حەشدی شەعبی عێراقین، بەڵام ئێمە دژی کورد نین، هیوادارم هەموو لایەن و هێزەکانی دیکەی ناوچەکە هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی بەزووترین کات شنگال ئازاد بکەین".

### حەیدەر شەشۆ:
### دژایەتی کورد و هەرێمی کوردستان ناکەین

### یەکێتی:
### هەر هێزێک بۆ پاراستنی شنگال بێت پشتیوانی لێدەکەین

### پارتی:
### ئێمە ئەو هێزە رەتدەکەینەوە

هەڵۆ پێنجوێنی، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان لە مووسـڵ گەشـبینە بە دامەزراندنی ئـەو هێزە و دەڵێت "هـەر هێزێک بۆ پاراسـتنی شـنگال دروسـت بکرێت شتێکی باشە، ئێمە پشتگیری لێدەکەین، بـەڵام بەو مەرجـەی لە بەرژەوەندیـی کورد و هەرێمی کوردستان کاربکەن".

قاسـم شەشـۆ، کارگێڕی لقـی 17ی پارتی و یەکێک لـە فەرماندە دیارەکانی پێشـمەرگە لە چیای شـنگال، دروسـتبوونی ئەو هێزە بە مەترسی نابینێ و دەڵێت "ئەو هێزە خزمێکی من سەرپەرشتی دەکات، هەموویان کوردی ئێزیدین، ئەوان هیـچ بڕیارێکی بەغـدا جێبەجێ ناکەن، تەنیـا پارە لە حەشـدی شـەعبی وەردەگرن، هەرچی ئێمە بڵێین ئەوان جێبەجێی دەکەن".

قاسـم شەشـۆ کە مامی حەیدەر شەشۆیە، هەروەها گوتی "لەسـەر دروستبوونی ئەو هێزە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کاک مەسرور بارزانی کـرد، ئـەو پێی باش نەبوو ئەو هێزە دروست ببێـت، لەگەڵ ئەوەدا نەبـوو، بەڵام دڵنیام ئەو هێزە هیچ کارێک ناکەن لە بەرژەوەندی کورد و هەرێمی کوردستاندا نەبێت".

هەر لەوبارەوە مەسـعود سەرنی، بەرپرسی راگەیاندنـی لقـی یەکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان رایگەیاند "ئەو هێزە هیچ مانایەکی نییە، چونکە هێزی پێشمەرگە لە شنگال هەیە، پێویستی بە حەشدی شەعبی نییە". گوتیشی "ئێمە ئەو هێزە رەتدەکەینەوە".

# "نێچیرڤان بارزانی 500 ملیۆن دۆلاری لە تورکیا هێناوە بۆ مووچە"



### موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو:
### داوای لادانی بەرپرسی مەلەفی نەوتمان کرد، بەڵام ئاشتی هەورامی قەناعەتی پێکردین

**هێڤیدار ئەحمەد و مەحموود یاسین**
**رووداو- هەولێر**

نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئاشـکرای کـرد کـە بـۆ دابینکردنـی مووچـەی فەرمانبەرانـی هەرێمی کوردسـتان 500 ملیـۆن دۆلاریـان لـە تورکیا هێنـاوە. یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتووش داوای لادانی ئاشـتی هەورامییان کردووە، بەڵام سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکگرتوو دەڵـێ "ئاشتی هەورامی قەناعەتی پێکردین".

رێککەوتنـی نێـوان هەولێر و بەغدا لەسـەر هەناردەکردنـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان و وەرگرتنـی 17%ی بودجـەی کوردسـتان لـە بەغدا لـە لێواری هەڵوەشـاندنەوەدا بوو، بەڵام سـەرلەنوێ هـەردوولا پابەندبوونـی خۆیان بۆ رێککەوتنەکە دووپاتکردەوە.

### 500 ملیۆن دۆلار بۆ مووچە لە تورکیا وەرگیراوە

رۆژی 2015/2/22 نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق بۆ ماوەی سێ کاتژێر کۆبووەوە.

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بەشـێک لـە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و باسی سەردانی هەفتەی رابردووی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا کرد و گوتی "نێچیرڤان بارزانی پێیگوتین سەردانی تورکیا پێشـتر بەرنامەی بۆ دانرابوو، لەو سەردانەشدا 500 ملیۆن دۆلارمان لە تورکیا هێناوە بۆ مووچەی فەرمانبەران".

### "بۆ لەگەڵ عێراق نایکات؟"

ئـاڵا تاڵەبانـی لەبـارەی پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و تورکیا رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگـرێ و دەڵـێ "بۆچـی هەرێمی کوردسـتان دەتوانـێ رێککەوتنی 50 سـاڵی لەگەڵ تورکیا ئیمـزا بـکات، بـۆ ناتوانـێ رێککەوتنێکی یەک ساڵی لەگەڵ بەغدا ئیمزا بکات کە بۆ دابینکردنی مووچـەی فەرمانبەرانە؟". گوتیشـی "نوێنەری نەتـەوە یەکگرتووەکان لە عێـراق داوای لێکردم لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکەین بۆئـەوەی رێککەوتنی بەغدا هەڵنەوەشـێننەوە، ئێمەش بە UNمان گوت کە ئێوەش لەگەڵ بەغدا قسە بکەن".

رۆژی 2014/12/2 هەولێـر و بەغـدا رێکەوتنێکیان واژۆ کرد، بەگوێرەی رێککەوتنەکە هەرێمی کوردسـتان 550 هـەزار بەرمیل نەوت (300 هەزار بەرمیلـی نەوتی کەرکووک و 250 هەزار بەرمیل لە نەوتی هەرێمی کوردسـتان) لە رۆژێکدا هەناردە دەکات و داهاتەکەشی دەچێتە خەزێنەی بەغـداوە، لە بەرامبەردا بەغدا 17%ی بودجـەی 2015 دەداتـە هەرێمی کوردسـتان، لەگەڵ خەرجکردنی ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار بۆ هێزی پێشمەرگە.

بـەڵام نزیکـەی دوو مانـگ لـە رۆژی جێبەجێکردنی رێککەوتنە تێپەڕی و حکومەتی عێراق هیچ پارەیەکی نەدا بەهەرێمی کوردستان، ئەمە سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان نەوتی رادەسـتی عێراق کردووە. نێچیرڤان بارزانی کە هەفتـەی رابردوو لەگەڵ بەغدا نەگەیشـتە هیچ ئەنجامێک بـۆ ناردنی مووچـەی فەرمانبەرانی کوردسـتان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند "بەغدا ئیفلاسـی کـردووە". بەڵام ئاڵا تاڵەبانی رەتیدەکاتـەوە عێراق ئیفلاسـی کردبێ "عێراق ئیفلاسی نەکردووە و پارەی هەیە".

ئارێز عەبدوڵڵا، سـەرۆکی لێژنـەی نەوت و غـاز لـە پەرلەمانـی عێراق کە یەکێـک بوو لە بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە، دەڵـێ "کاک نێچیرڤـان گوتـی نەدەبووایـە بـەو شـێوە راسـتەوخۆیە بڵێم عێـراق ئیفلاسـی کردووە، هەرچەنـدە ئـەم قسـەیە حەیـدەر عەبـادی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق لـە دوا کۆبوونەوەدا لەبەغدا خۆی بەمنی گوت، من لە خۆمەوە ئەو قسەیەم نەکردووە".

### قاسەی عێراق دوو ملیار دۆلاری تێدایە

حکومەتـی عێـراق وەکـو نیازپاکییـەک بۆ سەرخسـتنی رێککەوتنەکـە، 250 ملیار دینار رەوانـەی هەرێمـی کوردسـتان دەکات. بەیان نـووری، وەزیری کاروباری ژنـان لە حکومەتی عێـراق دەڵێ "ئەو 250 ملیارە 17%ی پشـکی کوردستانە لەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان رادەستی عێراقی کردووە".

بەپێـی ئـەو زانیاریانەی دەسـت (رووداو) کەوتـوون، هەرێمی کوردسـتان مانگی رابردوو 7 ملیـۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردسـتان و 4 ملیـۆن و 500 هـەزار بەرمیل نەوتـی کەرکووکی رادەسـتی بەغدا کردووە کە لـە رۆژێکدا دەکاتـە 378 هەزار و 96 بەرمیل. هـەر بەرمیلێکیـش بە 41 دۆلار و 45 سـەنت فرۆشراوە.

وەزارەتـی نەوتـی عێـراق لە مانگـی یەکی ئەمسـاڵدا 86 ملیـۆن و 100 هـەزار بەرمیل نەوتی بە کەرکووک و هەرێمی کوردستانیشەوە هەنـاردە کـردووە کە داهاتەکەی سـێ ملیار و 600 ملیـۆن دۆلارە (چـوار تریلیـۆن و 162 ملیار دینـار). حکومەتی عێراق مانگی رابردوو دوو تریلیـۆن و 595 ملیـار و 497 ملیۆنی بۆ مووچـەی فەرمانبەران خـەرج کردووە. داهاتی نەوتیشـی تریلیۆنێک و 283 ملیار دینار بووە، بەمـەش قاسـەی عێـراق دوای خەرجکردنـی مووچـەی فەرمانبەرانـی دوو ترلیـۆن و 850 ملیار دیناری تێدابووە.

### "کەس نازانێ کێ SOMO بەڕێوەدەبات"

پەرلەمانتارێکی کـورد لە پەرلەمانی عێراق گومانـی لـە کاری کۆمپانیـای بەبازاڕکردنـی نەوتـی عێـراق SOMO هەیە. رێنـاس جانۆ، باسی کۆبوونەوەی نێوان پەرلەمانتارانی کورد و بریـکاری وەزارەتـی نەوتـی عێراقـی کرد و گوتـی "چەند رۆژێـک لەمەوبەر، موعتەسـەم ئەکـرەم، بریـکاری وەزارەتـی نەوتـی عێراق لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە، لێمان پرسـی کێ ئەم کۆمپانیایـە بەڕێوەدەبات؟ ئەویش گوتی کەس نازانێ کێ ئیدارەی SOMO دەکات".

رێنـاس جانـۆ رەخنـە لـە بەغـدا دەگرێ کاتـێ دەڵێ پارەمـان نییە مووچـە و بودجە بـۆ هەرێمی کوردسـتان بنێرین "بەغدا راسـت ناکات، چونکە مووچـەی هەموو فەرمانبەرانی عێراق لە سـاڵێکدا دەکاتە 41 تریلیۆن دینار، گریمـان نرخـی یەک بەرمیل نەوتـی عێراق لە بازاڕەکانی جیهاندا بە 25 دۆلاریش بفرۆشرێ، ئـەوا دەکاتـە 41 تریلیـۆن دینـار کە ئێسـتا نرخـی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا 60 دۆلاری ئەمریکییە".

### داوای لادانی هەورامی کراوە

جگە لە فراکسـیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێـراق، هەر چـوار فراکسـیۆنەکەی دیکەی کورد لە پەرلەمانی عێراق (یەکێتی، گۆڕان، کۆمـەڵ و یەکگرتـوو) یاداشـتێکی شـەش خاڵییان نووسـیبوو، گرنگتریـن داواکارییان لادانـی ئاشـتی هەورامی، وەزیری سـامانە سروشتییەکان بووە لە پۆستەکەی.

موسـەننا ئەمین، سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکگرتوو لەوبارەیەوە گوتی "بە دیاریکراوی نـاوی هیـچ کەسـێکمان نەهێنـاوە، بـەڵام لـە خاڵـی شەشـەمی یاداشـتنامەکەدا داوامانکـردووە ئەوەی بەرپرسـە لە مەلەفی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەبێ لابدرێ".

بـەڵام ئاشـتی هەورامی وەزیری سـامانە سروشـتییەکان، وەک موسەننا ئەمین گوتی "بـەوە ناڕەحەت بوو، وەڵامی ئێمەی دایەوە و گوتی وامزانی دەستخۆشـی لەمن دەکەن، من پارتی نیم و بۆ هیچ حیزبێک کارناکەم و بۆ ئەم وڵاتە کار دەکەم".

سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکگرتـوو زیاتر باسـی کاردانـەوەی هەورامی کـرد و گوتی "ئاشـتی هەورامی بۆ ئێمەی روونکردەوە کە لەگـەڵ بەغدا چـی کـردووە و چەند نەوتی رەوانە کـردووە، روونکردنەوەکەی هەورامی قەناعەتـی بە ئێمە کرد، بەڵام ئەو شـتانەی باسـی کرد پێشتر لای ئێمە شەفاف نەبوو، پێویست بوو لەکاتی خۆی بگاتە ئێمە".

دەربـارەی داواکانـی دیکـەی ئـەو چوار لایەنە لەو یاداشـتەدا، موسەننا ئەمین دەڵێ "سیاسـەتی قـۆڵ بـادان لە عێـراق قبووڵ ناکرێ و ئەمە سیاسـەتێکی شکستخواردووە و ناکـرێ عەبـادی ئەمە دووبـارە بکاتەوە، هەروەها خەمسـاردی دەبینین لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەبارەی رێککەوتنەکەی بەغـدا، نابێـت هیـچ بیانوویەک بـۆ بەغدا بهێڵینەوە".

بەپێـی زانیارییەکانـی رووداو، سـەرکردایەتی گـۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ ئاگاداری یاداشتی فراکسـیۆنەکانیان بوون، سـەرچاوەیەک لـە بزووتنـەوەی گـۆڕان بە (رووداو)ی گوت "لەو یاداشتەدا پەیامەکەی خۆمان بۆ پارتی نارد".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23

## یەکێتی لیژنەیەک بۆ پۆست پێکدێنێت

**ڕووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی کاندید بۆ ئەو پۆستانەی کە لە پارێزگاکاندا بەرکەوتەی خۆیەتی، لیژنەیەک پێکدێنێت و پۆستەکانیش بە سیڤی دیاری دەکرێن. لەتیف شێخ عومەر بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو رایگەیاند "هەموو ئەو پۆستانەی کە لە ئیدارەی پارێزگاکان بۆ یەکێتییە، لەڕێگەی سیڤییەوە کاندیدەکانیان دەستنیشان دەکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک لە مەکتەبی سیاسی ء مەڵبەند پێکهێنراوەء کادیرەکان دەتوانن سیڤی خۆیان پێشکەش بکەن".

**پێشمەرگە بریندارەکان گومانیان هەیە**

# 5 فەرماندەی پێشمەرگە لە نەخۆشخانەکانی تورکیا گیانیان سپاردووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕی دژی داعش ڕەوانەی دەرەوە کراون و زۆربەشیان لە تورکیا چارەسەر دەکرێن، بەڵام پێشمەرگە بریندارەکان گومانیان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا هەیە و پێشمەرگەیەک دەڵێت "80%ی ئەو برینداراانەی لە تورکیا چارەسەر دەکرێن بە پەککەوتەیی دەگەڕێنەوە". وەزارەتی پێشمەرگەش لەسەر بنەمای ئەو گومانانە لیژنەیەک دەنێرێتە تورکیا.

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی دهۆک، تاوەکو ئێستا 140 پێشمەرگەی بریندار بۆ چارەسەری نێردراونەتە دەرەوە کە زۆربەیان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی تورکیا کراون.

کاروان حەسەن، 23 ساڵ، لە شەڕێکدا لەگەڵ داعش، بریندار بووە و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک بوو. کاروان دارشەقێکی بە دەستەوە گرتبوو، وەک خۆی باسیکرد تاوەکو ئێستا دوو جار بۆ چارەسەری نێردراوە بۆ نەخۆشخانەکانی تورکیا، بەڵام هیچ سوودی لە چارەسەرەکان نەبینیوە "تەنانەت لێرە پێمدەڵێن هێشتا ساچمە لە نێو جەستەت ماوە".

کاروان کە خەڵکی زاخۆیە، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە باش بوو، بەڵام بەمدواییە زۆر گۆڕابوون، من بۆ خۆم چوار مانگ لە تورکیا بووم، زۆربەی پێشمەرگە بریندارەکان گلەییان لە مامەڵەی پزیشک و پەرستارە تورکەکان هەبوو". کاروان بڕیاری داوە هەر لە کوردستان نەشتەرگەری بۆ دەرهێنانی ساچمەکانی قاچی بکات و جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە تورکیا.

هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە لەگەڵ پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاری دا ئەو پێشمەرگە بریندارانەی لێرە چارەسەریان نییە، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی دەرەوە بکرێن، بە تایبەتی تورکیا، لەوێ دوو نەخۆشخانە بۆ چارەسەری بریندارەکان دەستنیشانکراون، ئەوانیش نەخۆشخانەی باتمان و ئەوی دیکەشیان نەخۆشخانەیەکە لە ئەنقەرە. جگە لەوە چەند بریندارێک ڕەوانەی ئەڵمانیا کراون.



### پێشمەرگەیەکی بریندار: هەر بریندارێک بناسم پێیدەڵێم نەچێتە تورکیا

نەقیب سەربەست جەمیل کە لە ناوچەی ڕەبیعە بریندار بووە، تاوەکو ئێستا سێ جار لە نەخۆشخانەی باتمان نەشتەرگەری بۆ کراوە. ئەو گوتی "من دەستم بریندارە، تاوەکو ئێستا سێ جار چووم بۆ تورکیا، لەو باوەڕەدا بووم بە 10 ڕۆژ چاک ببمەوە، بەڵام ئەوە سێ نەشتەرگەریم بۆ بکەن و هێشتا چاک نەبوومەتەوە، بگرە برینەکەی دەستم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت".

سەربەست جەمیل گوتیشی "نەک متمانەم بە پزیشکەکانی تورکیا نییە، بەڵکو گومانێکی زۆرم هەیە، ئەوان بەشێوەیەکی دروست خزمەتی بریندارەکان ناکەن، نەمبینی لەوێ کەس هەبێت گلەیی لە پزیشکەکان نەبێت".

سەربەست بەڵێنی داوە ئەگەر لە کوردستان دەستەکەی بشبڕنەوە نەچێتەوە بۆ تورکیا. گوتیشی "خۆم هەر کەسێک بناسم لە ڕێگەی ئێوەشەوە بە پێشمەرگە بریندارەکان دەڵێم، بە تایبەتی ئەوانەی سەر و سینگیان بریندارە، بەهیچ شێوەیەک نەچن بۆ تورکیا، چونکە دڵنیام لە جیاتی چارەسەری دەیانکوژن".

تاوەکو ئێستا ژمارەیەک فەرماندەی پێشمەرگە کە بریندار ببوون و لە تورکیا

### سەرۆکی لیژنەی نەخۆش و بریندارەکانی پێشمەرگە لە دهۆک: لەسەر ئەو گومانانە لیژنەیەکی وەزارەتی پێشمەرگە لە نەخۆشخانەکانی تورکیایە

چارەسەریان بۆ دەکرا، لەوێ گیانیان سپاردووە، لەوانەش شێخ ئەحمەد مزووری، فەرماندەی هێزی دژە تیرۆر لە دهۆک، لیوا تاهیر گولی و نەقیب ڕەمەزان. ئەمەش گومانی لەلای خەڵک دروست کردووە.

سەربەست باسی ئەو بریندارانەی کرد کە لە تورکیا گیانیان سپاردووە و دەڵێت "لەلای ئێمەش لە تورکیا باسی ئەو گومانانە هەبوو، خۆشم گومانم لە شەهیدبوونی ئەو فەرماندانە هەیە لە نەخۆشخانەکانی تورکیا".

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پێشمەرگە کە لەسەرەتای ئەم مانگەوە بڵاوکرایەوە، لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا 4596 پێشمەرگە بریندارببوونە.

ڕێبەر حەسەن، هاوسەفەری برا بریندارەکەی بووە بۆ تورکیا، بەڵام براکەی بە کەمئەندامی گەڕاپەوە و دەڵێت "داوا لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم ئاگایان لەو مەترسییە بێت، دڵنیام 80%ی ئەو بریندارانەی ڕەوانەی تورکیا کراون بە پەککەوتوویی دەگەڕێنەوە".

#### وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەی ناردووە

وەزارەتی پێشمەرگە لە دهۆک ئاگای لەو گومانە هەیە، سەرۆکی لیژنەی نەخۆش و بریندارەکانی پێشمەرگە لە دهۆک دەڵێت "بەهۆی نزیکیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەو وڵاتەمان دەستنیشان کرد بۆ ناردنی بریندارەکان بەمەبەسی چارەسەری".

عەقید سەلڤان عەبدولکەریم، سەرۆکی لیژنەی نەخۆش و بریندارەکانی پێشمەرگە لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت، پاش ئەوەی چەند گلەییەکیان بۆ هاتووە کە گومانیان هەیە ئەو بریندارانەی لە تورکیا شەهید بوونە پزیشکەکان هۆکار بووبن، لیژنەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی ئەو نەخۆشخانانەی تورکیای کردووە کە پێشمەرگە بریندارەکانی لێ چارەسەر دەکرێت، بەڵام هەتا ئێستا ئەو لیژنەیە نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو گومانانە ڕاست بن، بۆیە لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن".

#### 80%ی بریندارەکان خەڵکی دهۆکن

بەپێی قسەی عەمید سەگڤان، تاوەکو ئێستا 5 لەو بریندارانە لە تورکیا شەهید بوون و دەڵێت "من هەموویان نازانم، بەڵام ئاگادارم 5 لەوانە کە شەهیدبوونە پلەدار بوون".

ئەو ئەفسەرە ئاشکرای کرد "80%ی پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕی داعش، خەڵکی شاری دهۆکن، تەنیا لە شاری دهۆک 140 بریندار ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراون، زۆربەشیان ڕەوانەی تورکیا کراون".

سەبارەت بەوەی دەگوترێت جیاوازی لە نێوان ناردنی پێشمەرگە بریندارەکان دەکرێت بۆ دەرەوە. ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەو زانیاریانەی ڕەتکردنەوە و گوتی "ئێمە جیاوازی لە نێوان هیچ پێشمەرگەیەکدا ناکەین، جا لە هەر پلەیەکدا بێت و سەر بە هەر لایەنێک بێت، ئەوەی پێویست بکات ڕەوانەی دەرەوەی دەکەین، تەنانەت پێشمەرگەی خۆبەخش کە بریندار بووە بۆ چارەسەری ناردوومانەتە ئەڵمانیا".

# پێشمەرگە پێشوازی لە خۆبەخشە ڕۆژئاواییەکان ناکەن

**کامپێل ماکدیارمێد**
**ڕووداو- هەولێر**

کاربەدەستانی وەزارەتی پێشمەرگە قایل نابن هاووڵاتیانی بیانی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن لە شەڕی دژی داعشدا. ئەوان دەڵێن "هێزی پێشمەرگە پێویستی بە چەکە نەک سەرباز".

کاربەدەستانی پێشمەرگە هەروەها ئاماژە بە هۆکاری دیکەی وەکو سەلامەتیی گیانی خۆبەخشانی بیانی دەکەن و دەڵێن ناکرێت خەڵکانی بیانی بنێرینە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ.

هەڵگورد حیکمەت، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت، چونکە کاری لەو شێوەیە "یاسایی نییە. پێشمەرگە هێزێکی شەرکەری پرۆفیشناڵە" هەڵگورد دەڵێت یاسای کوردستان ڕێگە نادات کەسانی بیانی لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا بن.

هەروەها ئاشکرای کرد کە ئەوان ڕێگەیان بە چەند کەسێکی ڕۆژئاوایی نەداوە پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکەن ئەگەرچی حەزی شەڕکردن لەدژی داعش و سەرکێشی پاڵینابوون بۆئەوەی بێنە کوردستان.

هەڵگورد گێڕایەوە "هەفتەی ڕابردوو پیاوێکی ئەمریکی هاتە ئێرە و دەیویست ببێتە خۆبەخش، بەڵام من نەمتوانی لەو ڕووەوە یارمەتی بدەم. ڕاستە ئەوان خۆبەخشن، بەڵام ئێمە دەبێت گەرەنتی ژیانیان بکەین و ئەوەش لە توانای ئێمەدا نییە".

لە ڕابردوودا چەند خۆبەخشێکی ڕۆژئاوایی بەشداری شەڕەکانیان کردووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کوردستان هانی ئەو جۆرە کارە نادەن. لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014 (ڕووداو) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دیلۆن هیلەری کەنەدی سازکرد و باسی لە ئەزموونی ئەو پێشمەرگەیە کرد لە بەرەکانی شەڕدا لە ناوچەی تەللوەردی نزیک کەرکووک. ئەو کات هیلەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەنیازە تا ساڵێک لێرە بمێنێتەوە.



( فۆتۆ: AFP )

بەڵام هیلەر و خۆبەخشێکی دیکەی ئەمریکی لە مانگی یەکی ئەمساڵ کوردستانیان بەجێهێشت. هیلەری تەمەن 26 ساڵ بە میدیاکانی کەنەدای ڕاگەیاند کە ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان فشاریان خستووەتە سەر فەرماندەکانی پێشمەرگە تاوەکو خۆبەخشە بیانییەکان لە ڕیزەکانی شەڕ بگەڕێننەوە.

"من ئامادە نەبووم بچم لە ڕیزی پشتەوە دانیشم و پاسەوانی بکەم". هیلەر بە ڕۆژنامەی ناشناڵ پۆستی کەنەدی ڕاگەیاند "من بۆ ئەوە نەچووبوومە ئەوێ، لەبەرئەوە بڕیارمان دا بگەڕێینەوە".

هیلەر کە پێشتر لە ڕیزی سوپای کەنەدا سەرباز بووە و کوڕی یەکێک لە سیاسەتمەدارەکانی کەنەدایە، ناوبانگێکی باشی بۆ دروستبوو بەهۆی پەیوەندیکردنی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لە کەنەدا وەکو "پێشمەرگە کەنەدییەکە" دەناسرێت.

هەڵگورد دەڵێت سیاسەتی پێشمەرگە هەمیشە ئەوە بووە کە ڕێگە بە خۆبەخشەکان نەدات بچنە ڕیزی پێشەوەی شەڕ. ئەو هەروەها نکۆڵی لەوە کرد کە فشاری ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان کاری کردبێتە سەر بڕیارەکەیان. ئەو هەروەها گوتی کێشەی ئێمە لە شەڕی دژی داعش، کەمیی سەرباز نییە.

"ئێمە پشتگیری پێویستمان بۆ هێزی پێشمەرگە نییە تاوەکو پێشڕەوی بکەن". هەروەها ئەو داواکارییەی کاربەدەستانی کوردستانی دووبارە کردەوە "پێشمەرگە پێویستی بە چەکی قورسی زیاترە، پێویستە ئەو چەکانە ڕاستەوخۆ بنێردرێن، لە بری ئەوەی کە لە ڕێگەی بەغداوە بنێردرێن". هەولێر، بەغدا بەوە تۆمەتبار دەکات کە ناردنی چەکەکان دوا دەخات، یان هەر نایاننێرێت.

گرووپێک لە ئەمریکای باکوور کە دروست بووبوو بۆ ئەوەی کەسانی وەکو هیلەر بنێرێت بۆ پەیوەندیکردن بە هێزەکانی پێشمەرگەوە، ئێستا ئامانجی کارەکانی گۆڕیوە بۆ دابینکردنی هاوکاریی مەشق و ڕاهێنان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

سەربازێکی پێشووتری کەنەدی بەناوی ئیان برابێری، ڕێکخراوێکی ناحکومی بەناوی یەکەم هێزی گەڕۆکی ئەمریکای باکوور (First North American Expeditionary Force) لە کەنەدا تۆمار کردووە و دەڵێت "هێزەکانی پێشمەرگە هێشتا پێویستیان بە پێشکەوتنی تەکنیکی و دامەزراوەیی هەیە".

"چوونی خۆبەخش بەشێوەیەکی نارێکخراو ئەو پێداویستییە پڕ ناکاتەوە" برادبێری دەڵێت "هەندێکجار تەنانەت بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، لەبەرئەوەی پێویستە هێزێک بۆ پارێزگاریکردنی ئەو خۆبەخشانە تەرخان بکرێ".

ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی خۆبەخشان لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی خۆبەخشە ڕۆژئاواییەکان ڕوو لە پەیوەندیکردن بە هێزەکانی ڕۆژئاڤاوە بکەن لە سووریا.

"دۆخی ڕۆژئاڤا و سووریا جیاوازە. یەپەگە هێزێکی ڕێکخراو نییە". هەڵگورد دەربارەی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل کە باڵی سەربازیی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)یە، وا دەڵێت.

گرووپێکی فەیسبووک بە ناوی "شێرەکانی ڕۆژئاڤا" هاوکاری بیانییەکان دەکات تاوەکو پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەپەگەوە بکەن.

پیاوێکی ئەمریکی کە پێشتر لە ڕیزەکانی یەپەگەدا شەڕی کردووە، دەڵێت تاوەکو ئێستا نزیکەی 25 چەکداری بیانی لە ڕیزەکانی یەپەگەدا لە ڕۆژئاڤای کوردستان شەڕدەکەن. ئەو پیاوە کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێت، ڕایگەیاند کە ئەو بە نیازە بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، بەڵام زۆر خۆبەخشی دیکە پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەپەگەوە دەکەن.

هێزەکانی پێشمەرگە هێشتا لە ناوخۆدا دووبەرەن و لە نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دابەش بوون. دەگوترێت تاکو ئێستاش چەند خۆبەخشێکی ڕۆژئاوایی لەگەڵ یەکەکانی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نزیک کەرکووک لە بەرەکانی شەڕدان، ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (pukmedia) لە ماوەی ڕابردوودا وێنەی خۆبەخشێکی کازاخستانیی بڵاوکردەوە کە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو لە کەرکووک.

## محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان:

# دەبێ لە کوردستان باری نائاسایی ڕابگەیەنین



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان زیاتر لە 8 مانگە لە کەرکووکە و سەرکردایەتی یەکێک لە میحوەرەکانی شەڕ دەکات. ئەو دەڵێ لە دوای راپەڕینەوە هەرجارێک هەستی کردبێت مەترسیی لەسەر کەرکووک هەیە، خۆی گەیاندووەتە ئەوێ. ئەو کە لە کوردستان زۆرتر بە کاکە حەمە ناوی دەهێنرێت، دەڵێ بەهۆی شەڕی داعشەوە پێویستە لە کوردستان "باری نائاسایی" رابگەیەنرێت. کاکە حەمە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی شەهیدبوونی عەتای کوڕی و ئەزموونی پێشمەرگە لە شەڕی داعش دەکات و دەڵێت "پێشمەرگە دێرینەکان لەو شەڕەدا پشوودرێژتر و خۆڕاگرترن".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

## کاک مەسعود پێیگوتم دەبێ من یان تۆ یەکێکمان لەکەرکووک بین

**ڕووداو: هەموو میحوەرەکانی شەڕ بەرپرسێکی باڵای حیزبی سەرپەرشتی دەکات، واتە ئەوانەی پێشمەرگەی کۆنن و ئەزموونی شەڕی پارتیزانی و شاخیان هەیە، ئایا ئەو ئەزموونە بۆ شەڕی چەکدارانی داعش سوودی هەبووە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بێگومان سەرکردەکانی شاخ، کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە شێوازی شەڕکردنیان هەیە بۆ هەموو شەڕێک سوودی لێدەبینرێ، نەک تەنیا شەڕی داعش.

**ڕووداو: ئەوە لە بەرەکانی شەڕ ڕەنگی داوەتەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** هەر یەکێک لەو سەرکردانە بۆخۆی ئەزموونێکی درێژی هەیە. پشوودرێژتر و خۆڕاگرترن لەکاتی هێرش و هێرشی پێچەوانەدا. یان دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە بکەن کە لەگەڵیانن. پێشمەرگە دێرینەکان بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە دەزانن چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان هێزێکی گەنجیان لەگەڵە و باشتر لە گەنجەکانیش دوژمنەکە دەناسن.

**ڕووداو: بە پلان و بەرنامەی وەزارەتی پێشمەرگە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو ئەو سەرکردانە بچنە میحوەرەکانەوە، یان مەسەلەکە ئەو دابەشبوونەیە کە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** راستە نیو بەنیوەکە هەیە، بەڵام پەنابردن بۆ پێشمەرگە کۆنەکان بۆخۆی قسەیەکی دیکەیە. من کاتی خۆی کە چوومە قەرەتەپە و تەقینەوەیەک روویدابوو، ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین شەهید ببوون، بینیم هەندێک قاچی دەستکرد کەوتبوون کە هی پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندام بوون. مانای وایە ئەو شەڕە ئەزموونی پێویستە و ئێمە سوودمان بینیوە لە ئەزموونی پێشمەرگایەتی شاخ. ئەو هێزە نوێیە راهێنانی نەبینیوە و ئامادە نەکراوە بۆ شەڕی درێژخایەن. ئەزموونی 30 ساڵ شەڕکردن کەم نییە. ئەو ئەندام مەکتەب سیاسییانەی تۆ دەیانبینی لەوێ، کاتی خۆی لە شاخ سەرپەل و سەرلق بوون.

**ڕووداو: کەواتە دانانی ئەوان لەوێ بە پلانە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** نەخێر پلان نییە، کاتێک ناوچەیەک مەترسی دەکەوێتە سەر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بیری کردووەتەوە کێ باشە، حەمیدە فەندی و کاک فازڵ میرانی و زەعیم عەلی ناردووە، یان یەکێتی مەحموود سەنگاوی و شێخ جەعفەر و مستەفا چاوڕەشی ناردووە.

**ڕووداو: ئەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لەتۆ کرد بڕۆی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** کاتێک داعش پەلاماری شنگال و زوممار و قەرەتەپە و مەخموور دەدات، ئامانجە سەرەکییەکەی کەرکووکە. داعش کە پەلاماری قەرەتەپە دەدات، مەبەستێتی بڕواتە پشتی دوز و لەوێوە بێتەوە بۆ داقووق و لەولاوە بێتە کەرکووک. یان کە پەلاماری گوێڕ دەدات، دەیەوێ بێتە سەرگەڕان و لەوێوە بێتە بای حەسەن و ئینجا نزیک بێتەوە لە کەرکووک، واتە ئەسڵی مەسەلەکە کەرکووکە. من ساڵی 1991 لە کەرکووک بریندار بووم، دیسان لەکاتی دروستکردنی هێزی دیجلە چوومە کەرکووک و لەوێ مامەوە. ئەوکات زانیاریم هەبوو وەزارەتی پێشمەرگە پێیان خۆش نەبوو کە من چووبووم. دوای ئەوەی داعش جوڵا، من هێزێکم کۆکردەوە و چوومەوە بۆ کەرکووک و دەمزانی مەترسی گەورە نزیکە لە کەرکووکەوە. ئەوەبوو دواتر کاک مەسعود تەلەفۆنی کرد و گوتی دۆخی کەرکووک لە مەترسیدایە. کاک مەسعود پێیگوتم دەبێت من یان تۆ یەکێکمان لە کەرکووک بین، چونکە کەرکووک هێز و پشتیوانی زۆری دەوێ. من هەروەک واجبێکی نەتەوەیی خۆم ئامادە کردبوو بچم.

**ڕووداو: هەموو تیرەکانی داعش ڕووە و کەرکووکن، ئێستا هەستناکەی دووجار مەترسی ئاڵاوەتە کەرکووک، داعش لەلایەک و حەشدی شەعبیش هاتوونەتە بەردەرگای ئەو شارە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** کەرکووک لەو بازنەیە دەرچووە کە بڵێی تەنیا خەڵکی کوردستان خاوەنە راستەقینەکەیەتی، کە باسی ئەو شارە دەکەیت زۆر لایەنی دیکە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. بەغدا و هەموو وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران و تەنانەت ئەمریکاش دێنە سەرهێڵ و قسە دەکەن، بەڵام چەندە مەترسی هەیە لەسەری ئەوەندەش چاودێریی لەسەرە، نەوەک بکەوێتە دەست لایەک، دەیانەوێ لانیکەم لەدەستە ئەمینەکەدا بێت. بۆیە ئێستا بۆچوونێک دروستبووە کە دەستە ئەمینەکە کوردە.

**ڕووداو: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دان بەوەدا نراوە کە دەستە ئەمینەکە بۆ پاراستنی کەرکووک، کوردە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** ئەگەر ئەمریکا دانی پێدانەنابێ، فڕۆکە نانێرێ بۆئەوەی مەترسی لەسەر کەرکووک دووربخاتەوە کە دەزانێ پێشمەرگە دەیپارێزێ. ئەڵمانیا چەکێک نانێرێ لە کەرکووک دایبنێ. ئێران بەهەمانشێوە، بەڵام دەرکەوت عەبادی حاکمی هەموو عێراق نییە و ئێستا روونە دوو هێندەی جوگرافیای لوبنان لە خاکی عێراق بەدەست داعشەوەیە.

تۆ سەیربکە، ئەگەر بچی بۆ بەغدا دەبێ بە فڕۆکە بچی، داعش هەموو رێگاکانی گرتووە و رێگایەکی ئەمین لەنێوان ناوچەی کوردستان و شیعەی عێراقدا نەماوە. کورد پێشمەرگەی هەیە و لە ناوچەی سوننە داعش هەیە، لە ناوچەی شیعەش حەشدی شەعبی شەڕدەکات، یەک پەرلەمانتاری شیعە و سوننە لەناوچەی کوردستان دەرنەچووە، لەناوچەی شیعە یەک پەرلەمانتاری کورد و سوننە دەرنەچووە، هەروا لەناوچەی سوننە یەک پەرلەمانتاری کورد و شیعە دەرنەچووە، دەسەڵاتی سیاسی کە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان هەریەک و بەدەست لایەکەوەیە. تەنیا شتێکی هاوبەش کە هەبوو لە عێراقدا سوپای عێراق بوو ئەویش نەما و جیابوونەوە، ئێستا هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان کورد و عەرەب و شیعە نەماوە و ئەو وڵاتە بە کردەیی دابەش بووە.

**ڕووداو: کورد لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی جەلەولا و سەعدیە دەترسێ کە ناهێڵێ حەشدی شەعبی بچێتە کەرکووک؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** تاوەکو ئێستا حەشدی شەعبی داوای نەکردووە بێتە کەرکووک، ئیدی نازانم لەگەڵ حیزبێک یان کەسێک باسیان کردبێ. هەر هێزێک دژی داعش بێ، هاوکاری دەکەین و سوپاسیشی دەکەین، بەڵام ئەوان دەتوانن لەلایەکی دیکەوە شەڕی خۆیان بکەن و نەیەنە ناو کەرکووک؟

**ڕووداو: ئەولایە کوێیە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** دەتوانێ بڕوات بۆ ئامرلی و لەوێوە بچێت حەویجە و ڕەشاد ئازاد بکات، ئێستا ئەوان لە دەوروبەری کەرکووک 4 سەربازگەیان داناوە و راهێنان دەکەن. چونکە ئەو ناوچەیە ئارامترە بۆ ئەوان. ئێستا ئەوان زیاتر کار بۆ ئەوە دەکەن رێگای بەغدا و تکریت و خورماتوو بکەنەوە. باشە بۆ ناچن مووسڵ و ئەنبار ئازاد بکەن؟

**ڕووداو: تۆ شەڕی سەددام حوسێن و داعشیشت کرد، جیاوازیی شەڕی نێوان داعش و سوپای سەددام حوسێن چییە؟**

## حەشدی شەعبی نەیانگوتووە دێینە ناو کەرکووک

## بەدیلی داعش بەرێوەیە و شەڕی کورد دەکات

**محەممەدی حاجی مەحموود:** دوو جۆر بەرەی شەڕ هەیە. ئەوەی لە زیاتر لەکازێرێکەوە بۆ چەند مانگ دەخایەنێ ئێمە پێیدەڵێین (شەڕی بەرەیی). یان شەڕێک کە چەند خولەکێک دەخایەنێ و تەواو دەبێ. سەددام حوسێن سوپایەکی رێکخراوی پڕ چەک و پۆشتەو پەرداخی هەبوو. سوپایەک کە خاوەنی نوێترین چەک و فڕۆکە بوو، ئەو سوپایە بەرامبەر 80 ملیۆن ئێرانی 8 ساڵ شەڕی کرد. داعش ئەوانەی سوپای عێراقی نییە، بەڵام هێزێکی خۆکوژە.

جیاوازییەکی دیکە هەیە، کاتی خۆی پێشمەرگە 5%یان ژن و منداڵیان هەبوو، تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە چۆن دوژمن بشکێنن و شەڕەکە ببەنەوە، بەڵام ئێستا زۆربەی پێشمەرگەکان خێزاندارن و بیر لەوەش دەکەنەوە کە منداڵەکانیان بژین.

**ڕووداو: لەنێو چەکدارانی داعش، عەرەب و بیانییەکان کامیان باشتر و ڕاهێنراوتر شەڕ دەکەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بیانییە شەڕکەرەکانی نێو داعش کەمن، ئەوانەی زیاتر شەڕ دەکەن عەرەبەکانن. بیانییەکە تەنیا واتێگەیێندراوە کە شەڕی دین و مەزهەب دەکات، بەڵام عەرەبەکە شەڕی خاک و قەناعەت و ئایندەی نەوەکانی خۆی دەکات لەو ناوچەیە، بۆیە شەڕی عەرەبەکان سەختترە لەوەی بیانییەکان، ئێمە ناوچە عەرەبییەکان بەخاکی وڵاتێکی دیکە دەزانین و کوڕی خۆمانی بۆ بەکوشت نادەین.

## ناوچە عەرەبیەکان بە خاکی وڵاتێکی دیکە دەزانین و کوڕی خۆمانی بۆ بە کوشت نادەین

**ڕووداو: نزیکەی مانگێکە کورد لە هیچ میحوەرێکەوە هێرشی نەکردووە، بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بەرنامەی کاری سەربازی هەندێک وردەکاریی تێدایە ناکرێ راگەیاندن باسی بکات و ئاشکرا بکرێت. بەڵام تۆ پێش ئەوەی هەر هێرشێک بکەیت، کۆمەڵێک بابەتی گرنگ هەیە لێیدەکۆڵیتەوە و تاوتوێی دەکەیت. چەند هێز و چەک و ئامێری وەک شۆفڵ و حەفارە و گەڵابە و خواردن و جلوبەرگی سەربازی و هێزی پشتیوانی و ئەوانەت پێویستە. هەر ناوچەیەک دەگریت، دەبێ پێشتر بە وردی لێی بکۆڵیتەوە کە چەندە سوودی لێدەبینی؟ دواتر چۆن دەیپارێزی؟ هەروەها هەر هێرشێک کە پێشمەرگە دەیکات پارەی پێویستە. هەروەها رێکخستن و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ بۆردومانی فڕۆکەکان پێویستە.

**ڕووداو: ئەی ڕۆڵی کەشوهەوا؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من هەموو جارێک گوتوومە، دەبێ پێش ئەوەی گەرما بە تینەکەی هاوین دەستپێبکات، پێشمەرگە هەموو ناوچەکانی خۆی گرتبێتەوە.

**ڕووداو: با باسی ئەو ئێوارەیە بکەین کە عەتای کوڕت شەهید بوو، ئەو ڤیدیۆیەی بڵاوبووەوە و بە دەست هێما بۆ عەتای کوڕت دەکەیت کە وریای خۆی بێت، هەستت کردبوو شتێک ڕوودەدات؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** داعش هێرشی کردبوو تەللوەردی گرتبوو کە مەترسی بوو بۆ کەرکووک و نەدەکرا نەیگرینەوە. زۆربەی هێزەکان چاوەڕوانی فڕۆکەیان دەکرد، یەکەم هێرش بوو بەبێ پشتیوانیی فڕۆکە هێرشمان کرد، زۆریان پێگوتم چاوەڕێی فڕۆکە بکەین، بەڵام من دەمزانی مانەوەی داعش لەناو تەللوەرد زۆر خراپە بۆ کەرکووک، ئێوارە بوو دونیا تاریک دەبوو، دەستمان بە هێرش کرد، بەردەوام چاوم لەسەر هەموو پێشمەرگەیەک بوو بە عەتاشەوە، باجەکەی گەورە بوو چونکە زۆر شەهیدمان دا، بەڵام سەرکەوتنەکەش گەورە بوو، چونکە ناوچەکەمان بەبێ پشتیوانیی فڕۆکە ڕزگارکردەوە، بێگومان هەستم کردبوو شتێک ڕوودەدات، چونکە گوتم لەوانەشە فڕۆکەکان دواتر بە هەڵە بۆردومانی ئێمە بکەن، من بەتەما نەبووم خۆشم بە سەلامەتی بمێنمەوە.

## ئەو ئێوارەیەی عەتا شەهید بوو وامدانابوو خۆشم بە زیندوویی نەگەڕێمەوە

## سەرکردەکانی شاخ لە شەڕی داعشدا پشوودرێژتر و خۆڕاگرترن

## بۆچوونێک دروستبووە کە کەرکووک لە دەستی کورددا بێت

**ڕووداو: پێشمەرگە شارەزای پلان و شەڕی داعش بووە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** باشتر بووە لە جاران، ئەگەر باشتر شارەزای بەرەکانی شەڕ بین شەهیدمان کەمتر دەبێ. من هەستمکردووە لە زۆربەی بەرەکان دوژمن بە کەم دەبینن، بۆیە شەهیدمان زۆر دەبێ. چەکی قورسیش کاریگەری هەیە، هەرچەندە ئێمە لە کەرکووک تاوەکو ئێستا دوو جار چەکی میلانمان بەکارهێناوە.

**ڕووداو: کورد بە خوێن جەلەولای ئازاد کرد و حەشدی شەعبی هاتنە نێوییەوە، بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** جەلەولا بەدەست پێشمەرگەوەیە، راستە حەشدی شەعبیش هاتوونەتە ناوی. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە دەرفەت بەوانە نەدەن بگەڕێنەوە جەلەولا کە ئەو ساڵانە دژی کورد بوون. پێموایە لەمەدا حەشدی شەعبیش هاوڕان لەگەڵ کورد. جەلەولا جیاوازییەکەی لەگەڵ کەرکووک ئەوەیە وێڕای بەعەرەبکردنی، هێشتا زەوی و خانووەکانی بەناوی کوردەوە ماون، لەڕووی سەربازی و ستراتیژیشەوە دەبێ بەدەست کوردەوە بێ، تاوەکو خانەقین و کەلار و کفری بە ئارامی بمێننەوە.

**ڕووداو: کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان بەدڵی کورد نین و لە دەرەوەی کۆنفرانسەکان باسی ئازایەتی پێشمەرگە دەکەن، بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** ئێستا پلانێکی نوێ بەرێوەیە لەنێوان ئەمریکا و تورکیا. کاتی خۆی ئەمریکا و سعودیە و پاکستان، دژی سۆڤیەتی جاران قاعیدەیان دروستکرد، قاعیدە تالیبانی لێکەوتەوە و دواتر داعش و نوسرەی لێکەوتەوە و وەک مارەکەی شێخ عومەر پێچایانەوە ملی خۆیان. نوسرە و داعشیان لێ جیاکردەوە تاوەکو قاعیدە لاواز بکەن، وا ئێستا داعش بووەتە بەڵایەک بۆیان.

ئێستا ئەمریکا و تورکیا دەیانەوێ پاسەوانی نیشتیمانی بۆ سوننە دروستبکەن و بیکەنە بەدیلی داعش. واتە ئیسلامێکی میانڕەو بۆ بەدیلی داعش دروستدەکەن و ئەمریکا و تورکیا لەسەری ڕێککەوتوون. بەدیلی داعش بەرێوەیە و بێگومان ئەوانیش هەر شەڕ لەگەڵ کورد دەکەن. من بڕوام وایە ئەمریکا کە چەند جارێکە کورد فەرامۆشدەکات، پەیوەندی بە بەرنامە تازەکەیەوە هەیە بۆ سوننەکان.

## داعش لە هەر میحوەرێکەوە هێرش بکات مەبەستە سەرەکییەکەی کەرکووکە

**ڕووداو: حکومەتەکەی کوردستانیش بارودۆخی باش نییە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من تێناگەم بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوا دانیشتووە؟ ئەوە 8 مانگە شەڕە، بۆچی حکومەت باری نائاسایی راناگەیەنێ؟ دەبوو 8 مانگ لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان باری نائاسایی رابگەیەنێت. لە فەرەنسا 2 کەس کوژران وڵاتێکی چەند ملیۆن کەسی بەو سوپا زەبەلاحەیەوە باری نائاسایی راگەیاند، ئێمە ماوەی 8 مانگە لەگەڵ دەوڵەتێک شەڕ دەکەین و باری نائاسایی ڕانەگەیەنراوە.

کە حکومەت باری نائاسایی ڕانەگەیاند، مامۆستا دێتە سەرجادە و داوای مووچە دەکات، خەڵک دەڕوات لەو شاخ و داخە گۆشت دەبرژێنێ و سەیران دەکات، کە تۆ باری نائاساییت رانەگەیاند، خەڵک داوای خزمەتگوزاری دەکات. لانیکەم بۆ لە کەرکووک و خانەقین و شنگال باری نائاسایی راناگەیەنێ؟

کاکە من دەمەوێ هێزێک بەپەلە ببەمە کەرکووک و شەقامەکان بە ئۆتۆمبیلی خەڵک قەرەباڵخە و ڕێگە نییە، ئێ کاکە من لەشەڕدام و وڵاتەکە مەترسی لەسەرە و دەبێ زوو بگەمە ئەوێ، بۆ باری نائاسایی راناگەیەنێ! کە ئەوەت نەکرد، خەڵک داوای مووچە و سەیران و گەشتیاری و ئەوانەت لێدەکەن. ڕۆژانە چەندین فڕۆکە لەم وڵاتەوە خەڵک بۆ سەفەر و گەشتیاری دەبەن، بەرپرس و پەرلەمانتار دەڕۆنە دەرەوە، چۆن وادەبێ؟ ئەم وڵاتە لە باری نائاساییدایە کاکە؟ کە هەر ئەوەش ناکەن، با وەزارەتی پێشمەرگە و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ باری نائاسایی بۆخۆیان رابگەیەنن؟ هەروەها پێویستە هەر میحوەرێک ژووری عەمەلیاتی هەبێ.

**ڕووداو: ئێستا دەگوترێ فڕۆکەش هەن خواردن و چەک و چەکدار بۆ داعش دەگوازنەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** گومانێکی زۆرمان هەیە، ئەم فڕۆکانەی دێن و بەئاسمانی داعشدا دەنیشنەوە و چەکیان بۆ فڕێ دەدەنە خوارەوە و چۆن بیانەوێ دێن و دەچن، جێگای پرسیارە و دەمانەوێ بزانین ئەم فڕۆکانە چین؟ لە کوێوە دێن و کێ دەیاننێرێ؟ یان چۆن دەبێ تاوەکو ئێستا هیچ وڵاتێک و هیچ لایەنێک قسە ناکات لەم بارەیەوە؟

پێشتر عێراق گوتیان داعش فڕۆکەی هەیە، باشە ئەگەر فڕۆکەیان هەیە ئەم هەموو وڵاتەی لەنێو هاوپەیمانی داعشدان ناتوانن هەلیکۆپتەرێک بخەنە خوارەوە کە لە رەققەوە چەک و چەکدار دەهێنێت و ئەو هەموو کیلۆمەترە بەئاسماندا دەبڕێ و لە نزیک کەرکووک دەنیشێتەوە؟ بۆ ناتوانن بیخەنە خوارەوە؟ ئەوە گومانی زۆری لای ئێمە دروستکردووە و دەمانەوێ بزانین ئەمە چییە؟ من پێموایە ئەو فڕۆکانە عێراقین یان ئەمریکین.

خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# ئاساییە لە حیزبێکدا کار بکەم مستەفا هیجری سکرتێری بێت

مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

# دووکەرتبوونی حیزب لەسەر کورسی و بەرژەوەندیی کەسی بوو

هەشــت ســاڵ لەمەوبەر، هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێران (حــدکا)، لە کۆنگــرەی 13ەوە دوولەت بوون، هەردووکیان لەو ماوەیەدا دوو کۆنگرەیان بەســتووە، ئێستا هەردوولا بەو ئومێدە دانوســتاندن و گفتوگۆ دەکــەن کە بەر لە کۆنگرەی 16 یەک بگرنەوە و بە یەک ناو بچنە کۆنگرەوە. مســتەفا هیجری ســکرتێری حــدکا دەڵێت دەبێ لە ژێر نــاوی (حدکا) لەگەڵ "هاوڕێیانی پێشــوو" بچنە کۆنگرە، بەڵام لایەنی بەرامبەر ئەوەیان قبوڵ نییە. خالید عەزیزی سکرتێری حدک دەڵێت "ئەگەر قبوڵیان نییە بە نــاوی حدک بچینە کۆنگرە، ئەوا دەبێت بەناوی هــەردوو حیزبی دیموکــرات، یان دوو باڵەکــەی دیموکرات، یانیش دیموکراتەکان دانوستاندن بکەین و خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە".

**هەڤپەیڤین: هێمن عەبدوڵڵا**



## حدک سکرتێری سێبەری نییە

**ڕووداو: لەو ڕۆژەی دیموکراتەکان لە یەکدی جیابوونەتــەوە، زۆر پێداگیــری دەکــرێ یەک بگرنەوە، بۆچی؟**

**خالید عەزیــزی:** دیموکراتەکان ســەرەڕای لەتبوون و جیابوونەوەیان، یەک رابردوو، یەک پێناسەیان هەیە، لە شەهیدەکانیان هاوبەشن. زۆر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قوربانییان لە نێو ئەو حیزبە داوە، بۆیە چاوەڕوانییان لەو حیزبــە هەیە کــە زەمانێک ڕێبــەری دەکردن لەنێوخۆی وڵاتدا، ببێتە یەک.

**ڕووداو: مــادام هێندە گرنگە یەک بگرنەوە، بۆچی یەک ناگرنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** لێکدابڕان و جیابوونەوە زۆر ئاســانە، بەڵام یەکگرتنــەوە زۆر زەحمەتترە، ئــەوە پرســیاری خەڵکی نێوخۆی وڵاتیشــە. بەخۆشیشەوە فشــاری ئەندامانی هەردوولامان لەسەرە، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت چۆن یەک بگرینەوە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ 8 ساڵی پێشوو زۆر چووینەتە پێشەوە، لەگەڵ یەکدی دادەنیشین، پەیوەندیمان ئاسایی بووەتەوە.

**ڕووداو: لە چ قۆناغێکی گفتوگۆدان؟**

**خالید عەزیزی:** لەدوایین دانیشــتی هەردوو دەفتەری سیاســی، زۆر بە راشــکاوی باســی کێشــەکانمان کــرد، باســی ئــەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەمان کرد کە ئەگەر یەکمانگرتەوە.

**ڕووداو: مســتەفا هیجری، سکرتێری حدکا، بــە ئێــوە دەڵێــت هاوڕێیانی پێشــوو، وەکو جۆرێــک لە دانپێدانەنان بە حــدک، ئایا ئەمە ڕێگر نابێت لەبەردەم یەکگرتنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوان پێویستیان بەوە نییە ئێمە ئیعتیراف بەناویان بکەین، ئێمە بەڕێزەوە نــاوی ئەوانمان هێناوە. ئێمە بــۆ خۆمان ئەو ناوەمــان هەڵبــژاردووە و بەشــێک لە مێژووی ئەوانیشــە. ئێســتا دوو دانە حیزبی دیموکرات لــە ئەمــری واقیعدا هەن، بەڵام بــۆ ئەوەی لە داهاتوودا یەکگرتنەوەیەکی ســەرکەوتوو بێت، هەمــوو لایەک خــۆی تێدا ببینێتــەوە، میوان و خانەخــوێ نەبێت. دەبێ ئەوەمــان لا روون بێــت وەکو کێ مزاکەرە لەگەڵ یەکدی دەکەین و بــەرەو کۆنگرەیەکــی هاوبــەش دەچین. لە ڕوانگــەی ئێمــەوە بەکارهێنانی دەســتەواژەی هاوڕێیانی پێشوو دروست نییە.

**ڕووداو: لــە کۆبوونەوەکانتــان حەتمــەن ڕەشنووسێکتان نووسیوە، لەوێ ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان نووسیوە؟**

**خالیــد عەزیزی:** ئێمە تاوەکو ئێســتا هیچ ڕێکەوتنێکمان نەکردووە کە وازۆی هەردوولای لەســەر بێت. هەر کاتێک گەیشتینە ڕێکەوتن قسە لەسەر ئەو بابەتەش دەکەین.

**ڕووداو: ئەگــەر لایەنی بەرامبەر ســوور بوو لەســەر ناونەهێنانتــان لەکاتــی گفتوگۆکاندا، ئێــوەش ئەوەتــان قبوڵ نەکرد، هەســت بەوە ناکــەن کە لەمپەر دروســت دەکــەن بۆئەوەی دانوستاندنەکان سەرنەگرن؟**

**خالیدی عەزیزی:** ئێمە لە دوایین دانیشتندا بــە ڕاشــکاوی پێمانگوتــن میکانیزمــی ئێمە بــۆ یەکگرتنــەوە ئەوەیــە وەکــو دوو حیزبی دیموکرات دانوســتاندن دەکەیــن، بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردەوە. گوتیان میکانیزمی ئێمە بۆ گفتوگۆ لەســەر بنەمای کۆنگــرەی 13یە. ئێمــە گوتمــان لاریمان لــەوە نییە، بــەڵام با چارەسەرێک بدۆزینەوە کە ئەگەر گەڵاڵەنامەی ئێمەتــان قبــوڵ نییــە، با لــە هەندێک خاڵی هاوبەش بگەڕێین. ئێمە پێشنیازمان کرد ئەگەر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردســتان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لەسەرنەبێت، بــا بڵێیــن دیموکراتــەکان، با بڵێیــن هەردوو باڵی دیموکــرات، واتە میکانیزمێک ببینینەوە هەردوولا خۆی تێدا ببیننەوە.

**ڕووداو: هــۆکاری دوولەتبوونــی دیموکرات لە کۆنگرەی 13دا فیکری بوو، یان کورســی و دەسەڵات بوو؟**

**خالید عەزیزی:** زۆر بە ڕاشکاوی هۆکارەکە لەســەر ئیدارەی حیزب بوو، هیچ کێشــەیەکی فیکری و سیاسی و ستراتیژی و بەرنامەییمان نەبوو.

**ڕووداو: میکانیزمی جددی چییە کە حیزبی دیموکرات دوای یەکگرتنــەوەی جارێکی دیکە دوولەت نەبێتەوە؟**

**خالید عەزیزی:** باشــترین شێوەکار ئەوەیە کە ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشــمان بە یەکەوە زۆر بێت، لێکیبدەینەوە کە ئێمە لەو لەتبوونە زەرەرێکــی زۆرمان کــردووە. دەبێت هەردوولا ڕعایەتــی یەکدی بکــەن، مێژووی هاوبەشــی ئەو هەشت ساڵەی لە یەکدی جیابووینەتەوە، تەوافوقمان لەسەری هەبێت.

**ڕووداو: لێکچوونێکــی زۆر لە نێوان هەردوو حیزبدا هەیە، بەڵام ئێمە لە ڕابردوودا شایەتی دوو تێڕوانینــی جیــاواز بوویــن لــە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە لەگەڵ بایکۆتی هەڵبــژاردن نەبــوون، حدکا لەگەڵــی بوو، لە مەسەلەی دانوستاندنیش ئێوە لەگەڵی بوون، بــەڵام لایەنــی بەرامبەرتــان لەگەڵــی نەبوو؟ هەســت ناکەن ئەوانە خاڵی جەوهەرین کە زۆر بەئاسانی ناتوانن لەسەری پێکبێن؟**

**خالیــد عەزیزی:** من ئەوانە بە ڕێگر نابینم، تەنانــەت هەردوولاشــمان کــە دانیشــتووین و لەســەر ئەمانــە قســەمان دەکــرد، بۆچوونی سیاسی لەسەر هەڵبژاردن لەسەر وتووێژ لەگەڵ ئێــران، ڕێگر نییە. لــە کۆنگرەکانی حیزب لە کۆنفرانسەکان و پلینیۆمەکانی ئێمە ئەو باسانە قەت بقە نەبوون.

**ڕووداو: چ هێڵێکی سوورتان هەیە بۆ لایەنی بەرامبەر لەکاتی گفتوگۆکان؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە هێڵی سوورمان نییە، تەنیا هێڵێک کە هەمانە ئەوەیە لەو پرۆســەیە هیچ کەسێک مەحروم نەبێت.

**ڕووداو: لــە نێو حدکا دوو ئاراســتە هەیە، یەکێکیان لەگەڵ یەکگرتنەوەیە، یەکێکیشیان دژە، لە نێو ئێوەشدا ئەو دوو ئاراستەیە هەیە؟**

**خالیــد عەزیزی:** بەڵێ هەیە، ئاراســتەیەک لەگەڵیــدا نییــە، نیگەرانــە و پێیانوایــە لایەنــی بەرامبەرمــان نەگــۆڕاون، پێیوایە لەو یەکگرتنەوەیــە لایــەک براوە دەبێــت و لایەک دۆڕاو، بەڵام ئەم شــێوە بیرکردنەوەیە دروست نییە. لە هەردوولا خەڵکانێک هەن لەگەڵ ئەوە نین یەکبگرینەوە.

**ڕووداو: قەت دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوی خۆت لە حیزبێکدا ئیش بکەی مستەفا هیجری سکرتێری ئەو حیزبە بێت؟**

**خالیــد عەزیزی:** بەلامــەوە زۆر ئاســاییە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە حیزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێــران و حیزبــی دیموکراتــی کوردســتان لــە کۆنگرەیەکدا جا لــە ژێر هەر ناوێکدا بێت، یەک بگرنەوە.

**ڕووداو: برادەرانــی حدکا دەڵێن کاک خالید عەزیزی ڕەنگــە بیەوێت یەکگرتنەوە ڕوویدات، بەڵام لە ڕاســتیدا ســکرتێری گشــتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێشتا عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە، نەک خالید عەزیزی؟**

**خالیــد عەزیــزی:** هیــچ ســەیر نییــە ئەو پرســیارە بێتە گۆڕێ، بەڵام ئێمە لە ڕەسمیات کار دەکەیــن. من وەکو ســکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێــردراوم، بــەڵام مــن لەو بــاوەڕەدام بۆ کەسانی وەکو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەســەن شەڕەفی، کاک حەســەن ڕەســتگار و حوسێنی مەدەنی و کاک مســتەفا هیجــری کــە هەمــوو ئەوانە بــە یەکــەوە تەمەنێکیان لە نێو ئــەو حیزبەدا بەســەربردووە، دەبێت ڕێزیان بــۆ دابنێم. جا بۆیە ئەو خوێندنــەوە لە جێگەی خۆیدا نییە. نەخێر بڕیارەکانی حیزب کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی دەیدات.

**ڕووداو: کەواتە کە دەڵێن عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ســکرتێری ســێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانە، ئێوە ڕەتیدەکەنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** بە تەواوی نادروســتە و لە جێی خۆیدا نییە.

**ڕووداو: کێ نێوانگیریتان دەکات؟**

**خالید عەزیزی:** ئێستا پەیوەندیمان خۆشە و کەس نێوانگیریمان نــاکات، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دانیشــتنی هەردوولامان لەسەرەتا بە هەوڵی کونسولی فەرەنسا بوو.

**ڕووداو: دەڵێــن پارتــی و یەکێتــی ڕۆڵیان هەبووە لەو دوولەتبوونە، ئێســتا ڕۆڵیان هەیە لەو یەکگرتنەوەیە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوان نە ڕۆڵیان هەبووە لە دوولەتبوونی ئێمە، نە ئێمەش چاوەڕێ دەکەین ئەوان بێنە نێوانمان.

## ئارەزووم نییە وەکو سکرتێری حیزب بمێنمەوە

**ڕووداو: لــەو ڕۆژەی دیموکراتــەکان لــە یەکــدی جیابوونەتــەوە، زۆر پێداگیــری دەکرێ یەک بگرنەوە، بۆچی؟**

**مســتەفا هیجری:** مەسەلەی یەکگرتنەوە لەگــەڵ لایەنــی بەرامبــەر بووەتــە ڕۆژەڤی خەڵــک، چونکە خەڵــک ڕابردوویەکی تاڵی هەیــە لەگــەڵ جیابوونــەوەکان. ئــەوەش کاریگەرییەکــی خراپــی هەبــووە لەســەر ســایکۆلۆژییەتی خەڵــک، هیــوای خەڵکی ڕووخانــدووە، جیابوونــەوەکان ئومێدیــان نەداوە بە خەڵک. خەڵک یەکڕیزی دەوێت.

ئێمە وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێــران پێمانوایە یەکگرتنــەوە بەهێزترمان دەکات، بۆیــە لە دوایین کۆنگرەدا بڕیارمان دا هەمــوو هەوڵێــک بدرێــت بــۆ ئــەوەی بەشــێوەیەکی ئوســوڵی یــەک بگرینــەوە. دەبێــت یەکگرتنەوەکــە لەســەر بنەمایەک بێت کــە دووبــارە جیابوونەوەی لێ شــین نەبێتەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئەندامانی دیموکرات دەڵێن ئەگــەر یەکیش بگرنەوە، هیــچ گرەنتییەک نییــە کــە جارێکی دیکــە جیانەبنــەوە، چ گرەنتییــەک هەیــە یەکبگرنــەوە و جارێکی دیکە لێکجیابوونەوە ڕوونەدات؟**

**مســتەفا هیجــری:** جیابوونــەوە لەهــەر حیزبێکدا شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەوەی گرنگە هۆیەکانی ئەو جیابوونەوەیە. ئێمەش نیگەرانیــن لەوەی کە جیابوونــەوەی دیکە ببێــت، ئــەو جیابوونەوانــە نیگەرانییەکــی لەلای خەڵک دروســت کــردووە کە دووبارە ڕوونەداتــەوە، بۆیە من مەســەلەکە بە دوو شــێوە دەبینم، یەکــەم: هیــچ گرەنتییەک نییە کــە دووبارە جیابوونەوە نەبێت، بەڵام ئــەوەی بۆ ئێمە گرنگــە ئەوەیە کە دووبارە لەســەر هۆیەکانــی ئــەو جیابوونەوەیــەی دوایــی، جیابوونەوە ڕوونەداتــەوە، چونکە ئــەو هۆکارانــەی بــووە هــۆی ئــەوەی ئەو هاوڕێیانەمــان لــە ئێمــە جیاببنــەوە، هیچ بنەمایەکی تەشکیلاتی و سیاسی نەبوو.

**ڕووداو: کێشەی کورسیتان هەبوو؟**

**مســتەفا هیجــری:** مــن وای دەبینــم کە مەســەلەکە قازانج و بەرژەوەندی گرووپی و بەشێکیشی تاکە کەسی بوو.

**ڕووداو: کــە دەڵێــن کێشــەکە کێشــەی کورســی بــووە، دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو ڕابــردووەی هەتانە، بــۆ نموونە تۆ جێگری ســکرتێری گشتی بووی کە شــەرەفکەندی تیرۆرکــرا، دوای تــۆ مامۆســتا عەبدوڵــڵا حەسەن زادە دەبێتە سکرتێری حیزب، بەڵام جیانابیتــەوە. پێتانوایە عەبدوڵڵا حەســەن زادە، دوای ئــەوەی ســکرتێر نامێنێت، یان ئەوانــەی هاوبیری ئــەون ڕۆڵیان هەبووە لە کێشەی کورسی؟**

مستەفا هیجری: بێگومان کێشە هەبووە، چونکــە لە کۆنگــرەی 10 تاوەکــو 13 ئەو گرووپــەی لە حیزب جیابوونــەوە زۆربەیان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوون، دەســەڵاتەکان زۆربــەی لە دەســتی ئەواندا بــوو، ئێمە کە گرووپێکــی ئۆپۆزیســیۆن بوویــن لــە نێــو حیــزب و کەمینە بووین، زۆر شــتمان قبوڵ کردووە، بــەڵام قەت بیرمان لە جیابوونەوە نەکردووەتەوە. لە کۆنگرەی 13شــدا ئەگەر ئــەو هاوڕێیانەمــان جارێکی دیکــە لەلایەن کۆنگــرەوە بەشــێوەیەک دەنــگ درابــا کە ئەوان لە زۆرینەدا مابان، ئەو جیابوونەوەیە ڕووی نەدەدا.

**ڕووداو: ئێــوە پێشــتر بــە لایەنــی بەرامبەرتــان دەگــوت هاوڕێیانی پێشــوو، ئێســتا وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆیــان لەگــەڵ دەکــەن، یــان وەکــو هاوڕێیانی پێشوو؟**

**مســتەفا هیجری:** نەخێر ئێســتاش هەر هاوڕێیانــی پێشــوومانن، بە نــەزەری ئێمە ئــەوان حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران نیــن، چونکــە ئــەوان لــەو حیزبــە جیابوونەتەوە.

**ڕووداو: لــە کۆنگــرەی 10 ڕێبەرایەتــی شۆڕشــگێڕ دەگەڕێتەوە نێــو حیزب، بەڵام وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/ ڕێبەرایەتی شۆڕشــگێڕ مامەڵەیــان لەگەڵ دەکــەن. بۆچی ئەوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان قبوڵ ناکەن؟**

**مســتەفا هیجــری:** کۆمیتــەی ناوەنــدی بڕیاری دا مادام هەموو شــتێک چارەســەر بووە و یەکدەگرینــەوە، ئەگەر بەو نێوەش بگەڕێنــەوە نێو حیزب کێشــە نییە. ئەگەر لەگــەڵ ئــەو هاوڕێیانــەی ئێستاشــمان گەیشــتینە ئەنجامێک کە لەسەر ناو پەکی بکەوێت، ئەوا بابەتەکە دەبەینەوە کۆمیتەی ناوەندی، ڕەنگە کۆمیتەی ناوەندی لەســەر ئەوە ڕازی بێت بەو نێوە بن، بەڵام ئێســتا هەر بە هاوڕێیانی پێشوو دەیانناسین.

**ڕووداو: گفتوگۆکانتان گەیشــتوونەتە چ قۆناغێــک، گەیشــتووەتە ئەوەی گەشــبین بن، یان هێشــتا ســەرەتایە و زووە قسەی لەسەر بکەن؟**

**مســتەفا هیجری:** ئەوەی تاوەکو ئێستا کردوومانــە، وتووێژمــان لەســەر خاڵــە تەشــکیلاتی و سیاســییەکانی کۆنگــرەی 13 بێــت، چونکــە لــەو کۆنگرەیــە هەموو پێکــەوە بووین، ڕاپۆرتی سیاســی لەلایەن کۆمیتــەی ناوەنــدی پەســەندکراوە، پەیڕە و و پرۆگرامــی ناوخۆ پەســەندکراوە، هەتا دەگاتــە هەڵبــژاردن هەمــوو ئەوانەمــان قبــوڵ کــردووە، کەواتــە لــەو خاڵــەدا کە بەجێیانهێشتووە دەســتپێبکەینەوە. ئەوان تاوەکــو ئێســتا ئەوەیــان قبوڵ کــردووە. ئێســتا هەندێــک خــاڵ ماون کــە جێگەی نیگەرانیــن، لەوانەش ئەوان کە دێنەوە نێو حیــزب وەزعــی ڕێبــەران و کادرانیان چی لێ دێــت. ئێمــەش هەندێک شــتمان ماوە دەبێت باســیان بکەین، لەوانە دەبێت ئێمە فۆرمۆلێک ببینینەوە کە جیابوونەوە لەسەر مەسەلەی قازانج و بەرژەوەندیی گرووپی و تاکەکەســی لە حیزبدا وەکو شتێکی قەبیح بناسرێت.

قســەی ئێمــە ئەوەیە کــە دەبێت پێش کۆنگرە یەک حیزب هەبێت، دەبێت حیزبی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران کۆنگــرە بگرێت، بەپێی ئەو تەوافوقاتەی کە ئێســتا لــە ئارادایــە، ئەوانیش بەشــداری کۆنگرە دەبن.

**ڕووداو: گریمــان یەکگرتنەوەکە ســەری گــرت، بەڵام نرخــی ئەوە بوو کە مســتەفا هیجری واز لە ســکرتێری حیــزب بهێنێ لە کۆنگرەدا، ڕازی دەبن؟**

**مســتەفا هیجری:** هیچ ئارەزوویەکم نییە وەکو سکرتێری حیزب بمێنمەوە.

**ڕووداو: لــە وتووێژەکاندا لایەنی ســێیەم هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** هیچ کەسمان لە نێواندا نییە.

**ڕووداو: دەگوترێــت پارتــی و یەکێتــی تەدەخولــی زۆر دەکــەن بــۆ ئــەوەی ئــەو دوو لایەنــە یــەک نەگرنەوە، ڕۆڵی ئەوان لە نزیککردنەوەی ئێوەدا چی بووە؟**

**مستەفا هیجری:** لەسەرەتای جیابوونەوە کاک مەســعود بارزانــی خــودی خــۆی و هەروەها ســەرکردایەتی یەکێتی بانگهێشتی هەردوولامانیان کرد، قسەیان لەگەڵ کردین بۆ ئەوەی کە یەک بگرینەوە، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت. ئەوەندەی من بینیومە ئەوان هاندەر بوونە بۆ یەکگرتنەوەمان.

**ڕووداو: هەردوولاتــان ڕوئیای جیاوازتان هەبــووە بــۆ ڕووداوەکانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، لە مەســەلەی هەڵبژاردن ئێوە لەگــەڵ بایکــۆت بوون، بــەڵام لەلایەنەکەی دیکە لەگەڵ هەڵبــژاردن بوون، هەروەها لە مەســەلەی دانوستاندن لەگەڵ ئێران حیزبی دیموکراتی کوردستان نەرمیی زیاتر نیشان دەدا، ئەو خاڵانە گفتوگۆیان لەسەر کراوە؟**

**مســتەفا هیجــری:** نەخێــر هێشــتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە. ئێمە بڕوامان وایە کێشــەکانمان لەگەڵ ئێــران دەبێت لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر ببێ، بەڵام هەر کاتێک ئێمــە ئامادەبووین بۆ گفتوگۆکردن، کۆماری ئیســلامی ئێــران وەکــو تەڵەیەک کەڵکــی لێوەرگرتووە، بۆیــە ئێمە باوەڕمان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەماوە.

## هێشتا سەرۆکایەتی بارزانی نەبووەتە بابەتی گفتوگۆی لایەنەکان

### د.مەحموود عوسمان:

# درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی پێگەی بارزانی لاواز دەکات



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

مانگی ئابی داهاتوو، ئەو وادەیە کۆتایی دێت کە یەکێتی و پارتی لە دانیشتنێکی خولی پێشووی پەرلەماندا لەسەری ڕێککەوتن بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بەگوێرەی پێشبینییە کان، تەواوبوونی ویلایەتی بارزانی ودەستپێکردنی هێرش بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ لە دەست چەکدارانی داعش، لێکەوە نزیک دەبن و پێدەچێت ئەوەش کاریگەری لەسەر ئەو بابەتە یاساییە هەبێت.

هێشتا نە بارزانی لەوبارەیەوە نیازی خۆی ئاشکرا کردووە و نە ئەو پرسە بووەتە مشتومڕێکی گەرمی نێوان 5 هێزە سەرەکییەی کوردستان، بەڵام یەکێتی ئەمجارە مەبەستێتی زوو زوو بیخاتەوە بەرباس. هەرچەندە بۆچوونە سەرەتاییەکانی حیزبەکان بۆ ئەو پرسە تاڕاددەیەک لێکەوە نزیکە.

### گۆڕان: هیچ ڕێیەکی یاسایی نەماوە

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "زووە بۆ ئەم مەسەلەیە و کاتی ماوە". ئاوات شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە "هەندێک لایەن خەریکە لەم بارەیەوە پێش ڕووداوەکان دەکەون". بۆیە ڕای فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕان دەهێڵێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی سەرکردایەتی گۆڕان و جڤاتی نیشتمانیدا تەرح دەکرێت.

بەڵام ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە وادەی سەرۆکایەتی بارزانی یەکێکە لەو بابەتە گەرمانەی "چاوەڕوان دەکرێ یەخەی پرۆسەی سیاسی بگرێ لە باشووری کوردستان"و دەشڵێ "هیچ ڕێگایەک نەماوەتەوە بۆ درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی بارزانی".

بێستوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، هێما بۆ ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان دەکات و دەڵێ "بەشێوەیەک یاساکەیان دەرکردووە، تەنیا بۆ دووساڵە و دووبارە درێژ ناکرێتەوە، بۆیە دەبێت بارزانی خۆی هەڵنەبژێرێتەوە، یان سیستمی سیاسی بگۆڕێ بۆ پەرلەمانی و لە پەرلەمانەوە ئەوە چارەسەر بکرێ".

### یەکێتی: لیژنە دروستدەکرێت

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە دەبێت "پارتی بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان"و ئەوەیان بەفەرمی لەگەڵ باس بکات "پارتی لە هەرێمی کوردستان، خاوەنی نیوەی دەنگەکان نییە تاوەکو بۆ خۆی بڕیاربدات و پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوان نەبڕاوەتەوە". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "پارتی لە هەموو دەزگاکانی حکومەتدا زیاتر لە 50% تاوەکو 52%ی پۆستەکانی لەدەستدایە".

بەڵام بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە ڕوونتر قسە دەکات و چارەسەرێک لە نێوان گەڕانەوە بۆ سیستمە پەرلەمانییەکە و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا بە پێویست دەزانێت و دەڵێ، پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەو بابەتە بدۆزرێتەوە تاوەکو بۆشایی یاسایی لە کوردستان دروست نەبێ "بڕیارە لیژنەیەک دروستبکرێ و لەماوەی 3 مانگدا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دەستوور، بەڵام ئەگەر نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، ئەوا دەبێ هەڵبژاردنی بۆ بکرێ".

بێگەرد تاڵەبانی ئاماژە بە دۆخی ناوچەکە و شەڕی ئێستا دەکات "بەڵام بارودۆخەکە لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بۆیە دەبێ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمان هەڵبژێردرێ و ڕای یەکێتیش لەسەر ئەوەیە کە دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەنێو پەرلەماندا هەڵبژێرن".

### "باشترە کاک مەسعود خۆی هەڵبژێری"

ڕۆژی 2013/6/30 پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانی پەسەند کرد، بەپێی ئەم یاسایە ڕۆژی 2015/8/19 وادەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت.

د.مەحموود عوسمان، ئەندامی دوو خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشنیاز دەکات بۆ بارزانی کە "جارێکی دیکە بە درێژکردنەوە ڕازی نەبێت، چونکە ئەوە پێگەی بارزانی لاواز دەکات".

د. مەحموود عوسمان دەڵێ کە جاری پێشووش بارزانی درێژکردنەوەی ماوەکەی پێ باش نەبوو، بۆیە بە دووری دەزانێ ئەمجارە بەوە ڕازی ببێ "من وای بەباش دەزانم خۆی هەڵبژێرێتەوە".

### عەلی باپیر: دەبێ لەسەری پێکبێن

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) لەبارەی وادەی سەرۆکایەتی بارزانییەوە کە چاوەڕوان دەکرێ ببێتەوە خاڵی ململانێی نێوان لایەنەکان، دەڵێ "پێموایە هەر شتێک بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لەسەری پەکیبکەوێت، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان دوای ڕاوێژپێکرانیان، لەسەری پێکبێن".

بەڵام بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ هیچ قسەیەک لەگەڵ ئێمە نەکراوە و دەبێ یەکەمجار لە پەرلەمان قسەی لەسەر بکرێ "چونکە هەر پەرلەمان بووە دوو ساڵ ماوەکەی درێژ کردەوە، مادام پەرلەمان ئەو کارەی کردووە دەبێ ئیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ".

بەبڕوای بیلال سلێمان، شەڕی داعش ڕەنگە هۆکارێک بێ بۆئەوەی لایەنەکان زووتر لەسەر مەسەلەی ماوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بگەنە ڕێککەوتن.

هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، وایدەبینێ کە ئەگەر شەڕی داعش نەهاتبایە گۆڕێ، ئێستا ئەو پرسە یەکلایی کرابووەوە. محەممەد ڕەئوف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ تاوەکو ئێستا قسەی جددی لەسەر نەکراوە "دەبێ زووتر دەستی لێ بجوڵێنن و نەبێتە کێشە".

# کوردستان سزایەک بۆ عەرەبە توندڕەوەکانی بەغدا دەکاتە یاسا

## حاکم شێخ لەتیف: ئێستاش بەشێک لە عەرەبی عێراق دان بە جینۆسایدی کورددا نانێن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی دادگای لاهای دەکات قەڵەمی سەوز بهێنێت بە ژێر ناوی شنگال و کارەساتی ئێزدییەکاندا و پەڕاوێکی یاسایی بۆ بکاتەوە. ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێن پرۆسەکە هەنگاوێکی گەورە چووەتە پێشەوە، بەڵام ئێستا پەرلەمانی کوردستان، پرسێکی دیکەی خستووەتە نێو ئەجێندای خۆیەوە، ئەویش بریتییە لە سزادانی ئەوانەی جینۆساید ڕەتدەکەنەوە.

ماوەی نزیکەی 2 مانگە 3 پڕۆژە یاسا دراونەتە پەرلەمانی کوردستان و ئامانجی هەر سێ پڕۆژە یاساکەش هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی عێراقە. دوو لە پڕۆژە یاساکان داوای هەموارکردنەوەی ئەو یاسایەیان کردووە، تاوەکو چەند بڕگەیەکی یاسای باری کەسێتی و تایبەت بە ژنان و کێشەکانی خێزان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، بەڵام دیققەتی زۆرتر لەسەر سێیەمین پڕۆژە یاسایە.

سیراج ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، دەڵێ لە ماوەی ڕابردوودا تێبینییان کردووە هێشتا لەنێو شەقامی عێراقیدا خەڵکانێک هەن دژایەتی کورد و ئەو کارەساتانە دەکەن کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە "ئەو پڕۆژە یاسایە داواکارییە بۆ ئەوەی یاسای سزادانی عێراقی هەموار بکرێتەوە و سزایەک بۆ ئەوانە دابنرێت و لەسەر ئاستی عێراق کاری پێبکرێ".

ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ یاسایەک دەربکات یان هەمواربکاتەوە کە بەو یاسایە لەسەر ئاستی عێراق خەڵک سزا بدرێن؟ ڤالا فەرید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەوە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێ، ئەوان دوای ئەوەی پڕۆژە یاسایەکە ئامادە دەکەن، لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆ دەکەن "بۆ ئەوەی ئەوان بیبەنە پەرلەمانی عێراق و لەوێ دەنگی لەسەر بدرێ". چونکە وەک ئەو پەلەمانتارە باسی کرد "یاساکە بۆ سزادانی هەموو ئەوانەیە کە لە عێراقدا دەژین و ڕەتیدەکەنەوە ڕژێمەکانی پێشووی عێراق جینۆسایدیان بەرامبەر کورد کردبێت".

ڤالا فەرید، پێیوایە مادام دادگای باڵای تاوانەکان هەریەکە لە تاوانەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و زیندە بەچاڵکردن و ئەنفالی هەزاران کوردی گەرمیانی و بارزانی وەک جینۆساید ناساندووە "ئەو پڕۆژە یاسایەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەتناکاتەوە و پەسەند دەکرێت و دواتریش قورساییەکی زۆرتر دەداتە دۆسیەی مەینەتییەکانی کورد".



بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەم پڕۆژە یاسایە لەکوێوە سەریهەڵدا؟ ئایا سوود وەرگرتن بوو لەو یاسایەی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکە کاری پێدەکرێت بۆئەوانەی حەقیقەتی کارەساتی هۆلۆکۆستی جوولەکە ڕەتدەکەنەوە، یان پشتگیری بیری نازیزم دەکەن. پەرلەمانتاران دەڵێن سوودیان لەو یاسایەی دەرەوە بینیوە بۆ ڕێگرتن لەوانەی ڕەتیدەکەنەوە کورد تاوانی جینۆسایدی بەرامبەر کرابێ.

بەکر حەمە سدیق، چەند ساڵێک پارێزەری دۆسیەی هەڵەبجە و بە جینۆسایدناساندنی بووە، هەروەها یەکێک بوو لەوانەی پڕۆژە یاسایەکی بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی هەڵەبجە دایە پەرلەمان. ناوبراو دەڵێ هێشتا شەقامی عێراقی زۆر لەوانەی تێدایە "تەنانەت دان بە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالیشدا نانێن". گوتیشی "تەنانەت لەنێو پەرلەمانی عێراقیش ئەو کەسانە هەن".

سەرەڕای چەندین ڕێکەوتن و بەشداریی کورد لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی دوای ڕووخانی سەددام، هێشتا گرژی لەنێوان بەغدا و هەولێر هەیە، زۆرجار لە ژێر پەردەی ئەو پەیوەندییە ناخۆشەوە کەسایەتییە عێراقییەکان، چ ئەوانەی لەنێو سیاسەتدان، چ ئەوانەش کە وەک نووسەر و ئەدیبی عێراقی نێودەبرێن، نکۆڵی لەو تاوانانە دەکەن.

حاکم شێخ لەتیف، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، دەستەواژەی "تازە بەعسییەکان" بەکاردێنێ و دەڵێ لەنێو ئەوانە و هەندێک لە شیعەکانیشدا کە نموونە بە هەندێک ناوی وەک حەنان فەتلاوی و عالیە نوسێف دێنێتەوە "بیروباوەڕی توند بەرامبەر کورد هەیە، دوور نییە جینۆسایدی کوردیش ڕەتبکەنەوە".

نێوبراو ڕووداوێک بەبیردێنێتەوە ئەوکاتەی پەرلەمانتار بووە "کاتێک یادی ئەنفال دەهاتە پێشەوە، ئەوان گرژ دەبوون و پێیاندەگوتین ئەمە هەر نەبڕایەوە؟".

لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە، هەرکەسێک حەقیقەتی جینۆسایدی کورد ڕەتبکاتەوە، سزادەدرێت بە زیندانیکردن کە ماوەکەی 5 بۆ 7 ساڵ بێت. گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە دەبێ دەستکاری ئەو بڕگەیە بکرێت "نابێ تەنیا بۆ ئەو جینۆسایدانە بێت کە لەلایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە ئەنجامدراون، بەڵکو بگوترێ گرووپ و لایەنێک تاوانی ئەنجامدابێت دژی کورد".

بەبڕوای حاکم شێخ لەتیف، ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسایەش نەبێ، پەرلەمان دەتوانێ بڕیارێک دەربکات لەو بارەیەوە "چونکە دادگای باڵای تاوانەکان ئەو تاوانانەی بە جینۆساید ناساندووە".

## براندێکی جیهانی لە هەولێر دەست بەکار دەبێت

**رووداو- هەولێر**

سافی دانوونی فەڕەنسی، کە براندێکی تایبەتە بە بەرهەمە شیرەمەنییەکان و لە 136 وڵاتی جیاواز بەرهەمهێنان دەکات، ئێستا لە هەولێر دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە و بەرهەمەکانی بە ناوی (ئەکتیڤیا) لە بازاڕەکانی کوردستان بڵاودەکاتەوە. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو پرۆژەیە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی پێدراوە و پرۆژەکە بە سەرمایەی 46 ملیۆن دۆلار دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە و ئێستا زیاتر لە 120 کرێکار کار لەو پرۆژەیە دەکەن کە 90%ی کرێکاری خۆماڵین و بەرهەمەکانی شیرەمەنی بە گشتی دەخاتە بازاڕەکانی کوردستان.

رووداو ئابووری
ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23

# وەزارەتی کشتوکاڵ
# باج دەخاتە سەر 28 بەرهەمی هاوردەکراو

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەمەبەستی ساغکردنەوە و گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری داوە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ باجی گومرگی بخاتە سەر هاوردەکردنی 28 بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی. بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی دەڵێت ئەم بڕیارە دەبێتە وەچەرخانێک لە گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ.

پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ، لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمدا، هاوردەکردنی 22 بەرهەمی کشتوکاڵیی قەدەغە دەکرد، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی ئەم بەرهەمانە بەڕێگەی قاچاخ، بڕیارەکە وەک پێویست ئامانجی خۆی نەدەپێکا.

کامیل محەممەد سەلیم، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گوت "ئەم بڕیارە لە ساڵانی رابردوودا سوودی زۆری هەبوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی جوتیاران، بەڵام بەهۆی بەنایاسایی هاوردەکردنی ئەم بەرهەمانە، بڕیارەکە وەکو پێویست جێبەجێ نەدەبوو. بۆیە دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوەی زۆر گەیشتینە ئەو بڕیارەی لە جیاتی رێگرتن لە هاوردەکردن، باجی گومرگی لەکاتی پێگەیشتن بخرێتە سەر ئەو بەرهەمانە، تا بەرهەمی ناوخۆ لە نرخدا کێبڕکێیان بکات".

دوای پەسەندکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لە 15ی ئەم مانگەوە، لیستی ئەو بەرهەمانەی پێویستە لەکاتی پێگەیشتن باجی گومرگیان بخرێتە سەر ئاراستەی ئیدارەی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگان کراوە، تاوەکو بنکەکانی کەرەنتین و خاڵە سنوورییەکان ئاگادار بکەنەوە بە گوێرەی ئەو لیستەی بۆیان دەچێت، باج بخەنە سەر بەرهەمە هاوردەکراوەکان

ئایا ئەو بڕیارە نوێیە رێگە لە بەقاچاخ هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی دەگرێت؟ کامیل محەممەد دەڵێت بەهاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ رێوشوێنی زۆر توند دەگرینەبەر دژی ئەو کەسانەی بە نایاسایی بەرهەم هاوردە دەکەن، گوتیشی "بازگەکانمان ئاگادارکردووەتەوە بێ پسولەی گومرگی رێگە بەهاتنەژوورەوەی هیچ بەرهەمێک نەدەن، لێژنەی عەلوەکانیشمان ئاگادارکردووەتەوە هەر بارێک پسولەی گومرگی نەبێت دەستی بەسەردا بگرن".

بەگوێرەی ئەو لیستەی کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە وێنەیەکی لێ دراوەتە (رووداو)، باج خراوەتە سەر 28 بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی.

کامیل محەممەد گوتی "پێشنیازمان کرد داهاتی ئەو باجە گومرگیانە لە سندووقێکدا کۆبکرێتەوە و بۆ پاڵپشتی جوتیاران بەکاربێت، بەڵام وەزارەتی دارایی رازی نەبوو".

### ناتوانن کێبڕکێی نرخ بکەن

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستان و پاوان، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "کێشەی گەورەی جوتیاران ئەوەیە کە بەهۆی تێچووی زۆری بەرهەم، ناتوانن لەنرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن، چونکە وڵاتانی دەوروبەر بە بەرنامە کار لەسەر ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەکەن لە کوردستان".

گوتیشی "بەگوێرەی زانیاری ئێمە، تورکیا سندوقێکی پاڵپشتی داناوە و لەبەرامبەر هەناردەکردنی هەر تۆنێک لە بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ هەرێمی کوردستان، بڕێک پارە وەک پاڵپشتی دەبەخشێتە جوتیاران، بەوجۆرە هەرێمی کوردستان بووەتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی وڵاتانی دەوروبەر، بە تایبەتیش تورکیا و ئێران".

حوسێن حەمە کەریم پێیوایە دانانی باج لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی هاوردەکراو دەتوانێت دوو نیشانە بپێکێت "یەکەم: دەتوانرێت گەشە بە بەرهەمی ناوخۆ بدرێت، دووەم: جموجۆڵ بە بازرگانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دەدات".

د.کاوە محەممەد جەمال، راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سلێمانی، ئەو بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ بە "بڕیارێکی دروست" وەسف دەکات و دەڵێت "لەرێگەی دانانی ئەم باجەوە دەتوانرێت جیاوازیی نرخی بەرهەمی هاوردە و ناوخۆ کەمبکرێتەوە، ئەوکات بەرهەمی ناوخۆ بەهۆی بەرزیی کواڵیتییەکەی، دەتوانێت رەواج پەیدا بکات، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵیی ناوخۆ".

بەڵام د.کاوە پێشنیازێکی دیکە بۆ بڕیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ زیاد دەکات و دەڵێت "بۆ جێگیرکردنی نرخێکی گونجاو کە نە هاووڵاتی تێیدا زەرەرمەند بێ و نە جوتیار، پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ، بەگوێرەی پێداویستی و خواستی بازاڕ، رێگە بەهاوردەکردنی بەرهەم بدەن".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن )

لیستی ئەو بەرهەمانە و بڕی ئەو باجەی دەخرێتە سەریان بۆ ئەمساڵ:

| ژ | بەرهەمی سەوزە | رێکەوتی باج خستەسەر | بڕی باج بۆ هەر کیلۆیەک |
|---|---|---|---|
| 1 | کولەکە | 15/11 - 15/4 | 250 دینار |
| 2 | خەیار | 15/11 - 15/4 | 250 دینار |
| 3 | تەماتە | 15/10 - 1/6 | 250 دینار |
| 4 | بامیە | 15/10 - 15/6 | 250 دینار |
| 5 | لۆبیا/ فاسۆلیا | 1/11 - 15/6 | 250 دینار |
| 6 | بیبەر | 15/10 - 15/6 | 250 دینار |
| 7 | باینجان | 1/11 - 1/7 | 250 دینار |
| 8 | پیازی وشک | 15/10 - 1/5 | 250 دینار |
| 9 | پەتاتە | 15/11 - 15/5 | 250 دینار |
| 10 | کاهو + قەرنابیت + کەلەم | 1/2 - 1/11 | 250 دینار |
| 11 | گوڵەبەڕۆژە (خاو) | 1/11 - 1/8 | 250 دینار |
| 12 | شووتی | 15/10 - 15/6 | 250 دینار |
| 13 | کاڵەک | 15/9 - 1/7 | 250 دینار |
| 14 | تەرۆزی | 30/10 - 15/6 | 250 دینار |
| 15 | تور + سڵق + شێلم | بە بەردەوامی | 250 دینار |
| 16 | پیازی تەڕ | بە بەردەوامی | 250 دینار |
| بەرهەمی میوە | | | |
| 1 | سێو | 1/12 - 1/8 | 350 دینار |
| 2 | هەنجیر | 9/ 30 - 15/6 | 350 دینار |
| 3 | خۆخ | 1/10 - 1/6 | 350 دینار |
| 4 | هەنار | 15/12 - 1/9 | 350 دینار |
| 5 | ترێ | - | 350 دینار |
| بەروبوومی ئاژەڵی | | | |
| 1 | گۆشتی مریشک | بە بەردەوامی | 350 دینار |
| 2 | هێلکەی خواردن | بە بەردەوامی | 350 دینار/ 1 تەبەقە |

## گەشتێک ژیانی ئەندازیارێکی کورد دەگۆڕێ

# لە ئەندازیاری گەیاندنەوە دەبێتە بەخێوکەری نەعامە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوای 17 ساڵ کارکردن لەبواری گەیاندن و دامەزراندنی سێ پرۆژەی گەیاندن لە کوردستان، گەشتێک بۆ هیندستان و ئوستراليا، ئاراستەی کارکردن و ژیانی ئەندازیارێکی کورد دەگۆڕێ و لە ئەندازیاری گەیاندنەوە دەبێتە پسپۆڕی بەخێوکردنی نەعامە.

حەسەن عەلی، ئێستا ناوێکی ناسراوە لەلای بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەشێک لەخەڵک. هەر کاتێک باسی نەعامە بکرێت ئاماژە بۆ پرۆژەکەی ئەو دەکرێت کە دەکەوێتە گوندی گردەسۆر لە سنووری ناحیەی قوشتەپە و لەسەر رووبەری 29 دۆنم زەوی بنیاتنراوە.

وزەی ساڵانەی پرۆژەکە 6000 نەعامەیە، پرۆژەکە لە هۆڵێکی دایکانە پێکهاتووە کە دەتوانێ 250 نەعامەی دایکانە لەخۆبگرێت، هەر لە پرۆژەکەدا ئامێری هەڵهێنەر بە وزەی 6480 هێلکە لەساڵێکدا هەیە.

حەسەن عەلی رەحمان، خاوەنی پرۆژەی MCA بۆ بەخێوکردنی نەعامە دەڵێت "دوو ساڵ لەمەوبەر کەوتمە خەیاڵی ئەوەی پرۆژەیەکی وەبەرهێن دابمەزرێنم، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر لە گەشتێکمدا بۆ هیندستان و ئوستراليا بیرۆکەی دامەزراندنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی نەعامەم لا دروست بوو دوای ئەوەی زانیم پرۆژەی لەمجۆرە لەکوردستان نییە".

پرۆژەکەی حەسەن پێکهاتووە لە هۆڵی بەخێوکردنی جوجەڵە، کۆگای ئالیک، کارگەی بەرهەمهێنانی رۆنی وشترمرغ و خۆشکردنی پێستە، سەربڕخانە، گۆڕەپانێکی کراوە بە رووبەری 49 هەزار مەتر چوارگۆشە کە توانای لەخۆگرتنی 6 هەزار نەعامەی هەیە.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە بارەی پرۆژەکەی حەسەن دەڵێت "لەبەر ئەوەی پرۆژەکە بووەتە هۆکارێک بۆ دابینبوونی جۆرێکی دیکە لە گۆشتی پەلەوەر و پرۆژەکەش لەهەموو بوارەکان بێ کەموکورییە، بۆیە وەک پرۆژەیەکی ستراتیژی سەیری دەکەین".

بەبڕوای ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، گرنگیی پرۆژەکە لەوەدایە کە تەنیا گۆشت ناخاتە بازاڕ، بەڵکو بەرهەمەکانی دیکەی وەک رۆنی نەعامە، جوجەڵە، هێلکە بۆ خواردن و رازاندنەوە، دروستکراوەکانی پێستە و پەڕەی نەعامە دەخاتە بازاڕەوە "ئەگەر فراوان بکرێت و گرنگیی زیاتری پێبدرێ، سوودێکی زۆر بە ئابووری کوردستان دەگەیەنێت".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان ئارەزووی بەخێوکردنی نەعامە دەکەن، بۆیە پێشبینی دەکات لەچەند ساڵی داهاتوودا چەندین پرۆژەی هاوشێوە لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان دابمەزرێن.

نەخشە و دیزاینی پرۆژەکەی حەسەن لەلایەن کۆمپانیایەکی هیندی ئامادەکراوە. حەسەن بەهێنانی 240 نەعامەی دایکانە لە جۆری EMUی ئوسترالی و 500 هێلکەی ئەفریقی دەستی بە بەخێوکردنی نەعامە کرد، لەگەڵ دامەزراندنی پرۆژەکەش چەند هەڵێنەرێکی هێنا کە توانای هەڵهێنانی 24 هەزار هێلکەیان هەیە لەساڵێکدا.

حەسەن عەلی دەڵێت "نەعامەکانم لەدوو وەرزدا بەهێلکە دێن، هەرسێ رۆژ جارێک هێلکەیەک دەکەن، هەر نەعامەیەکیش 40 هێلکە دەکات، بەمشێوەیە ساڵانە دەتوانم ژمارەیەکی زۆر جوجەڵە بەرهەم بهێنم، بەخێوکردنی جوجەڵەکانیش 45 رۆژی پێویستە، دواتر کێشیان دەبێتە 4- 10 کیلۆگرام، دەتوانرێت لەگۆڕەپانی دەرەوە بەخێوبکرێن. 5 گۆڕەپانمان هەیە 3 گۆڕەپانیان بۆ بەخێوکردنی جوجەڵە و دووشیان بۆ بەخێوکردنی دایکانەیە".

نەعامە لەهێلکەوە تا دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و سەربڕین، پێویستی بە 10 مانگە. لەم ماوەیەدا 50 کیلۆ گۆشت، 5 کیلۆ رۆن، 5 کیلۆ ئێسک، 1.5 مەتر پێست، 3 کیلۆ پەڕ بەرهەم دەدات.

حەسەن عەلی دەڵێت "ئێستا لە پرۆژەکەمان 600 دانە نەعامە هەیە کە 240 دایکانەی ئوسترالی و 60 دانە دایکانەی ئەفریقین". گوتیشی "جۆری ئوسترالییەکەی کێشی دەگاتە 100 کیلۆگرام و بەرزیشی دەگاتە 1.70 مەتر، بەڵام ئەفریقیەکەی کێشی تا 120 کیلۆگرام و بەرزی باڵاشی دەگاتە 2.40 مەتر، گۆشتیشیان جیاوازە، جۆری ئوسترالی گۆشتەکەی وەک گۆشتی گۆلک سوورە، بەڵام ئەفریقییەکە گۆشتەکەی کاڵە و وەک گۆشتی بەرخ وایە".

پرۆژەکەی حەسەن لەکۆتایی ساڵی رابردوودا کەوتووەتە سەر بەرهەم و ئێستا لەتوانایدا هەیە مانگانە 1000 کیلۆگرام گۆشتی نەعامە و 80 کیلۆگرام رۆن بخاتە بازاڕەوە.

حەسەن عەلی دەڵێت "بەرهەمی پرۆژەکەمان رۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە، پێشبینی دەکەین لە ساڵی 2016 بەرهەمی گۆشتمان بگاتە 200 تۆن لە ساڵێکدا، بەرهەمی رۆنیشمان بگاتە 10 هەزار لیتر لەساڵێکدا، لەگەڵ 5 هەزار پارچە پێست، 10 تۆن پەڕ و 120 تۆن پەیین و 3000 هێلکە لە ساڵێکدا". گوتیشی "هەرچەند تازە بەرهەممان خستووەتە بازاڕەوە، بەڵام خواستێکی زۆری لەسەرە، بەتایبەت گۆشت و رۆنەکەی، مانگانە 1000 کیلۆگرام گۆشت دەفرۆشین".



کامیل محەممەد سەلیم، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشکوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت دوای ئەوەی چەند لێژنەیەک لەسەر بونیاد و وزەی پرۆژەکە لێکۆڵینەوەیان کرد و خودی وەزیری کشتوکاڵیش سەردانێکی مەیدانی پرۆژەکەی کرد، دەرکەوت پرۆژەکە شایەنی ئەوەیە گەشەی پێبدرێت، بۆیە بڕیاردرا بە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەی پشتگیری پرۆژەکە بکرێت.

ناوبراو گوتیشی "لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی ستراتیژییە و بەرهەمەکەی زۆر پێویستە بۆ کوردستان، بۆیە پێشنیازمان کردووە بەدەر لە رێنماییەکان بۆ فراوانکردنی پرۆژەکە، قەرزی کشتوکاڵی پێبدرێ. لێژنەیەکیش خەریکن لەوە دەکۆڵنەوە کە چۆن بەرهەمی پرۆژەکە بە بازاڕبکرێت".

# دابەزینی نرخی نەوت

# کۆمپانیا نیشتمانییەکان مایەپووچ دەکات



## وەزیری نەوتی ئێران:

## پارەمان نەماوە مووچەی کارمەندانمان بدەین

**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دابەزینی نرخی نەوتدا، بەتەنیا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت زەرەرمەند نین. ئەو زیانە بەرۆکی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتیشی گرتووە. کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی سعودیە، ناسراو بە ئارامکۆ کە سەردەمانێک بە دەسکراوەیی لە نێوان کۆمپانیاکانی نەوت بەناوبانگ بوو، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، نەتەنیا دەسکراوەییەکەی جارانی نەماوە، تەنانەت ڕوویکردووەتە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی.

خالد ئەلفەلیح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئارامکۆ ڕایگەیاندووە وەک کۆمپانیاکانی دیکە، ئەوانیش بەنیازی کەمکردنەوەی خەرجییەکانیانن. کەمکردنەوەی خەرجییەکان لەلایەن ئارامکۆ شتێکی ناوازەیە، ئارامکۆ تا چەند مانگ لەمەوبەر بەڕێژەیەکی زۆر پارە و سەرمایەی خەرجی دۆزینەوەی نەوتی زیاتر دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو کۆمپانیایە بە نیازە خەرجییەکانی لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە ڕێژەی 25% دابەزێنێت.

سەرەڕای ئەوەی کە گەورەترین هەناردەکاری نەوتە لە جیهاندا، دابەزینی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا تەنانەت گوشاری زۆری بۆ کۆمپانیای ئارامکۆش دروستکردووە و کۆمپانیاکەی ناچارکردووە دەست درێژ بکات بۆ بانکەکان و داوای قەرزیان لێبکات.

ئارامکۆ لەگەڵ چەند بانکێکدا لە دانوستاندندایە و بڕیارە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەو قەرزە کە بڕەکەی 10 ملیار دۆلارە وەربگرێت. هەرچەندە تا ئێستا وردەکاری و ناوی ئەو بانکانە ئاشکرا نەکراون، بەڵام ئەو ڕووداوە گەورەیی ئەو بارە داراییە ئاشکرا دەکات کە ئێستا لەسەر شانی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتە و کۆمپانیایەکی وەک ئارامکۆش لێی بێبەش نییە. دیارە ئەو قەرزەی ئارامکۆ بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی دابەزینی نرخی نەوتە کە کاروباری بازرگانیی کۆمپانیاکەی پەکخستووە، ئەگینا گوشارەکان لەسەر کۆمپانیاکانی نیشتمانی وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت وەک کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ئێران زۆر قورسترە.

هەفتەی ڕابردوو بیژەن زەنگەنە وەزیری نەوتی ئێران چووە بەردەم پارلەمانی وڵاتەکەی بۆ ئەوەی قەناعەت بە پارلەمانتاران بهێنێت کە لە ڕەشنووسی بودجەی ساڵی داهاتووی وڵاتدا ڕێگە بە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران بدەن لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بۆندەکانەوە قەرز وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەوت و گاز.

لە گوتارەکەیدا لەبەردەم پارلەمانتاران، زەنگەنە هەندێ لێدوانی دا کە گوشارە داراییەکانی سەر وەزارەتەکەی دەردەخات و قەبارەی ئەو قەیرانە داراییە کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دروستبووە دەخاتە ڕوو. وەزیری نەوتی ئێران ڕایگەیاند کە وەزارەتەکەی پارەی نەماوە تەنانەت مووچەی کارمەندەکانی بدات، چ بگات بەو هەمووە سەرمایەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردن و درێژەدان بە پرۆژەکانی دەرهێنانی نەوت و گاز لەو وڵاتەدا.

وەزیری نەوتی ئێران ڕایگەیاند کە بەشی دیاریکراوی وەزارەتەکەی لە بودجەی وڵات بریتییە لە 14.5% کە ئەو ڕێژەیە ساڵی ڕابردوو 13 ملیار دۆلاری دەکرد، بەڵام لەمساڵدا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە تەنیا 3 ملیار دۆلار دەکات، ئەوەش تەنانەت بەشی مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکە ناکات.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )

دیارە داهاتی نەوت بەندە بە بەرهەمهێنانی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوتیش تێچوویەکی زۆری هەیە، ئەگەر وڵاتێکی وەک ئێران نەتوانێت سەرمایەی پێویست بۆ درێژەپێدانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت دەستەبەر بکات، ئەوا ڕووبەڕووی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و لە ئەنجامیشدا کەمبوونەوەی داهاتە نەوتییەکان دەبێتەوە. کەواتە وەزارەتێک پارەی نەبێت مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات چۆن ئەو سەرمایە دابین دەکات بۆ درێژەپێدان و پێشخستنی بەرهەمهێنانی نەوت. لەبەر ئەوەیە وەزارەتەکەی بیژەن زەنگەنە پێویستی بە وەرگرتنی قەرزە. زۆربەی شارەزایانی نەوت، لێدوانەکانی زەنگەنە بە لێدانی زەنگی مەترسی بۆ پیشەسازیی نەوتی ئێران ناودەبەن.

هەردوو وڵاتانی سعودیە و ئێران ڕێژەیەکی بەرچاو لە بودجەی ساڵانەیان لە ڕێی داهاتی نەوتەوە دابین دەکرێت. خۆ وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت لەو دوو وڵاتە ڕەوشیان باشتر نییە. کۆمپانیاکانی نەوت و گازی نیشتمانیی ڕووسیا، کۆمپانیای گازپرۆم و ڕووسنەفت نەتەنیا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە زەرەرمەند بوون، بەڵکو لەبەر گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بەسەر ڕووسیا بەهۆی کێشەی ئۆکراینا، لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە پەرەپێدانی زۆرێک لە پرۆژە نەوتییەکانیان ڕاگرتووە، بەتایبەت ئەو پرۆژە نەوتییانەی دەکەونە جەمسەری باکوورەوە.

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ڤەنزوێلا PDVSA ، لە هەموو کۆمپانیاکانی دیکەی نەوتی نیشتمانی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت ڕەوشی دارایی خراپترە. قەرزەکانی کۆمپانیای PDVSA لە ساڵی 2007 دا 16 ملیار دۆلار بوو، کەچی قەبارەی قەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 2014 دا بەرزبووەوە بۆ 46 ملیار دۆلار!

لەبەر ئەو یارمەتییە داراییانە کە حکومەتی ڤەنزوێلا لە پێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ نموونە پێشکەشکردنی بەنزین و سووتەمەنی هەرزان بە هاووڵاتیان چەندین ساڵە پەیڕەوی دەکات، قەبارەی قەرزەکانی کۆمپانیای PDVSA هێندە بەرزبووەتەوە کە کۆمپانیاکە ناچاربووە ئەو نەوتەی لە داهاتوودا بەرهەمی دەهێنێت، پێشفرۆش بکات. بەو نرخەی ئێستای نەوتە دەبێت ئەو وڵاتە بۆ چەندین ساڵ نەوت بەرهەمبهێنێت تەنیا بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە.

# شەڕی ئۆپێک ئەستەمە!



**عومەر ئەحمەد**

ئەگەر ئۆپێک بەمەبەستی لاوازکردنی بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا دەیەوێت بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا ڕابگرێت، ڕەنگە ناچاربێت ئەو ستراتیژییە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن درێژە پێبدات.

نرخی نەوت لەم هەفتەیەدا دابەزینی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا نەوتی زیاتریان بەرهەمهێناوە و پێدەچێت مەیلی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەو زووانە کۆتایی نەیەت. لەبەرئەوەیە کە شەڕی ئۆپێک ئەستەمە و تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێت.

### کێشەی گەورەی نەوت

ئەو هۆکارەی دابەزینی نرخی نەوتی لە شەش مانگی ڕابردوودا لێکەوتووەتەوە، ناهاوسەنگبوونی خواست و دابینکاریی نەوت بووە. بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکاش پاڵنەر بووە بۆ دابەزینی نرخی نەوت. لە پیشەسازیی نەوتدا، زیادبوونی دابینکاری بەراورد لەگەڵ خواست شتێکی دەگمەنە و ئەگەر هەموو کەس پێی بزانێت، نرخەکانی نەوت بە خێرایی دادەبەزن.

کێشەی بازاڕی نەوت ئێستا ئەوەیە کە ئەو نەوتە زیادەیە بە ئاسانی سەرف نابێ و تەنانەت ئەگەر نرخی نەوتیش بەرمیلێک 50 دۆلار بێت لە داهاتووشدا، ئەو فرەییەی نەوت هەر دەمێنێ.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو بەدواوە کە نرخەکانی نەوت دابەزینیان بەخۆوە بینیوە، بەرهەمهێنەرانی نەوت نەتەنیا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان کەم نەکردووەتەوە، تەنانەت زیادیشیان کردووە و ڕەوشی بازاڕیش زیاتر خراپ بووە.

بەشێکی ئەم کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتی دەوێت تا دەردەکەوێت بیرێکی نەوت قازانجی نامێنێت. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ هەڵکۆڵینی بیرێکی نەوت بۆ کۆمپانیایەک تێچووەکەی 70 دۆلار بێت، ڕەنگە بگاتە ئەو بڕیارەی کە هەڵکۆڵینی بیری نوێ بەو تێچووە چیدیکە قازانجی نییە و ئەوەش ڕەنگە لە سیاسەتی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەو بیرە لە مانگی 6 ی ساڵی ڕابردووەوە لێدرابێت، ڕەنگە درێژەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرە ئێستا تەنیا تێچووەکەی 10 دۆلار بێت، لەبەر ئەوەشە ئەو کۆمپانیایە تەنیا لەبەرئەوەی کە نرخی نەوت ئێستا 50 دۆلارە، بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرە پەکناخات، خۆ ڕەنگە تا سێ چوار ساڵی دیکە ئەو بیرە بەم نرخی کەمی نەوتەش نەوتی لێدەربهێنرێت و زیانیش نەکات. کەواتە ڕەنگە کۆمپانیاکە هەڵکۆڵینی بیری نوێی نەوت ڕابگرێت، بەڵام خۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە بیرە کۆنەکان ڕاناگرێت.

تەحەدای ئێستا لە بازاڕی نەوتدا ئەوەیە کە فراوانبوونی نەوت دەتوانێت تا چەند ساڵێکی داهاتووش بەردەوام بێت. ئیدارەی زانیاری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، EIA ، پێشبینی کردووە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە لە ڕۆژانە 8.6 ملیۆن بەرمیلی ساڵی 2014 بەرزبێتەوە بۆ ڕۆژانە 9.3 ملیۆن بەرمیل لەمساڵدا و لە ساڵی 2016 یش بەرزبێتەوە بۆ ڕۆژانە 9.5 ملیۆن بەرمیل.

لە ڕاستیدا هەرچەندە نرخی نەوت لەدابەزیندایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو گریمانانە کە دەکرێن، بەرهەمهێنانی نەوت دانەبەزیوە و تەنانەت زیادیش دەکات، ئەوەش دژی تیۆری خواست و دابینکارییە.

### شەڕی ئەستەمی ئۆپێک

ئەم ڕێچکەیە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێک ناچار دەکات کە بڕیاری چارەنووسساز بدەن. بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە پشتی بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا لەعەرز بدەن، ناچارن ئەو زۆریی دابینکارییە لە نەوتی خاو بۆ چەندین ساڵی دیکە درێژە پێبدەن، بەڵام کێشەی ئۆپێک ئەوەیە کە ئەو کارە تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێت.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێشبینی کردووە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێک لەمساڵدا 375 ملیار دۆلار لە داهاتەکانیان تەنیا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لەدەست دەدەن.

خۆ ئێستا ئۆپێک دەتوانێت تەنیا بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بەڕێژەی ڕۆژانە 2 ملیۆن بەرمیل دەستبەجێ نرخی نەوت بۆ 100 دۆلار بەرزبکاتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە درێژخایەندا ئەم کارە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوە پشکی خۆیان لە بازاڕ لەدەستبدەن، چونکە بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، یەکەم جار بە قازانجی بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی ئەمریکایە کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان زیاتر لە بەرهەمهێنەرانی ئۆپێک گەشەدەکات.

کەواتە ئەگەر ئێوە لە شوێنی ئۆپێک بن چ بڕیارێک دەدەن؟ ئەگەر لادانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا 3 تا 5 ساڵی خایاند و لەو ماوەیە ئێوە سەدان ملیار دۆلار زیان بکەن، ئایا ئەو سیاسەتە هێندە دەهێنێت؟ ئایا هیچ گەرەنتییەک هەیە کە نرخی 50 دۆلاری نەوت، بتوانێت بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ڕکابەری لادات؟

ئۆپێک دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بێت تا ئاکامی سیاسەتەکانی بۆ دەرکەوێت، کەچی ڕوونیش نییە کە ئایا زیانەکانی ئەو کارە بایی قازانجەکانێتی یان بەپێچەوانەوە. تەنیا تێپەڕبوونی کات دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا سەرقاڵی پەرەپێدانی چەندین تەکنۆلۆجیای نوێیە کە بە مەبەستی کەمکردنەوەی تێچووەکانی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی پەرەیان پێدەدات. ئەگەر داهێنانی ئەو تەکنۆلۆجیانە لە تاقیگەکانەوە سەرکەوتوو دەربچێت و بڕواتە بواری کردەییەوە، ئەوا هاوکێشەکان گۆڕانی زۆریان بەسەردا دێت.



ڕووداو
هونەری
ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23

## دڵنیا بەشداری فێستیڤاڵێکی میسری دەکات



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

دڵنیا قەرەداخی خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی هونەری لە میسر. دڵنیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە قاهیرەی پایتەختی میسرەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی چەند بەرهەمێکی هونەریم لە ئەلبوومێکدا و بەنیازم لەم ماوەیەدا بڵاویان بکەمەوە، هەروەها میکسێک دروست دەکەم لە نێوان هونەری کوردی و عەرەبی". بڕیارە مانگی نیسانی ئەمساڵ فێستیڤاڵێکی هونەری میللی لە میسر بەڕێوەبچێت. دڵنیا ئاشکرای کرد کە لەگەڵ گرووپێکی کوردی لەشاری سلێمانی بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا دەکەن". هەروەها گوتی لەگەڵ گرووپێکی میوزیکی میسری قسەی کردووە بۆ ئەوەی چەند گۆرانییەک بە زمانی عەرەبی تۆمار بکات.

ئەو خاتوونە گۆرانیبێژە ساڵی ڕابردوو ئەڵقەی هاوسەرگیری لەگەڵ کونسوڵی میسر لە شاری هەولێر گۆڕییەوە و ئێستا لە قاهیرە دادەنیشێ.

# ئاهەنگی نەورۆز هونەرمەندان دەکاتە دوو بەرە

## پارێزگاری هەولێر: ئاگری نەورۆز دەکەینەوە



فێستیڤاڵی هەولێر، لە جەژنی نەورۆزی ساڵی 2014 (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

لاپەڕە و ئەکاونتی فەیسبووکی گەنجانی کورد پڕبوون لە ڤیدیۆی هەڕەشە و جنێو بەو هونەرمەندانەی بەنیازن لە نەورۆزدا کۆنسێرت بکەن. هونەرمەندان خۆشیان لەسەر ئاهەنگگێڕان و نەگێڕان لە نەورۆزدا هاوڕا نین و بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون.

کاتێک گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی ڕایگەیاند کە بەنیازە لە جەژنی نەورۆزدا کۆنسێرتێک لە شاری لەندەن ساز بکات، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە هەڕەشە لەو هونەرمەندە، بە تایبەتی لەلایەن گەنجانی کوردی تاراوگەنشینەوە کە هەندێکیان هەڕەشەی توندوتیژ بوون.

یەکێک لەو گەنجانە نووسیبووی کە لە کاتێکدا کوردستان خوێنی لێدەچۆڕێ و لە زۆربەی کۆڵان و گەڕەکی شارەکانی کوردستان پرسەی پێشمەرگەیە، ناکرێ عەزیز وەیسی بچێتە ئەورووپا و ئەوان هەڵپەڕێنێ.



### "قسە بە خێزانەکەم مەڵێن"

هەرچەندە عەزیز وەیسی پێشتر لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە ڕوونکردنەوەی دابوو لەبارەی ئاهەنگەکانی نەورۆز، بەڵام ڕۆژانە ڤیدیۆی نوێ لە فەیسبووک بڵاودەکرێنەوە کە هۆشداری دەدەنێ لەوەی نەکا بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگ بگێڕێ.

عەزیز وەیسی بە (ڕووداو)ی گوت "بەداخەوە من نیازێکی دیکەم هەبوو، کەچی خەڵک ئەو نیازەی منیان بەشێوەیەکی خراپ وەرگرت، من پێشتر لە ڕووداو بڵاومکردەوە کە من ئەو کۆنسێرتانە دەکەم، بەڵام داهاتەکەی هەمووی ناخەمە گیرفانمەوە، بەڵکو بەشێکی سەرەکی دەدەمە ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ".

ئەوەی زیاتر ئەو گۆرانیبێژەی بێتاقەت کردووە، جنێو و قسە نابەجێ بوون بە خێزانەکەی. ئەو گوتی "بەداخەوە ئەو شتە زۆر بێتاقەتی کردووم، هەرچەندە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڤیدیۆیەکم بڵاوکردەوە بۆ ئەو کەسانەی کە سووکایەتیان بە خێزان و منداڵەکانم کردووە، من ئەگەر هەڵەیەک بکەم بۆ خێزانەکەم باجەکەی بدەن، وەرن قسە بە خۆم بڵێن نەک بە کەسوکارم".

عەزیز وەیسی سوورە لەسەر ئەوەی ئاهەنگ بکات و دەڵێت "دڵنیاتان دەکەمەوە من بۆ خزمەتکردنی کورد و کوردستان قەت ناوەستم، ئامادەم بێ بەرامبەر کار بکەم بۆ ئەوەی دڵی دایکی شەهیدان خۆش بکەم، جا بە گۆرانی بێ یان بە هاوکاریی مرۆیی".

هونەرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئاهەنگی نەورۆز، هەندێکیان هەر لە ئێستاوە ڕەتیانکردووەتەوە بەشداری لە هیچ ئاهەنگێکدا بکەن، هەندێکیشیان دەڵێن ئاساییە ئاهەنگ بگێڕن و نابێت کەشێکی ماتەمبار لە کوردستان نیشانبدەن.

### داوای لێبووردن دەکات

یەکێک لەو گەنجانەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا سووکایەتی بە عەزیز وەیسی دەکات، دەڵێت پەشیمانە لە کارەکەی و داوای لێبووردن لە عەزیز وەیسی دەکات.

ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "داوای لێبووردن لە هونەرمەند عەزیز وەیسی دەکەم کە قسەم بە کەسوکارەکەی گوتووە، بەڵام ناکرێت گەلی کورد لە شەڕدا بێت و ئەویش ئەم وڵات و ئەو وڵات بکات و ئاهەنگ ساز بکات".

ئەو گەنجە بە تووڕەبوونەوە گوتی "من وڵاتم خوێنی لێدەڕوات، چۆن دەبێت هونەرمەندێکی کورد بێت گۆرانی هەڵپەڕکێم بۆ بڵێت و ئێمەش هەڵپەڕین، ئێستاش دەڵێم هیوادارم هیچ هونەرمەندێک بیر لەوە نەکاتەوە بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگ بگێڕێت".

### بەسەر دووبەرەدا دابەش بوون

هەڵۆ محەممەد کە قوتابی کۆلێژی هونەرە و لە هەمانکاتدا گۆرانیبێژە، دەڵێت "نەیارانی کورد مەبەستیان بووە کورد لە خۆشییەکانیان بکەن، جا بۆ ئەوەی خەونی دوژمنان نەیەتەدی، با لە نەورۆزدا ئاگر بکەینەوە، با ئاهەنگ هەبێ، با لە نەورۆزدا هێزی کورد نیشان بدەین".

هەڵۆ دژی ئەو بیرۆکەیەیە کە بەهۆی ئاهەنگگێڕانەوە بە هەندێک لە هونەرمەندان دەکرێت و دەڵێت "هیوادارم جنێودان بە هونەرمەندان لەسەر ئاهەنگگێڕان نەبێ بە مۆد، چونکە لە دواییدا تفی سەر هەوراز روو لە خۆمانە و دوژمنان دڵخۆش دەکات".

هونەرمەند ئەیاد حوسێن کە لە سوێد دادەنیشێ، لەگەڵ ئەوەدایە کە لە نەورۆزدا ئاهەنگ و کۆنسێرت هەبن، بەڵام بە مەرجێک بەشێک لە داهاتی ئەم کۆنسێرتانە بدرێتە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش.

ئەیاد گوتی "نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە و ناکرێت ئەم یادە پیرۆزە فەرامۆش بکەین و لەبیری بکەین، چونکە ئەگەر فەرامۆشمان کرد، ئەوا دڵی دوژمنەکانمان خۆش دەکەین".

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وابڵاوکرایەوە کە لۆکە زاهیر و دەشنێ موراد بەبۆنەی نەورۆزەوە لە ئەڵمانیا کۆنسێرت ساز دەکەن، بۆیە هەر لە فەیسبووک هێرشێکی زۆریان کرایە سەر.

لۆکە زاهیر لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "وا بڵاوکراوەتەوە کە من لە ئەڵمانیا ئاهەنگ دەگێڕم، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئێستا برا پێشمەرگەکانمان لە شەڕدان و ناکرێت من ئاهەنگ بگێڕم، بۆیە لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە من بەشداری لە هیچ ئاهەنگێکی نەورۆزدا ناکەم".

هونەرمەند عادل هەورامی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە تاوەکو ئێستا هەشت داوەتنامەی لە ئێران و وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ هاتووە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی نەورۆز، بەڵام هەموویانی ڕەتکردووەتەوە و دەڵێت "هەتا دڵۆپە خوێنێک لە جەستەی پێشمەرگەیەک بێت، بەشداری هیچ ئاهەنگێک ناکەم".

### نەوزاد هادی: ئاگری نەورۆز دەکەینەوە

ساڵانی ڕابردوو فێستیڤاڵی هەولێر ساز دەکرا و 11 ڕۆژ بەردەوام دەبوو، بەڵام نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند ئەمساڵ هیچ بودجەیەکیان بۆ ئەو فێستیڤاڵە تەرخان نەکردووە و فێستیڤاڵەکە ناکرێت، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: گەلی کورد ئێستا لە شەڕدایە لەگەڵ داعش. دووەم: بەهۆی قەیرانی دارایی هیچ بودجەیەک بۆ یادەکان خەرج نەکراوە.

سەبارەت بە کردنەوەی ئاگری نەورۆزیش وەکو ساڵانی ڕابردوو، پارێزگاری هەولێر گوتی "بێگومان ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە و ئەو یادە بەرز ڕادەگرین، بەڵام هیچ ئاهەنگ و چالاکییەکی هونەری ناکەین".



## یوسرا مەحنوش، بۆ (ڕووداو):

# 30000 دۆلارم بۆ ئاهەنگەکەی سلێمانی وەرنەگرتووە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو — هەولێر**

دوای سازکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی بەبۆنەی جەژنی خۆشەویستی لە شاری سلێمانی، یوسرا مەحنوش، یەکەمی گرووپی کازم ساهیر لە پرۆگرامی عەرەبی The Voice، لە ڕێگەی ئیمەیلەوە وردەکاری گەشتەکەی بۆ کوردستان باسکرد و ڕەتیکردەوە بۆ ئەو ئاهەنگە 30 هەزار دۆلاری وەرگرتبێ.

یوسرا بە (ڕووداو)ی گوت "سەردانی ئەمجارەم بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاهەنگێک بوو بۆ ڕۆژی خۆشەویستی، ئەمە دووەمجارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم، ساڵی ڕابردووش لە ڕۆژی خۆشەویستی لە هەولێر ئاهەنگم گێڕا کە ئاهەنگێکی زۆر سەرکەوتوو بوو".

یوسرا دەڵێت لە ڕێگەی سازدانی ئەو دوو ئاهەنگەوە بۆی دەرکەوتووە خەڵکی کوردستان چەندە بە پەرۆشن بۆ کارەکانی.

دوای ئەو ئاهەنگەی ڕۆژی خۆشەویستی لە شاری سلێمانی، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە یوسرا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دابنیشێ و لە ڕێستورانتێکی ئەو شارە بەشێوەیەکی بەردەوام هەفتانە گۆرانی بڵێت، بەڵام ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە "بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕاست نییە، من تەنیا لە کۆنسێرت گۆرانی دەڵێم".

بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی یوسرا مەحنوش لەگەڵ ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگۆی ئەوەی بەدوای خۆیدا هێنا کە گوایە ئەو خانمە بەنیازە لەگەڵ هەڵکەوت کارێکی هونەری بکات، یوسرا ئامادە نەبوو وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا بکات کە کار لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر دەکات یاخود نا "لە کوردستان چانسی بینینی زۆر کەسم بۆ ڕەخسا، دڵخۆش بووم کە ڕێز و خۆشەویستی ئەوانم بینی بۆ کارەکانم، هەڵکەوت زاهیریشم هەر لە سلێمانی بینی".

هێنانی ئەو هونەرمەندە بۆ سازدانی کۆنسێرتێک لە شاری سلێمانی بۆ ڕۆژی خۆشەویستی لە کاتێکدایە، کەمپینێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژی ئەو هونەرمەندە کوردانە دەستپێکردووە کە بە نیازن لە نەورۆزدا ئاهەنگ بگێڕن، چونکە دەڵێن ناکرێت کورد لە شەڕدا بێت لەگەڵ داعش و پێشمەرگە شەهید ببن، ئەوانیش ئاهەنگ بگێڕن.

یوسرا ئامادە نەبوو وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە هەیە.

یوسرا گۆرانیبێژێکی ناسراوە و وەکو ئەستێرەیەک دەردەکەوێت. ئەوە دووەمین ساڵە لەسەر یەک هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێ بۆ سازکردنی ئاهەنگی ڤالانتاین، لەوبارەیەوە گوتی "جێی دڵخۆشییە من دوو ساڵە لەسەر یەک لە هەرێمی کوردستان گۆرانی دەڵێم، ڕێکەوتێکی سەیر بوو کە دوو ساڵ لەسەر یەک بێمە کوردستان".

دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە یوسرا بڕی 30 هەزار دۆلاری بۆ ئەو کۆنسێرتەی سلێمانی وەرگرتبێت، بەڵام ئەو بەپێکەنینەوە گوتی "کێ ئەو قسەیەی کردووە؟ هەست ناکەن پارەیەکی زۆرە؟ بێگومان ئەوە ڕاست نییە".

لە میدیا عەرەبییەکانەوە هەواڵێک سەبارەت بە پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان کازم ساهیر و شیرین عەبدولوەهاب بڵاودەکرێتەوە، یوسرا لەوبارەیەوە گوتی "من هەرگیز هەستم بەشتێکی وا نەکردووە، بەداخەوە کە پڕوپاگەندەی لەو شێوەیە دەبیستم، شەرمە بۆ خەڵک کە پڕوپاگەندەی وا لە بارەی دوو ئەستێرەی گەورە بڵاودەکەنەوە".

(ڕووداو) لێی پرسی "تۆ لە ڕۆژی خۆشەویستی گۆرانی بۆ کێ دەڵێی، ئایا خۆشەویستت هەیە؟"، بەڵام ئەو گوتی "من گۆرانی بۆ خێزانەکەم دەڵێم، بۆ دایکم و باوکمی دەڵێم، گۆرانی بۆ هەر کەسێک دەڵێم کە منی خۆشدەوێت و پشتگیریم دەکات".

دەگوترێت، هەر کەسێک لە پرۆگرامەکانی کەناڵی ئاسمانی mbc دەربکەوێت دەبێ دواتر گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای پلاتینیوم ریکۆردز واژۆ بکات کە کۆمپانیایەکی سەر بەهەمان کەناڵە، یوسرا دەڵێت "من گرێبەستم واژۆ نەکرد، بەڵام ڕێزم بۆ mbc هەیە، ئەوان منیان بە باشترین شێوە بەخەڵک ناساند".

یوسرا هەر لە درێژەی ئەو قسانەیدا گوتی "ئێمە خێزانێکین سۆزمان لەگەڵ هونەر دەجوڵێت، دایک و باوکم گۆرانیبێژن، من یەکەمجار لە تەمەنی 3 ساڵی گۆرانیم گوت و لە تەلەفزیۆن دەرکەوتم، دواتر لە پرۆگرامی The Voice چانسی ئەوەم بۆ ڕەخسا لەگەڵ کازم ساهیر کار بکەم و دەربکەوم، دواتر یەکەمین کلیپی گۆرانیم بە شێوەزاری لوبنانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و بەوە زۆر دڵخۆش بووم".

یوسرا لە ئاهەنگەکانی هەولێر و سلێمانی لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین گۆرانی کوردی گوتووە، ئەو دەڵێت "زۆر گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم، بەڵام هیچ هونەرمەندێکی کورد لە نزیکەوە ناناسم".

سەبارەت بەدوایین کاری هونەریشی گوتی "پرۆژەیەکی هونەری نوێم ئامادەیە کە گۆرانییەکە و هەموو کارەکانی تەواوبوون، لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە".

یوسرا خەڵکی تونسە و ساڵی 1987 لەدایک بووە. ساڵی 1990 لە تەمەنی 3 ساڵیدا بۆ یەکەمین جار لەسەر تەلەفزیۆن گۆرانی گوتووە، یەکەمی گرووپی کازم ساهیر بوو لە پرۆگرامی The Voice ی کەناڵی ئاسمانی mbc و ئێستا لە لوبنان دادەنیشێ.

## پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ PKK کۆدەبێتەوە



**ڕووداو – بەرلین**

بڕیارە ڕۆژی 2014/2/26 لە دانیشتنێکی پەرلەمانی ئەڵمانیادا قسەر لەسەر هەڵگرتنی ئەو قەدەخە بکرێت کە خراوەتە سەر پارتی کرێکارنی کوردستان لەو وڵاتە. لە ساڵی 1993وە لە ئەڵمانیا قەدەخە کراوەتەوە سەر چالاکییەکانی پەکەکە. پێشنیازی بۆ هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر ناوی پەکەکە، لەلایەن گرووپی پارتی چەپی ئەڵمانی لە پەرلەماندا، پێشکەشکراوە. لە دانیشتنەکەی 26 ئەم مانگەدا، نوێنەرانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزیسیۆن، لەبارەی قەدەغەی سەر پەکەکەوە بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن.

# کۆنفرانسێک دەربارەی کورد لە مۆسکۆ



**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو-مۆسکۆ**

پەیمانگای ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە مۆسکۆ ئامادەکاری دەکات بۆ بەستنی کۆنفرانسێک لەبارەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کۆنفرانسەکە سەرەتای مانگی داهاتوو لە مۆسکۆ بە ئامادەبوونی چەندین دیپلۆمات و سیاسی و ئەکادیمی ڕووس و کورد بەڕێوەدەچێت.

یوری نەبیۆف، سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاری و پشتیوانی لە گەلی کورد لە ڕووسیا کە چالاکوانێکی کوردی ئێزیدییە و بە توێژینەوەیەک لەسەر پرسی کوردی ئێزیدی و ئایندەیان بەشداری دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "لە لایەن پەیمانگای ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە لە مۆسکۆ ئاگادارکرامەوە کە سەرەتای مانگی ئادار کۆنفرانسێک لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کورد بەتایبەتی ڕێکدەخەن". هەروەها گوتی "سازکردنی ئەم کۆنفرانسە نیشانەی بایەخدانی ڕووسەکانە بە دۆزی کورد".

ژمارەیەکی زۆری کورد لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەژین کە زۆربەیان کوردی ئێزیدین، دوای ڕووداوەکانی ئابی ڕابردوو کە چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و دەوروبەری، ئێستا کورد ڕۆژەڤی میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەیە، بە تایبەتی ڕووسیا.

زۆرینەی ئەو کوردانەی لە ڕووسیا دەژین لایەنگر و دۆستی پارتی کرێکارانی کوردستانن، بۆیە زۆربەیان پشتگیری لە داوای دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە شنگال دەکەن کە پارتی کرێکاران دەیجوڵێنێ و لە هەرێمی کوردستان وەک هەوڵێک بۆ دروستکردنی کانتۆن لێکدەدرێتەوە.

بەڵام یوری نەبیۆف دەڵێت کانتۆن چارەسەری کێشەی شنگال ناکات "من بەهەموو شێوەیەک دژی ئەو پێشنیازەم و دروستکردنی کانتۆن یاخود هەرێمی ئۆتۆنۆمی بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەمەوە، چونکە خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی گەلەکەمان لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە".

سەرەڕای ئەکتیڤییان، ئێزیدییەکانی ڕووسیا و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، هەست دەکەن پەراوێزخراون. سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاری و پشتیوانی گەلی کورد لە ڕووسیا نیگەرانی خۆی نەشاردەوە لە پشتگوێخستنی ئێزیدییەکانی ڕووسیا و وڵاتانی قەفقاس و گوتی "باشە چارەنووس و پێگە و ڕۆڵی ئەو ئێزیدییانەی کە چەندین ساڵە لە دەرەوەی وڵات چالاکی و کاری سیاسی و دیپلۆماتییان کردووە لە بەرژەوەندی باڵای کوردانی ئێزیدی، ئەو لۆبییەی ئێمە لێرە کردوومانە بۆ کێشەی کورد بەگشتی و کێشەی ئێزیدییەکان بەتایبەتی، لەکوێی ئەم کانتۆن و ئۆتۆنۆمییە جێی دەکرێتەوە؟ ئایا ئەوان بۆ ئەم بابەتە پرسیان پێکراوە؟".

کوردی ئێزیدی لە بواری سیاسی و ئەکادیمی و زانستی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و نووسین و چاپ جێ دەستیان دیارە. لە ئەرمەنستان بەشی کوردییان لە ڕادیۆی یەریڤان کردەوە، لە جۆرجیا بەهەمانشێوە ڕادیۆیان دامەزراند، هەروەها ڕۆژنامەی "ڕیا تازە"یان دەرکرد، ئەمە جگە لە هەڵکەوتنی چەندین کەسایەتی سیاسی، دیپلۆمات، ئەکادیمی، هونەرمەند، ئەکتەر، شێوەکار و بزنسمانی گەورە و بەناوبانگ.

### ئێزیدییەکان ئاینی خۆیان دەگۆڕن

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ژمارەیەک کوردی ئێزیدی لە ڕووسیا و وڵاتانی دیکەی سۆڤیەتی پێشوو واز لە ئاینی خۆیان دەهێنن و دەچنە سەر ئاینی مەسیحی. نەبیۆف ئەمەی ڕەتنەکردەوە و گوتی "لە باشووری کوردستان چڤاتێکی دینی هەیە، هەروەها لالش و پەرستگای دینی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێزیدیان هەیە، بەڵام لێرە ئەم جڤات و لالش و پەرستگایانە نین، ئەمەش وایکردووە هەندێک لە ئێزیدییەکان واز لە ئاینەکەیان بهێنن.

وەک ئەوەی لە ئاینی مەسیحی ڕوویدا، داوا دەکرێت لە ئاینی ئێزیدیشدا ریفۆرم بکرێت، نەبیۆف نەیشاردەوە کە ئاینەکەیان پێویستی بە ریفۆرمە "ئاینی ئێزیدی پێویستی بە ریفۆرم هەیە، چونکە بەمشێوەیەی ئێستا ئاینەکە بەرەو لاوازی و کاڵبوونەوە و تەنانەت لەناوچوون دەچێت. مەرجی ئێزیدایەتی ئەوەیە کە بە ئێزیدی لەدایک ببی، واتە هیچ کەسێکی دیکە لە ئاینەکانی دیکە قبوڵ ناکات، هەر ئێزیدییەکیش ئاینی خۆی بگۆڕێ حاشای لێ دەکرێ، ئەمە وا دەکات ئەو ئاینە لەناوبچێت".

# ڕۆمانی کەنەدییەک حەیای تورکیا دەبات




**ئاڤا هوما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

"کەنەدییەکی گەشتیار دەچێتە تورکیا و لەوێ بە کوردێک ئاشنا دەبێت کە ژیانی بەیەکجاری دەگۆڕێت". ئەوە ناوەڕۆکی یەکەمین ڕۆمانی لۆری فراسێرە بەناوی (وشە نەگوتراوەکە). چیرۆکێکی نیمچە بیۆگرافیە لەسەر ژیانی خۆی: ئەو نووسەرە کەنەدییە ساڵی 1990 لە تورکیا هاوسەرگیری لەگەڵ کوردێک دەکات بەناوی ئامەد.

فراسێر لە ڕۆمانەکەیدا خۆی وەک (لی) دەناسێنێ کە کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، لی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی گەنجێکی جوان و سەرکێشی کورد کە زۆر بە باشی لەگەڵ گەشتیاران دەئاخڤێ و شوێنیان بۆ دەدۆزێتەوە و فەرشیان پێدەفرۆشێت. پاش هاوسەرگیرییە خێراکەیان، لی بۆی دەردەکەوێ کە ئامەد ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانە.

ئامەد ئەو کارەی وەک هەلێک بەکاردێنێ بۆ ئاشناکردنی گەشتیاران بە بارودۆخی کورد لە تورکیا و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە. ئەو هانی ڕۆژنامەنووسان دەدات لەسەر کێشەی کورد بنووسن. کاتێک لە ئیستەنبوڵ پۆلیسێکی تورک دەبینێ لە پیاوێکی کورد دەدات بۆ پارە، ئەو کوڕە لێی دەچێتە پێشەوە و بەسەر پۆلیسەکەدا هاوار دەکات و وەک کەسێکی بە دەسەڵات خۆی پێشان دەدات لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو کەسە.

کاتێک پیاوەکە ڕزگار دەکات، لی لێیدەپرسێ کە بۆچی ئەو کارەی کرد؟ ئامەد دەڵێت "تەماشای دەوروبەرت بکە. هیچ کەسێک دەبینی یارمەتی ئەو کابرایە بدات؟ بێگومان نەخێر!".

هەرچەندە لی لەسەرەتاوە بەتەواوی دژی توندوتیژی بووە، بەڵام کاتێک بارودۆخی کوردی باکووری کوردستان دەبینێ، لەوە تێدەگات کە چۆن خەڵکانێکی بێدەسەڵات هیچ ڕێگەیەکیان نییە جگە لە گرتنەبەری توندوتیژی لە پێناو ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ دۆزەکەیان، بەڵام کتێبەکە خۆی بە دوور ناگرێت لەوەی کە ئەم جەنگە ناوزەند بکات بە "شەڕێکی پیس" یان "شەڕی پیاوێکی هەژار".

"ئەو هەست بەوە دەکات دواجار وەک تورکێک بیربکاتەوە، چونکە توندوتیژی لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا قبوڵکراوە، ئەو کەنەدییەکی ئاسایی بووە، بە هەموو جۆرێک دژی توندوتیژی بووە. ئەو ترسە ڕێخۆشکەرە بۆ توندوتیژی، ئەو ئێستا لەوە تێدەگات کە کەنەدییەکان شتێکی ئەوتۆیان نەزانیوە دەربارەی ترس". ئەمە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەیە.

ئەو ڕۆمانە باس لە چیرۆکی گۆڕانکاری و جیاکاری دەکات. لی پێیوایە گەشتکردن لە ڕۆژئاوای تورکیاوە بۆ بەشە کوردیەکەی لە ڕۆژهەڵات، وەک گەشتکردن وایە لە جیهانی یەکەمەوە بۆ جیهانی سێیەم.

هەرچەندە کتێبەکەی فراسێر ڕۆمانە نەک یادەوەری، بەڵام خوێنەر هەرگیز درک بەوە ناکات لە کوێدا خەیاڵ زاڵ دەبێت بەسەر ئەزموونی ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر.

پاش چەند ڕۆژێک لە ئاهەنگی شووکردنی، چاوی بە چەند کوردێک دەکەوێت کە گوندەکەیان لەلایەن سوپای تورکیاوە سووتێنراوە. ئێستا ئەو کەسانە بێ ماڵ و حاڵ و برسین، لە شوێنێکدا گیرساونەتەوە کە هیچ شتێکی لێ نییە و لەناو قوڕ و باراناودا و بەبێ جلوبەرگی گەرم بەرەوڕووی ژیانێکی سەخت بوونەتەوە.

"منداڵان لە لی کۆدەبنەوە و تەماشای دەکەن، ئەویش تەماشایان دەکات. دەموچاو و جلوبەرگیان زۆر پیسە. قژیان ڕەق بووە لەنێو چڵکدا، کوڕێکی بچووک زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. منداڵەکە پێی خاوسە و قاچی لەناو قوڕدایە. ددانە سپییەکانی لەژێر لێویەوە دەردەکەوێ. چاکەتە گەورەکەی بەری لە زەوی دەخشێ."

لەکاتی گەڕانەوەیاندا، ئامەد پرسیار لە لی دەکات: دەبینی گەریلاکان لەکوێوە پەیدا دەبن؟ لی وەڵامدەداتەوە: "لە شوێنێکەوە کە مرۆڤایەتی لێ نەماوە". لی پاش بینینی ئەو بارودۆخە بیروڕای دەگۆڕێت و پشتگیری لە ئامەد دەکات.

(وشە نەگوتراوەکە) ڕۆمانێکی 600 لاپەڕەییە، دەستی خوێنەر دەگرێت و دەیبات بەناو کۆمەڵگەی تورکیداو ئەزموونی ژیانی لی نیشان دەدات لەو شوێنەی کە نە نانەواخانەی هەبووە نە ئاوی گەرم. خوێنەر وابەست دەبێت بە هەست و دڵگەرمیی ئامەد بۆ شەڕکردن لە پێناوی ئازادی. نووسەر حوکم نادات بەسەر ئامەد و لی و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە. بەپێچەوانەوە، وەک کاراکتەرێکی ئاڵۆز و پێچەوانە نیشانی خوێنەریان دەدات تا بۆ خۆیان بڕیار بدەن. ئەم ڕۆمانە کە لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدایە، خوێنەر تووشی شۆک دەکات بە فرمێسک و پێکەنین. جگە لەوەی ڕۆمانەکە سەرکێشیەکی ڕۆمانسیە، کتێبەکە گەڕانێکە بەنێو کەلتوور و سیاسەتی کورد و تورکیا. سەرنج و خۆشەویستییان بۆ یەک، ئامەد و لی پێکەوە گرێدەدات، سەرەڕایی جیاوازیی کەلتووریان.

# سوێد.. ڕۆژنامەیەک کۆچبەران لە سواڵکردن ڕزگار دەکات




**ڕووداو- ڕادیۆی سوێد**

ڕۆژنامەیەکی نوێ بەناوی "خەڵک خەڵکە" دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە کە لەلایەن کۆچبەرانەوە دەفرۆشرێ. مەبەستی سەرەکی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە کە ئەم کۆچبەرانە واز لە سواڵکردن بهێنن، بەڵام ئەم هەڵوێستە لە هەموو لایەکەوە پێشوازی لێناکرێت.

یەکێک لەوانەی ئەم ڕۆژنامەیە دەفرۆشێت ئایشەیە. ئەو دەڵێ باشترە کار بکەیت لەجیاتی ئەوەی سواڵ بکەی. ئایشە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "خەڵک خەڵکە" دەفرۆشێت.

لە مێژە ڕۆژنامەی دیکە هەمان کار دەکەن. کەسانی بێ لانە ڕۆژنامەی "دۆخی ستۆکهۆڵم" دەفرۆشن و هەروەها ڕۆژنامەیەکی دیکە کە کۆچبەرانی ئەورووپی دەیفرۆشن، ڕۆژنامەی "فاکتوم"ە.

ئەم ڕۆژنامە نوێیە بە 100 کرۆنی سوێدی دەفرۆشرێ و 75 کرۆنی بۆ ئەو کەسەیە کە دەیفرۆشێ. ڕۆژنامەی "خەڵک خەڵکە" سەرەتا لە ساڵی 2012دا لە نەرویژ دەرچوو. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە سوێد دۆسیەیەکی سەبارەت بە بەسەرهاتی ڕۆمەکان (قەرەجەکان) لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی تێدایە.

یەکێک لەو ڕێکخراوانەی هاوکاری ئەم ڕۆژنامەیە دەکەن بۆ دابەشکردن، ڕێکخراوی کۆچبەرانی بێ لانەیە کە بەکورتی بە "هێم" ناودەبرێت. جێگری بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە، سڤێن هۆڤمۆیلێر دەڵێت ڕۆژنامەکە داواکاریی زۆری لەسەرە.


هۆڤمۆیلێر دەڵێ مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە کە کۆچبەران لە سواڵکردن دووربخەینەوە و هەمیش داهاتێکی باشتریان هەبێت. هەروەها مەبەستمانە ئەوانە لەسەر قاچی خۆیان بوەستن و لە ئاستی کەسانی دیکەدا بن و چاو لە چاویان بکەن "ئەمەش نرخی ئینسان، بەخۆباوەڕبوون و هەستی خۆناسین بەرز دەکاتەوە، هەروەها نەفرەت بەرامبەر بەم کەسانە کەمدەکاتەوە".

ئامیدێ وەکو ئایشە لە وێستگای ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم ڕۆژنامەی "خەڵک خەڵکە" دەفرۆشێت. ئامیدێ باس لەوە دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ سواڵکردن، کاتێک کە ئەم ڕۆژنامەیە دەفرۆشێت خەڵک بە ڕێزەوە سەیری دەکەن.

ئامیدێ دەڵێ فرۆشتنی ئەم ڕۆژنامەیە پارەی لە سواڵکردن باشترە "چونکە کاتێک کە ڕۆژنامە دەفرۆشی، خەڵک بە ڕێزەوە لێت دەڕوانن، بەڵام لەکاتی سواڵکردندا وا نییە".

تاوەکو ئێستا دوو چاپی ئەم ڕۆژنامەیە بەتەواوی فرۆشراوە و هەم لەلایەن فرۆشیاران هەم لەلایەن کڕیاران داوای دەکرێت. بەڵام هاوکات دامەزراندنی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ڕۆژنامەکانی دیکە پشێوی لە شەقامەکان پەیدا بووە. لە شاری یۆتۆبۆری ڕۆژنامەی "فاکتوم" کەمپینێکی بۆ بەهێزترکردنی دۆخی خۆیان لەم بازاڕەدا دەستپێکردووە. ئەمەش تا بتوانن لەگەڵ ڕۆژنامەی "خەڵک خەڵکە" کێبڕکێی فرۆشتن بکەن. بەڵام تاوەکو ئێستا ڕۆژنامەی "فاکتوم" لە شاری ستۆکهۆڵم هەڵوێستێکی وەهای نەبووە.

ڕۆگێر کە ڕۆژنامەی "دۆخی ستۆکهۆڵم" دەفرۆشێت، باس لەوە دەکات کە هەستی پێکردووە کۆچبەرانی ئەورووپی هەر وەکو ئەو، دەستیان بە فرۆشتنی ڕۆژنامە کردووە. بەڵام ڕۆگێر سەبارەت بە داهاتوو نیگەران نییە "چونکە بازاڕێک هەیە بۆ هەموو کەسە. لەوە تێدەگەم کە ئەوان کێشەی خۆیان هەیە، منیش کێشەی خۆم هەیە. بۆیە من پێم ئاساییە".




Empire
Building the Future World

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
★ ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


SIDAR
AGENCY
سیـــدار ئێجێنســـی، کۆمپانیـــای تایبـــەت بە کاری ڕێـــکلام و مارکتینـــگ و بەرهەم هێنانی میـدیایی، تـاکە بریـکاری سـەرەکی تۆڕی میـدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێـکلام کردن لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و پۆرتاڵی ڕووداو.
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو
پەیوەندی بکە بە:
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

## تۆڕی ژنانی پەرلەمان دروست دەکرێت



**ڕووداو- هەولێر**

ئێڤار ئیبراهیم، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پرۆژەیەکی ئامادەکردووە لەژێر ناوی (تۆڕی ژنانی پەرلەمان) بە مەبەستی یەکخستنی تواناکانی ژنە پەرلەمانتارەکان. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا لەو تۆڕەدا چەند ئامانجێکیان هەیە، لەوانە "بەدەستهێنانی پشکی 30%ی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ ژنان، وەک چۆن ئێستا ئەو ڕێژەیە لە پەرلەماندا هەیە، تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بە ژنان لە بودجەی گشتی، هەروەها کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن".

زۆرتر دەیاننێرنە پەرلەمان

# 27 ژن لە سەرکردایەتی حیزبەکانی هەرێمی کوردستاندان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

حیزبەکانی باشووری کوردستان، هێشتا پێوەرە پەرلەمانییەکە بۆ بەشداریی ژن لە کاری حیزبی و سیاسیدا پێڕەو ناکەن و ئافرەت وەک پێویست نەیتوانیوە لەنێو سەرکردایەتی حیزبەکاندا جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان ناچاریان دەکات 25%ی کاندیدەکانیان ژن بن.

لە یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی، ژن گەیشتووەتە نێو مەکتەبی سیاسی، کۆمەڵی ئیسلامیش دەیەوێ لە کۆنگرەی داهاتوودا کورسییەکی مەکتەبی سیاسی بداتە ژنێک.

لەکۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا لە ساڵی 2010، پێنج ژن توانییان بگەنە سەرکردایەتی، چواریان بەدەنگی خۆیان و یەکێکیش بەکۆتا. دواتر هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی، کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی، بەڵام لەئەیلولی 2013 دەستی لە بەرپرسیارێتی مەڵبەند کێشایەوە.

ئێستا لەنێو یەکێتیدا ڕێژەی 25% لە سەرکردایەتی و مەڵبەند و مەکتەبەکان بۆ ژن دانراوە. وەسفیە بەنی وەیس، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە "ئێستا پێگەی ژن لەنێو سەرکردایەتی یەکێتی باشە"، بەڵام گوتیشی دەیانەوێ لە کۆنگرەی چوارەمدا داوای زیاترکردنی پێگە و ڕێژەی ژن بکەن لەنێو سەرکردایەتیدا.

هەرچەندە کۆنگرەی چوارەمی ئەو حیزبە بۆ خۆی بووەتە ئاریشەیەکی گەورەی نێوان باڵە ناکۆکەکان و هێشتا ڕوون نییە ئەوە ڕوودەدات یان نا. بەڵام وەسفیە دەڵێ "ژنان ڕاستگۆتر و دڵسۆزانەتر لە بواری سیاسیدا کار دەکەن".

### پارتی: پیاو ناهێڵن

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبەکانی باشووری کوردستان دەژمێردرێ و لەدوایین کۆنگرەی خۆیدا کە لە 2010دا بەسترا، 6 ژن گەیشتنە سەرکردایەتی کە یەکێکیان یەدەگە، هەر لەو 6 ژنەش 2 ژنیان بەبێ کۆتا سەرکەوتن، بەڵام هیچ ژنێکیان نەگەیشتنە مەکتەبی سیاسی.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هۆکاری نەبوونی ژن لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بۆ بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتیانە دەگێڕێتەوە و پێیوایە لە کوردستاندا سەرکردە پیاوەکان وای دەبینن ئافرەت دەبێتە ململانێکەریان لەڕووی سیاسییەوە "زۆرجاریش بەهۆی ململانێی نێوان خۆیانەوە ئافرەتان پەراوێز دەخرێن".

چنار سەعد بەلایەوە گرنگە کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردان زیاتر بکرێت تا لەوێوە ڕۆڵی کاریگەرتریان هەبێت لە دروستکردنی بڕیار، ئەوەش بەمەبەستی زیادبوونی بەرکەوت و مافەکان کە دەبێتە سەرکەوتنی زیاتری پرۆسەی دیموکراسی و بەرقەراربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

### گۆڕانیش ڕازی نین

چاوەکان زۆرتر لەسەر بزووتنەوەی گۆڕانن. چونکە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەو بزووتنەوەیە هیچ کون و کەلەبەرێکی حیزبی و ڕێکخراوەیی و پەیکەربەندی پارتی و یەکێتی نەماوە ڕەخنەی لێنەگرتبێ.

لەماوەی ڕابردوودا، جڤاتی نیشتمانی گۆڕان کە بەرزترین نێوندی حیزبی گۆڕان بووە و وەک سەرکردایەتی گۆڕان لێی دەڕوانرێ، تەنیا 3 ژن تێیدا ئەندام بوون و بەپێی دەستووری نێوخۆیی ئەو بزووتنەوەیەش، بوونە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان دەبێ و لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزای سلێمانی ژنێک دەرچووە بۆ جڤاتی نیشتمانی.

گوڵستان سەعید، ئەندامی دەرچووی ئەنجوومەنی قەزای سلێمانی بۆ جڤاتی نیشتمانی دەڵێ "ئێستا ڕێژەی 20% لەنێو جومگەکانی گۆڕان بۆ ژنان جێگیر کراوە، بەڵام لەهەوڵداین بیکەینە 30%. ئێمە دەمانەوێت ژنان بەهەوڵی خۆیان بگەنە ئاستەکان، نەک بە کۆتا".

گۆڕان لەئەزموونی یەکەمی بەشداریکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقدا هیچ ژنێکی کاندید نەکرد، لەو ڕووەوە گوڵستان سەعید گوتی "بۆ حکومەت ژنان کەمتر سیڤییان پێشکەش کرد، ئەگینا بەشدارینەکردنەکە پەیوەندی بەگۆڕانەوە نەبوو".

### یەکگرتوو زۆرترین ڕێژەی هەیە

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش کە 21 ساڵ لەمەوبەر ڕاگەیەندراوە، بەپێی پەیڕەوی نێوخۆیی 25%ی پۆستەکانی حیزبی بۆ ئافرەتان تەرخانکردووە. لەدوایین کۆنگرەشیدا کە لە بەهاری 2012 بەسترا، 9 ژن چوونە سەرکردایەتی کە 5 یان بەدەنگی خۆیان بووە. لەو 9 ژنەش 3یان گەیشتوونەتە مەکتەبی سیاسی.

ناسک تۆفیق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو دڵخۆشە بەو ڕێژەیەی ژنان لە نێو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی و بەڕێژەیەکی "باش" وەسفی کرد "بەڵام هەوڵیش دەدەین بۆ ئەوەی لەمەودوا ژنان بەدەنگی خۆیان بڕۆنە پۆستەکان، نەک بەکۆتا".

هەر لەنێو یەکگرتوودا لەکۆی 12 بەرپرسی مەکتەب 5 یان لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام تائێستا بەرپرسیارێتی مەڵبەندیان وەرنەگرتووە، لەو ڕووەشەوە ناسک تۆفیق گوتی "حیزب داوای کردووە بەرپرسیارێتی مەڵبەندیش وەربگرین، بەڵام خۆمان وەرماننەگرتووە".

بۆ کابینەی نوێی حکومەتی عێراق کە وەزارەتی ژنان بەر یەکگرتوو کەوت، ژنێکی بۆ پۆستەکە دیاریکرد، بەڵام تائێستا لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمدا هیچ ژنێکی کاندید نەکردووە "بۆ کابینەی هەشتەم، ئەمینداری گشتی داوای کرد خوشکێکمان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرێ، کاندیدیشمان هەبوو، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنا". ناسک وایگوت.




( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

### کۆمەڵ.. حیزبێک بەبێ ژن

کۆمەڵی ئیسلامی چواردە ساڵە دامەزراوە و لەکۆی 31 ئەندامی سەرکردایەتی تەنیا یەکێکیان ژنە وهەموومەکتەبی سیاسییەکەشی لە پیاو پێکهاتوون.

ئەو حیزبە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆئەوەی سێیەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، هەر بۆیە ڕێکخراوی خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامی بە هەلی دەزانن مشووری خۆیان بخۆن و پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە تاوەکو لە کۆنگرەدا قسەیەکیان هەبێ و بیخەنە بەردەستی ئەندامان و داوای ڕێژەی 25%ی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بکەن.

ئاڤان شێخ ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ گوتی پرۆژەکەیان چەند خاڵێک لەخۆ دەگرێت، لەوانەش تەرخانکردنی ڕێژەی 25%ی پۆستە حیزبی و بەرکەوتەکانی کۆمەڵ لە حکومەت بۆ ئافرەتان بێت "لەم کابینەیەشدا لە بەرکەوتەی کۆمەڵ ڕاوێژکارێکمان لە ئەنجوومەنی وەزیران دراوە بەخوشکێک، جگە لەوەش داوا دەکەین لە سیستەمی حیزبدا یاریدەدەری بەرپرسی مەڵبەند دابنرێتەوە و ئافرەتێک ئەو پۆستە وەربگرێت". ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ گەشبینە بە پرۆژەکەیان کە لە کۆنگرەدا دەنگی پێویست بهێنێ.

بەڵام هاوژین عومەر، سەرۆکی لیژنەی باڵای نەخشەڕێی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵ، باسی بەرنامەی پێشوەخت دەکات و دەڵێ "20%ی ئەندامانی کۆنگرە بۆ ئافرەتان دانراوە و بۆ سەرکردایەتی داهاتووش دەبێت 10%یان ئافرەت بن". سەبارەت بەو پرۆژەیەش گوتی "هەر پرۆژەیەک هەبێت پێویستە پێش کۆنگرە بخرێتە بەردەستی لیژنەی باڵای نەخشەڕێی کۆنگرەی سێیەم بۆ گفتوگۆکردن لەسەری".

هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامییە، وەک عەبدوڵڵا وەرتی گوتەبێژی بزووتنەوەکە گوتی، لەدوایین کۆنگرەیاندا لەکۆی 23 ئەندامی سەرکردایەتی 3یان ژن بوون بۆ هەڵبژاردنی 9 ئەندامی مەکتەبی سیاسیش یەکێکیان ئافرەت دەرچووە.

# داوای توندکردنی سزای خەتەنەکردنی کچان دەکرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان، پرۆژە یاسایەکیان ئامادەکردووە بۆ هەموارکردنی بڕگەی تایبەت بە خەتەنەی مێیینە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. بەرپرسانی ڕێکخراوەکە دەڵێن سزاکانی نێو یاساکە نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم خەتەنەی مێیینە.

پزیشکانی پسپۆڕ ساڵانێکی زۆرە هۆشداری دەدەن لەوەی کە خەتەنەکردنی مێیینە دەرهاویشتەی نەرێنی هەیە و دەبێتە هۆی لاوازبوون یاخود نەمانی چێژی سێکسی لای مێیینە. ئەمە جگە لەوەی کە پێشێلکردنی کەسێتی تاکە و تەماشاکردنیەتی وەک ئامرازێک بۆ سێکس کە مێیینە لەهەموو ڕەهەندە ئینسانییەکانی دادەماڵێ.

لەماددەی شەشەمی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستاندا کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ناسراوە، لەسێ بڕگەدا باسی سزاکانی ئەو کارە کراوە. لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە "هەر کەسێک هانی کردەوەی خەتەنەکردنی مێیینە بدا، سزای دارایی دەدرێ بەشێوەیەک کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت".

لەبڕگەی دووەمیشدا هاتووە "هەر کەسێک کردەوەی خەتەنەکردنی مێیینەی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد، سزای بەندکردن بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لەدوو ساڵیش زیاتر نەبێت، هەروەها سزای داراییش دەدرێ کە لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لەپێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان یەکێک لەو دوو سزایە".



یاساکە لەبڕگەی سێیەمدا دەڵێت "هەر کەسێک کردەوەی خەتەنەکردنی مێیینەی ناکامی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد، سزای بەندکردن بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کە لەیەک ساڵ کەمتر نەبێت و لەسێ ساڵیش زیاتر نەبێت، غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێت کە لەپێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 10 ملیۆنیش زیاتر نەبێت، یان بەیەکێک لەو دوو سزایە".

### سزای قورستریان دەوێ

بەڵام هەندێک چالاکوانی مافەکانی ژنان، بەو سزا و ڕێوشوێنانەی نێو یاساکە ڕازی نین، بۆیە پرۆژەیاسایەکی نوێیان ئامادە کردووە بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایە.

شۆخان حەمەڕەشید، پارێزەر و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان گوتی کە لە سزاکان ڕازی نییە "دەبێ هاوتای یاسای عێراقی بکرێت کە (ماددەی 412ی جینایات)ە و سزاکەی لە حەوت ساڵ زیاترە".

حەسەن ساڵح، ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستانیش ڕایگەیاند کە هەر پرۆژەیەک هەبێت بۆ قورسترکردنی سزای خەتەنەکردنی مێیینە پشتگیری دەکەن "منیش دەزانم ئەو سزایەی بۆ ئەو حاڵەتە دانراوە زۆر کەمە، بۆیە پێشێلکارییەکانیش بەردەوامن".

### کوردستان یەکەمە

بەگوتەی چالاکوانان، تاوەکو ئێستاش لە کوردستان حاڵەتی خەتەنەکردنی مێیینە ماوە.

فەلاح مورادخان، لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی دەڵێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆرترین حاڵەتی خەتەنەکردنی مێیینە لە کوردستانە، بۆیە گوتی "لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف دەستمانکردووە بەهەڵمەتێکی سەرتاسەری لە عێراق و کوردستان، دژی خەتەنە".

سەرەتای 2014، ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی توێژینەوەیەکی لەنێو 5 هەزار و 143 ئافرەت کرد، دەرکەوت 2 هەزار و 965 کەسیان خەتەنەکرابوون. 18 لەوانەی خەتەنە کرابوون، تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵان بوو. هەروەها 91 لەو کچانەی خەتەنە کرابوون تەمەنیان لە نێوان 6 تاوەکو 10 ساڵاندا بووە. 432 لەوانەی خەتەنەکراون تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 18 ساڵان بووە. هەروەها 495 لەو خەتەنەکراوانە تەمەنیان لە نێوان 19 تاوەکو 25 ساڵان بووە.

فەلاح مورادخان بوونی یاسا بەگرنگ نابینێت بۆ بنەبڕکردنی ئەو حاڵەتە، بەڵکو چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی بەلاوە گرنگترە "ئەوەش تەنیا بەسزادان ناکرێت، چونکە دەبینین تائێستا هیچ کەسێک سزا نەدراوە".

### زانایان: یاسای ناوێ

مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەڵێ خەتەنەکردنی مێیینە بۆچوون و ڕای جیاوازی زانایانی لەسەرە و لە کوردستان ئەو دیاردەیە بەرەو نەمان دەڕوات "خەتەنەکردنی مێیینە پێویستی بەیاسا نییە، بەڵکو بەندە بە وشیارکردنەوەی تاک".

مەلا عەبدوڵڵا پێیوایە نابێ تەنیا داوای ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی بکرێ و وەک ئەو باسیدەکات هۆشیاری و پەروەردە و حکومەتیشی پێویستە "دەکرێت مامۆستایانی ئاینی زانیاری بدەنە خەڵک و پێیان بڵێن کە ئاساییە خەتەنە نەکرێت".

یەکێک لەکاریگەرییە خراپەکانی خەتەنەکردنی مێیینە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسێکسەوە هەیە و ئەو هەستە لای قوربانییەکە لاواز دەکات. د.ڤیان سەعدی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون لایەنە زانستییەکەی ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "ئەو پارچە گۆشت و دەمارە سەرەکییەی بەهۆی خەتەنەوە دەبڕدرێت حەزی سێکسی لای ئافرەت ناهێڵێت و کاریگەری دەکاتە سەر گەیشتنی ئافرەتەکە بە حاڵەتی ئۆرگازم". ئەو پزیشکە بە دووری نازانێ هەندێکجار بەهۆی خەتەنەکردنەوە کەسی خەتەنەکراو تووشی خوێنبەربوون ببێ.

بەوپێیەی ئەو کچانەی خەتەنە دەکرێن بە ئاگاداری کەسوکاریانە و زۆربەشیان منداڵن، بۆیە ناتوانن سکاڵای یاسایی دژی ئەو کارە تۆمار بکەن.

کوردە عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەڵێت هیچ سکاڵایەکیان لەوبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە "ئەوانەی خەتەنە دەکرێن منداڵن، چۆن بتوانن سکاڵا تۆمار بکەن".

## ژن و پیاوێک بریندار دەبن



**ڕووداو — هەولێر**

لە شارۆچکەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەسەر زەوی زێدەڕۆ کێشە لەنێوان دوو بنەماڵەی ئەو شارۆچکەیە دروستدەبێت و دەبێتە شەڕە تەقە. جەبار مستەفا، بەڕێوەبەری پۆلیسی خەبات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند شەڕەکە لەنێوان دوو بنەماڵەی کاکەیی و هەرکی ڕوویداوە، ئافرەتێک و پیاوێکیش لەو شەڕەدا بریندابوون. هەروەها گوتیشی "گوللەیەک بەر قاچی ئافرەتەکە کەوتووە، پیاوەکەش بە بەرد بریندارکراوە". بەڕێوەبەری پۆلیسی خەبات ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد هیچ کەسێک لەسەر ئەو شەڕە دەستگیرنەکراوە، کەسیش سکاڵای تۆمارنەکردووە.

# مەلایەک لە هەولێر لەسەر "تاوانی ئابڕووبەر" دەستگیر دەکرێت

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە دوو هەفتەیە مەلایەکی شاری هەولێر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەیە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گرتنی ئەو مەلایە دەڵێت "بە تۆمەتی نێربازی دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بە تاوانەکەدا ناوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، مەلا (ئـ) پێشنوێژ و وتارخوێنی یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر، نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکە لە قەزای بنەسڵاوە دەستگیرکراوە.

سەرچاوە ئاگادارەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو مەلایە لە بنەسڵاوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و بەپێی مادەی 401 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوە و ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە".


عەلی وەلی، موختاری ئەو گەڕەکەی مزگەوتەکەی لێیە، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ئەو مەلایە دەستگیرکراوە و گوتی "ئێمەش وەکو ئێوە بیستوومانە کە دەستگیرکراوە، بەڵام نازانین لەسەر چی گیراوە". گوتیشی "ئەو مەلایە تازە هاتووەتە ئەو مزگەوتەی گەڕەکەکەمان، پێشنوێژ و وتارخوێن بوو، بەڵام ئێمە هیچ زانیاریمان لەبارەی نییە، چونکە کەسێک کە دێتە گەڕەکەکەمان دەبێت فۆرمێک لەلای موختار پڕبکاتەوە. فۆرمەکە زانیاری کەسی تێدایە لەبارەی ناوی سیانی خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی لەگەڵ پیشەکەی، بەڵام ئەو سەردانی ئێمەی نەکردووە، بۆیە نازانین ئەو کەسە کێیە و لە کوێ هاتووە".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە مەلا سەعید عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە کە ئەو مەلایە ئەندامی ئەوان بێت و گوتی "هیچ مەلایەک بەو ناوە ئەندام نییە لەلای ئێمە". مەلا سەعید گوتیشی "کەسێک کارێکی وا ئابڕووبەرانەی کردبێت، هەر مەلا نییە و گوناهە پێیبگوترێ مەلا".

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو مەلایە بە ئەندام لە یەکێتییەکەیان لە ئایندەدا، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی گوتی "ئێمە ناتوانین پێش بڕیاری دادگا بکەوین، چونکە ئەو جارێ تۆمەتبارە و هێشتا تاوانەکەی بەسەردا ساخ نەبووەتەوە".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، دوای بیستنی هەواڵەکە پرسیاری لە کارمەندان و بەڕێوەبەرانی وەزارەتی ئەوقاف کردووە، بەڵام هەموویان گوتوویانە ئەوان ئاگاداری گرتنی ئەو مەلایە نین.

مەریوان نەقشبەندی گوتی "ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین لەم ماوەیەدا تەنیا یەک مەلا لە دارەتوو دەستگیرکراوە، بەڵام پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە، بەڵکو بەتۆمەتی ئەوەی خەڵکی هانداوە بۆ چوونە ناو داعش دەستگیرکراوە".



### سزاکەی چییە؟

ئەو جۆرە تاوانانە دەچنە بابی سێیەمی یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969 لە یاسای سزادانی عێراقی کە بە بابی (الفعل الفاضح المخل بالحياء) ناسراوە و مادە 400 تاوەکو 404 دەگرێتەوە. ئەم مەلایە بەپێی مادەی 401ی ئەو یاسایە دەستگیرکراوە.

لە مادە 401ی ئەم یاسایەدا هاتووە "ئەوەی کردەوەیەکی ئابڕووبەرانەی لێ ئاشکرا ببێ، بە بەندکردن سزا دەدرێ کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، هەروەها بە سزایەکی دارایی کە لە پەنجا دینار زیاتر نەبێ، یان بە یەکێ لەم دوو سزایە".



**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## کونسوڵخانە بەهانایەوە هات

کچێکی تەمەن 21 ساڵ، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە هاوڕێ کچەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە کە لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدایە و باوکی لێناگەڕێت بگەڕێتەوە دەرەوەی وڵات. هاوڕێکانی ئەو کچە پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن و قسەی ئەو کچەش دەگەیەننە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتەی کچەکەی لێ دەژی.

کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە کوردستان ڕاپۆرتێکیان بەرز کردەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و داوایان کرد کە هەرچی زووە ئەو هاووڵاتیەیان بدۆزرێتەوە و بهێنرێتە کونسوڵخانە بۆئەوەی بزانن کێشەکەی چییە.

دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بڕیاری دا بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون و کۆپی پاسپۆرتەکەی هاتووە، هەوڵ بدرێت بدۆزرێتەوە و فەرمانی دەستگیرکردنیشی بۆ باوکەکە دەرکرد بەپێی ماددەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

کاتێک باوک و کچەکە هێنرانە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کچەکە گوتی هیچ سکاڵایەکی لەسەر باوکی نییە، بەڵام ناتوانێت لە کوردستان بژیت و دەیەوێ بگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی لە دەرەوە. ئەو کچە گوتی من لە تەمەنی 3 ساڵییەوە لە دەرەوە دەژیم، حەز دەکەم هەر ئێستا بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم. من خزمم لەوێ هەیە و دەچمە لای خزمەکانم، دواتریش من منداڵ نیم، دەتوانم خۆم بژێینم.

هەرچەندە باوکەکە گوتی ئارام بگرە بەیەکەوە دەچینەوە، بەڵام کچەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی بەزووترین کات بگەڕێتەوە، بۆیە باوکەکە گوتی تازە من ناچارم لەبەرتۆ بگەڕێمەوە، بەڵام کچەکە قەناعەتی بە قسەکانی باوکی نەهات، لە کۆتاییدا باوکەکە ڕەزامەندی دەربڕی کە لەگەڵی بگەڕێتەوە.

کچەکە هیچ سکاڵای لەسەر باوکی نەبوو تەنیا دەیویست بگەڕێتەوە، باوکەکەش هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر کچەکەی نەبوو کەوا ڕێگری لێبکات، بەڵام دۆسیەکەیان ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، باوکەکە بە کەفالەت ئازادکرا و کچەکەش لەسەر داوای کونسوڵخانە ڕەوانەی کونسوڵخانە کرا. کچەکە گوتی من دەمەوێ ئێستا بگەڕێمەوە، بۆیە لەماوەی چەند کاژێرێکدا بەبێ ئەوەی داوای پاسپۆرتەکەی لە باوکی بکەن، ئامادەکاری تەواویان بۆ کرد بۆ ڕەوانەکردنەوەی و گەڕاندیانەوە، بە باوکەکەشیان ڕاگەیاند ئەگەر پێویستی بە هاوکاری هەیە بۆ گەڕانەوە ئەوان هاوکاریی دەکەن.

لە کێشەی ئەو کچ و باوکەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم کچە لە ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی کوردستان پەروەردە بووە، خوێندن و هاوڕێکانی لە دەرەوەن، ئەگەر تەماشای دایک و باوکەکەش دەکەین لە گەنجێتی چوونەتە ئەوروپا و لەوانەیە لەبەر بارودۆخێکی نالەباری دوور لە حەزی خۆیان کۆچیان کردبێت، چونکە دایک و باوکەکە زۆر حەزیان لە مانەوەیە لە کوردستان. بەپێی یاساش لەبەر ئەوەی کچەکە 18 ساڵی تەواو کردووە، هیچ ڕێگریەکی یاسایی نەبوو. تاوەکو ئێستا چەندین کێشەی لەو جۆرە هێنراون بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کە منداڵەکان ناتوانن لێرە بژین و دەگەڕێنەوە دەرەوە، پاشان دایک و باوکەکەش بەناچاری لەبەر منداڵەکانیان دەگەڕێنەوە، یاخود بە ناچاری دەستبەرداریان دەبن و ڕێگەی گەڕانەوەیان پێدەدەن.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### فەرهاد پیربال:

# من ژیانم نەمابوو ئاڵا ڕزگاری کرد

### ئاڵا: لە بەیروت یەکدیمان ناسی



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنهێنانی نووسەر و مامۆستای زانکۆ فەرهاد پیربال، هاوشێوەی ژنهێنان و شووکردنی گۆرانیبێژان و ئەستێرەکانی سینەما لە کوردستان دەنگدانەوەی هەبوو. هەندێک کەس ئەوەیان وەک کارێکی ئاسایی وەرگرت، سەرەڕای جیاوازیی تەمەنیان کە نزیکەی 30 ساڵە، بەڵام ئەوانەشی فەرهادیان ڕەخنەباران کرد کەم نەبوون.

هەواڵی ژنهێنانی فەرهاد پیربال بۆ یەکەمجار لە هەفتەنامەی (ڕووداو) بڵاوکرایەوە، بەڵام دواتر هەموو ماڵپەڕە کوردییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. دوای هاوسەرگیرییەکەشیان (تۆڕی میدیایی ڕووداو) فەرهاد پیربال و ئاڵای هاوسەری دواند.

### لە بەیروت یەکدیان ناسی

ئاڵا، تەمەنی 23 ساڵە و نزیکەی 30 ساڵ لە فەرهاد پیربال بچووکترە، خەڵکی هەولێرە و قوتابی بەشی یاسایە لە زانکۆی حەیات، ئەو خانمە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لەگەڵ خێزانەکەمان لە بەیروت بووین، بێگومان پێشتر فەرهاد پیربالم وەکو نووسەر و ڕۆشنبیرێک دەناسی، بەڵام لەوێ بۆ یەکەمجار بینیم و لە نزیکەوە ناسیم، دوای گەڕانەوە بۆ کوردستان پەیوەندی تەلەفۆنی و یەکدی بینین هەبوو لە نێوانمان و پەیوەندی خۆشەویستی دروست بوو".

ئاڵای پێیوانییە لە داهاتوودا بەهۆی جیاواز بیرکردنەوەی لەگەڵ د.فەرهاد، تووشی کێشە ببن و ژیانیان ناخۆش بێت "کەس نازانێت لە داهاتوودا چی ڕوودەدات و ڕۆژێک دێت ژیان دەبێتە ڕۆتین" ئاڵا وایگوت.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگۆیەک هەیە، گوایە باوکی ئاڵا بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نەبووە، بەڵام ئاڵا ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "سەرەتا ڕازی نەبوون بەهۆی جیاوازیی تەمەن، بەڵام کە زانییان ئێمە سوورین لەسەر ئەو خۆشەویستییە ڕازی بوون و ئێستا هیچ کێشەیەکیان نییە".

فەرهاد پیربال شانازی بە ئاڵای هاوسەری دەکات و دەڵێت "ئاڵا عەشق و خۆشەویستی هێنایە نێو کۆلێژەکان، دوای مارەبڕین چووینە کۆلێژی پەروەردەو بەدرێژایی زیاتر لە 5 کیلۆمەتر پیاسەمان کرد، لە کوردستان هیچ گەنجێک ناوێرێت دەستی یار و دەستگیرانەکەی خۆی بگرێت و پیاسەی لەگەڵ بکات، ئێمە عەشقمان زیندوو کردەوە، ئاڵا جێی شانازی منە، جێی شانازی دایک و باوکێتی، شانازییە بۆ هەموو کورد و کوردستان".

### ئاڵا نەبووایە دەمرد

فەرهاد پیربال پێشتر لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندبوو کە تاوەکو کۆتایی 2014 دەمرێت، بەڵام نەک هەر نەمرد، بەڵکو کوردەواری گوتەنی لێفەکەشی نوێ کردەوە و بۆ جاری دووەم چووەوە نێو قەفەسی زێڕین.

فەرهاد پیربال کە دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا بەدەستهێناوە، دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە کوردستان و لە زانکۆکانی کوردستان دەستی بە وانەگوتنەوە کرد، پاشان خێزانی لەگەڵ ژنە شاعیری کورد تەرزە جاف پێکهێنا، ئەوان هەرچەندە خاوەنی کوڕ و کچێک بوون، بەڵام سەرئەنجام جیابوونەوە.

فەرهاد پیربال لە نێو ماڵە نەخشێندراوەکەی لە تەنیشت ژنە نوێیەکەی دانیشتبوو و جار جار دەستی لە ملی دەکرد و ماچی دەکرد، ئەو دەیگوت ئەگەر لەگەڵ ئاڵا هاوسەرگیری نەکردبا ئەوا لە ساڵی 2014 دەمرد "من دەمزانی لە ساڵی 2014 دەمردم، پێشتر ئەوەشم ڕاگەیاندبوو، بەڵام خودا ئاڵای بۆ من نارد و ئەوم ناسی، تەنیا 3 ڕۆژ مابوو بۆ ئەوەی بمرم کە ئاڵام ناسی و ئێستا ئەو هاوسەرمە، خۆشەویست و هەموو ژیانمە، ئاڵا منی بۆ هەموو کورد ڕزگار کرد، کورد منی فرێدابوو، ئەو کچە جوانە منی هەڵگرتەوە، دەبێ هەموو کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی منیان خۆشدەوێت سوپاسی ئاڵای هاوسەرم بکەن".

فەرهاد پیربال چەندین شیعری بۆ ئاڵای هاوسەری نووسیوە، پێیوایە ئەو کچە گەنجە وەکو تابلۆیەکی هونەری هاتووەتە ماڵەکەی "ئاڵا وەک تابلۆیەک هاتە ماڵەکەم، یەکەمین کار کە کردی دەستکاری تابلۆکانمی کرد، من چەند تابلۆیەکیشم بۆ ئاڵا دروستکردووە، ئێمە دوای خۆشەویستییەکی 3 مانگە هاوسەرگیریمان کرد، نازانم لە داهاتوودا چۆن دێتە نێو شیعر و ڕۆمان و تابلۆکانم، ئاڵا لەو ماوە کورتەدا بیرکردنەوەی منی گۆڕی، من وەک فەرهاد پیربال ژیانم نەمابوو، ئەو کچە گەنجە منی ڕزگار کرد، من بەر لە ئاڵا خودام دەناسی، بەڵام ئەو خۆشەویستیی خودای لە دڵی مندا قووڵتر کردەوە".

### "ئەگەر ژنم نەهێنابا، چیم کردبا!"

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە بارەی ئەو هاوسەرگیرییەی فەرهاد چەندین کەسایەتی هاتوونەتە دەنگ، هەندێکیان پیرۆزبایی لێدەکەن و هەندێکیان دەڵێن ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییە کەسایەتییەکی ئاینی بیکردبا، ئەوا فەرهاد پیربال یەکەمین کەس دەبوو کە دەهاتە دەنگ و هێرشی دەکردە سەری، بەڵام فەرهاد پیربال دەڵێت "من هیچ شتێکی دوور لە شەرع و قانون و ئەخلاقم نەکردووە، ئەو قسەیە وانییە، بەڵام من دژی دوو ژنیم و ڕەتیدەکەمەوە، نازانم پیاو چۆن دەتوانێت دوو یان سێ ژنی خۆشبوێت لە یەک کاتدا".

فەرهاد پیربال لەبارەی ئەو ڕەخنانەی لە هاوسەرگیرییەکەی دەگیرێن دەڵێت "ئەگەر ژنم نەهێنابایە چیم کردبا؟ من ژیانم نەمابوو، ژنم نەمابوو، منداڵم نەمابوو، تەنیا و بێکەس بووم، ئەگەر ژنم نەهێنابایە چیم کردبا؟".

ئەو دوو هاوسەرە، هیچ ئاهەنگێکیان بەبۆنەی هاوسەرگیرییەکەیان نەکردووە و بۆ مانگی هەنگوینیش نەچوونەتە دەرەوە. بەگوتەی فەرهاد پیربالیش هیچ پلانێکی دیاریکراویان بۆ ژیان نییە و نازانن لە داهاتوودا چی دەکەن و لە کوێ دەژین، ڕەنگە لە هەولێر بن، یان بچن بۆ ئیستەنبوڵ.

# منداڵەکانی هوجام دەیانەوێت تۆڵەی باوکیان بکەنەوە





یودیت نیورینک
ڕووداو- بەردەڕەش

لــە خانوویەکــی بچووک و ســادەی گوندی بەردەســوور، خێزانــی ئــەو پێشــمەرگەیەی لەلایــەن چەکدارێکــی داعشــەوە ســەربڕدرا، لــە خــەم و پەژارەیەکــی قووڵــدان. ژوورەکە سۆبایەکی گەرمکەرەوەی تێدایــە، ژنانی ئەو خێزانــە کــە جلوبەرگی ڕەشــیان پۆشــیبوو لەســەر زەوییەکە دانیشــتوون و یادی هوجام دەکەنــەوە، ئەو پێشــمەرگەیەی کــە بووەتە هێمای قوربانی لە سەرتاســەری کوردســتان. هوجام باوکی 11 منداڵ بوو کە بچووکەکەیان تەمەنی یەک ساڵە.

"ئازایەتــی ئــەو شــەرەفێکی گەورەیــە بۆ ئێمە"، ئەمە قســەی ئەڤینی تەمەن 19 ساڵی کچە گەورەی بوو.

تاوەکو ئێســتا زیاتر لە 1000 پێشــمەرگە بوونەتە قوربانیی شــەڕی داعش لەوکاتەوەی چەکدارانــی ئــەو گرووپــە هاوینــی ڕابــردوو هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان. بەڵام مەرگی هوجام بووەتە هێما لەبەرئەوەی لەلایەن چەکدارێکی کوردی داعشەوە سەربڕدرا و گرتە ڤیدیۆییەکەی لەلایەن داعشەوە بڵاوکرایەوە.

جگــە لــە ڕۆژنامەنووســانی ڕۆژئاوایــی و کارمەندانــی ڕێکخــراوە خێرخوازیــەکان، ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوە بەسەدان خەڵکی ناوچەکەشــیان ســەربڕیوە کــە مەرگیان هیچ ســەرنجێکی میدیای نێودەوڵەتی ڕانەکێشاوە. لە نێو ئەو کەسانەشــدا ئــەو هاووڵاتیانەی کە لەدژی داعش دەوەســتنەوەو ئەو چەکدارانەی دەیانــەوێ گرووپەکــە جێبهێڵــن و ئەوانــەی لەبەرەکانی شەڕدا بەدیلی دەگیرێن.

هوجــام کە فەرماندەی پۆلێک پێشــمەرگە بوو، یەکێک بوو لەو ســەربازە بەدیلگیراوانە. لەوێنەیەکــدا دەردەکەوێ کە لەســەر ئەژنۆ و بەبێ ترس لەبەردەم بکوژەکەیدا دانیشــتووەو چــاوی بڕیوەتــە کامێــرا. ئەو وێنەیە لەســەر تۆڕی ئینتەرنێت بووە یەکێک لە ناســراوترین وێنەکانــی ئەم جەنگە و لەزۆر شــوێن وێنەی هوجــام لەســەر ســندوقی پارەکۆکردنــەوە دەبینرێت لە مۆڵ و بازاڕەکاندا بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ خێزانە زۆرەکەی. تا ئێستا لە سوید و ئەمریکا نزیکەی 20 هەزار دۆلار بۆ ئەو خێزانە کۆکراوەتەوە.

ئەڤیــن لــەو ژوورەی کــە لەگــەڵ دایــک و خوشکەکانی دانیشتبوو، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە یارمەتییان دەدەن.

ســەلاحەدین عەبدوڵڵا، 50 ســاڵ، ئامۆزای هوجام گوتی "ئەو قارەمان بوو. جێی شانازیی کوردستانە لەبەرئەوەی لەکاتی کوشتنیدا هیچ ترسێکی نیشان نەدا".

هەرچەنــدە هوجــام پێشــمەرگەی پارتــی دیموکراتی کوردســتان بوو، بــەڵام پارتەکانی دیکەش هاوکارییان پێشــکەش کــردووە. ئەو هەمــوو یارمەتــی و هاوکارییــەی خەڵکانــی نەناسراو، خێزانەکەی سەرسام کردووە.

ئەڤیــن گوتــی "هیواداریــن ئــەم یارمەتی و هاوکاریانــە بگاتــە خێزانــی شــەهیدەکانی دیکەش. هەست دەکەین پەیوەندیمان هەیە و لە خەمەکانی ئەوان دەگەین".

بــەڵام مەرگــی هوجــام دەبێتــە هێمــا لەبەرئــەوەی خێزانەکــەی دەزانــن بکوژەکەی کێیە "ئەو کەســە کوردێکــی نانەواچی بوو لە قەزای بەردەڕەش".

خێزانــی ئــەو بکــوژە بــەوە ناســراون کە پشــتگیرییان لە ڕێکخراوی قاعیــدە لە عێراق و پاشــان لــە داعش کردووە. پێنــج برای ئەو خێزانە لەڕیزی توندڕەوەکاندا شەڕیان کردووە، هوجام پاش دەستگیرکردنی دەکەوێتە دەست یەکێکیان.

لەکاتێکــدا ژوورەکــە پڕدەبــوو لــە پیاوی کەســوکاری خێزانەکە، عەبدوڵڵا باسی ئەوەی کــرد کە چــۆن ئەندامانی ئــەو خێزانە بکوژە لەلایەن ئاسایشەوە بانگکراون بۆ لێکۆڵینەوە، پاش ئەوەی برایەکیان پەیوەندی بە داعشەوە دەکات. ئــەو گوتــی "حکومــەت هەموویانــی دەرکرد".

دایکی هوجام کە پیرەژنێکی بەســاڵاچووە، گوتی هوجامی کــوڕی زۆرباش بووە لەگەڵی. هەمیشە گوێی لێدەگرت.

هەندێکی دیکە باسی ئەوەیان کرد کە چۆن هەمیشــە بەپەرۆشی خەڵکانی دیکەوە بووە و گوێــی بەخۆی نەداوە. کاتێــک قاچی بریندار دەبێــت بە هیــچ کــەس نالێــت، تەنانەت بە خێزانەکەشی نەگوتبوو، کچەکەی گوتی "دواتر زانیمــان کە بریندار بــووە". ئامۆزاکەی گوتی "بەهۆی برینەکەیەوە دەستگیرکرا."

هوجام و بەشەکەی بەپەلە بانگ دەکرێن بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ هێرشکردن لە نزیک مووسڵ، بــەڵام لەو شــەڕەدا چوار پێشــمەرگەی گیان لەدەستدەدەن و خۆیشی دەستگیر دەکرێت.

"گیانمان دەبەخشــین لەپێناوی شەرەف و وڵات و کەلتورمــان،" ئەمە وتــەی ئامۆزاکەی بــوو کە گوتی شــەڕی داعش بەتەنیا شــەڕی ئێمە نییە، ئەگەر داعش بێتە سەر حوکم لێرە، ئەوە کێشەیە بۆ هەموو جیهان.

بۆیــە داوا لــە وڵاتانــی ئەوروپــا دەکات نــەک تەنیا بە ناردنی چــەک، بەڵکو بەهێزی ســەربازیش هاوکاری پێشمەرگە بکەن لەدژی داعش.

عەبدولڕەحمان کە یەکێکە لە دوو کوڕەکەی هوجام و وەک باوکی بووەتە پێشمەرگە، خۆی دەکات بەو ژوورەی خێزانەکە لێی دانیشتوون. ئەو کــوڕە لەبەرەکانی شــەڕ نێردراوەتەوە بۆ ماڵــەوە لەپاش شــەهیدبوونی باوکــی، بەڵام ئێستا ئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ شەڕ هەرچەندە مەترسی ئەو شەڕە باش دەزانێت.

"دەگەڕێمەوە بۆ تۆڵەســەندنەوەی باوکم". ئەو کوڕە تەمەن 21 ساڵە وایگوت. لەولاشەوە خوشــکەکەی گوتی "ئەگەر هەلم بۆ ڕەخســا بەدەستی خۆم بکوژی باوکم دەکوژم".

# گەشتوگوزاری کوردستان بیر لە ڕێگای ئاسمانی دەکاتەوە



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم )

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

کەرتی گەشــتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، نایــەوێ هەروا بە ئاســانی خۆی بداتە دەســت قەیرانــی دارایــی و بیــر لــەوە دەکاتــەوە پەنا بــۆ ڕاکێشــانی گەشــتیاری بیانی ببــات، بەڵام کۆمپانیاکانــی ئەو بــوارە پێیانوایــە بارودۆخی باشــووری کوردســتان ڕێگرە لەبــەردەم هاتنی گەشتیاران.

ســاڵی ڕابــردوو قەیرانــی دارایــی و شــەڕی داعــش، بوونە هۆی ئــەوەی ژمارەیەکی کەم لە هاووڵاتیانی ناوخۆیی کوردستان سەردانی شوێنە گەشــتیارییەکان بکــەن و هاتنی گەشــتیارانی بیانیــش بــۆ کوردســتان کەمتــر بــووەوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک لە هۆتێل و ڕێستۆرانتەکان داخران.

دەســتەی گشــتیی گەشــتوگوزاری هەرێمی کوردســتان پلانێکــی نوێــی بەدەســتەوەیە کە بەپێــی پلانەکــە بــۆ ڕاکێشــانی گەشــتیارانی بیانــی، هەماهەنگــی دەکات لەگــەڵ کۆمپانیــا گەشــتیارییەکان تاوەکــو بتوانــن لــە وڵاتانــی دراوسێوە گەشتیار بهێنن.

نــادر روســتی، گوتەبێــژی دەســتەی گەشــتوگوزاری هەرێمــی کوردســتان گوتــی "ئێســتا تاوتوێی ئەو بابەتە دەکەین کە بتوانین بەهەماهەنگــی لەگــەڵ کۆمپانیــا گەشــتیارییە نێوخۆییــەکان، گەشــتیاریی بیانــی لەوڵاتانــی تورکیاو ئێرانەوە بهێنین بۆ کوردستان".

## عەرەبەکان لە ئاسمانەوە دێنن

زۆربەی گەشــتیارەکانی باشووری کوردستان لە چەند ســاڵی ڕابــردوودا عەرەبی ناوەڕاســت و باشــووری عێــراق بوون، بەڵام شــەڕی داعش ڕێــی هاتنــی ئەوانی بــڕی پاش ئــەوەی ڕێگای بەغــدا- کەرکووک کەوتە بندەســتی چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە و هاتوچۆی گەشتیارانی لە ڕێگەی وشکانی بۆ کوردستان پەککەوت.

ئێستا دەستەی گشتیی گەشتوگوزار دەیەوێ ڕێگایەک بۆ گەشتیارە عەرەبەکان بدۆزێتەوە، ئەو ڕێگایەش لە ئاسمانە. نادر روستی دەڵێ "ئەگەر گەشتیارانی شارەکانی عێراق بیانەوێت بۆ گەشت بێنە کوردســتان، ئەوا کۆمپانیــا نێوخۆییەکان دەتوانن بەڕێگەی ئاسمانی بیانهێنن".

## کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی ئەوە دەکەن؟

کۆمپانیــا گەشــتیارییەکان دەڵێــن ئامادەن بــۆ پرۆژەیەکی لەو شــێوەیە، بــەڵام بارودۆخی سیاســی و ئەمنیی کوردستان بەڕێگر دەزانن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

زیــرەک عەبدولڕەحمــان، بەڕێوەبــەری کۆمپانیایەکــی گەشــتیارییە و ئــەو پرۆژەیەی حکومەتی بەلاوە باشە، بەڵام پێیوایە "بارودۆخی ئەمنیــی عێــراق و هەرێمی کوردســتان ڕێگرن لەبەردەم ڕاکێشانی گەشتیار لە دەرەوە".

بۆ ســەرکەوتنی پرۆژەکە زیرەک بەپێویستی دەزانێت حکومەت پێشینە بداتە کۆمپانیاکان "بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە دەیەوێت 30%ی داشکاندن لــە نرخی فڕۆکــە بکات، دەبێــت حکومەت ئەو پارەیە بۆ کۆمپانیاکە بگەڕێنێتەوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بــە بەردەوامبوونــی گەشــتیاریی هەیــە کە لە جیهانــدا بە "نەوتی ســەوز" ناودەبــرێ. داهاتی گەشــتیاری پێــش پەیدابوونــی ئــەو قەیرانەی ئێســتا، یەک ملیــار دۆلاری تێپەڕانــد. زمناکۆ کەریم، خاوەنی کۆمپانیای گەشتیارییە و دڵنیایە لەوەی "گەشتیاری دەرەوە پێیانخۆشە سەردانی کوردســتان بکــەن، بــەڵام دەبــێ پێداویســتی گەشتیارییان بۆ بڕەخسێنین".

نــادر روســتی دەڵێــت هــەر کۆمپانیایــەک چالاک بێت لە ڕاکێشــانی گەشتیاران "لە باج و رســومات هاوکارییان دەکەین و لەگەڵ هۆتێل و ڕێستۆرانتەکانیش قسە دەکەین بۆ کەمکردنەوەی نرخەکان بۆ گەشتیاران".

هێرش ئەحمەد چاوشین، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی کوردستان، هاوڕای روستییە و بەئەستەمی نازانێ و دەڵێ کۆمپانیا گەشــتیارییەکان دەتوانــن گفتوگۆیــان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەو گەشــتیارانەی دێنە کوردســتان چ هۆتێلێکیان دەوێت تا لەسەر نرخەکان ڕێکبکەون.

بەڵام ناوبراو ڕەخنەی لەدەستەی گەشتوگوزار هەیــە "ئێمە چەند ســاڵە داوا دەکەین هاوکاری میوانخانــە و چێشــتخانەکان بکــەن لــە باج و خزمەتگوزارییــەکان، بەڵام ســەرەڕای ئەوانەش ئامادەین هاوکاری کۆمپانیاکان بکەین".

هاتنی گەشتیاری بیانی بۆ هەر وڵاتێک جگە لەدەســتکەوتنی داهــات بــۆ وڵاتەکــە، لەڕووی سیاســی و کەلتووریشــەوە بۆ ئەو وڵاتە گرنگە. شــەماڵ عەلی، پســپۆڕی بــواری گەشــتیاری، هەنــگاوە نوێیەکەی گەشــتوگوزاری بە "گرنگ" وەســفکرد و گوتی "هەم بــۆ بووژانەوەی کەرتی گەشــتیاری و هەم بۆ ناساندنی زیاتری هەرێمی کوردســتان، لەڕووی سیاســی و ڕۆشــنبیری و کەلتورییەوە گرنگە".

ئــەو دەڵێــت کــە پێویســتە حکومــەت کارئاســانی بکات بۆ گەشتیاران لە فڕۆکەخانەو دەروازەکانــی دیکــە، ئەمــە ســەرەڕای ئەوەی (دڵنیایی گەشــتیاری)یش بداتــە ئەو کۆمپانیا گەشــتیاریانەی ئــەو کارە دەکەن "پێویســتە کۆمپانیا گەشــتیارییەکان ناسراو بن، خەڵکانی پسپۆڕ کاریان تێدا بکەن".

# ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە


قوتابییەک بە نمرەیەکی کەمەوە لە پەیمانگاوە دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆ

ســەبارەت بــەو هەواڵــەی کــە لە ژمــارەی ڕابــردووی هەفتەنامــەی (ڕووداو) و دواتریــش لــە پۆرتاڵی (ڕووداو) بڵاوکراوەیــەوە و تایبەتە بــە وەرگرتنی قوتابیــان/ خوێندکاران (بێــری مەســعود عەزیــن) و (ئەژیــن ســابر حەمەدەمیــن) لــە بەشــی زمانــی ئەڵمانــی کۆلێژی زمان لە زانکۆی ســەلاحەددین، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی، بەپێویستی زانی ئــەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ڕای گشــتی بدات، کە وەرگرتنی ئەو دوو قوتابی/ خوێندکارە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بووە:

1- بەپێــی ڕێنمایی ژمارە (1804) کە لە 2013/10/28 لــە وەزارەتەکەمــان دەرچووە "قوتابــی/ خوێندکارانــی کــوردی عێراقی کە بۆ مــاوەی (9) ســاڵ لــە وڵاتێکــی دەرەوە نیشتەجێبوون و، قۆناغی ئامادەیی بەشەکانی (وێژەی، زانستی) تەواو کرد، بەدەر لە مەرجی کۆنمرە لە بەشــی زمان (ئەو زمانەی کە لەو وڵاتــەی دەرەوە پێی خوێندوە) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، ئەم ڕێنمایە وەرگرتنی دەرچووانی بەشــە پیشەییەکانیش دەگرێتەوە لە زانکۆ تایبەتییەکان".

2- دوای ئــەوەی ناوبــراوان داواکاریــان بەرزکــردەوە بــۆ وەزارەت بەمەبەســتی وەرگرتنیان لە بەشی زمانی ئەڵمانی لە زانکۆی سەلاحەددین، بەڕێز وەزیر ڕێنمایدا کە بەپێی ڕێنماییەکان داواکارییەکەیان تاوتوێ بکرێت.

3- لەبەرئــەوەی بەشــی زمانــی ئەڵمانی لــە زانکۆ تایبەتییەکاندا نییــە، بۆیە بڕیاردرا بــە ناردنی داواکاری وەرگرتنــی ئەو قوتابی/ خوێندکارانە بۆ زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی ئەڵمانی.

4- لەبەرئەوەی ناوبراوان دەرچووی قۆناغی ئامادەیی وڵاتی ئەڵمانیا نین، بۆیە بە نووسراوی فەرمــی داواکارییەکەیــان ئاڕاســتەی زانکۆی ســەلاحەددین کرا بۆ هەڵســەنگاندنی ئاستی توانستی زمانی ئەڵمانیان و دڵنیابون لە ئاستی زانستیان لە زماندا لەلایەن (لێژنەی زانستی) بەشــەکەوە، بەڕەچاوکردنــی ئــەو ســاڵانەی کە لــەو وڵاتــەدا خوێندوویانە، بەمەبەســتی بەشداریکردن لەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ئەو زمانــەو، ڕەخســاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ئەوانــەی کــە لــە دەرەوەی وڵات دەیانەوێــت بگەڕێنەوە، ناوبــراوان بۆ ماوەی (12 تا 13) ســاڵ بەزمانــی ئەڵمانــی لــە ئەڵمانیا خوێندویانە.

5 - ئەنجامــی هەڵســەنگاندنی کۆلێــژی زمان کە بە نووســراوی ژمــارە (3658/2/1) لــە 2014/12/24 بــووە، بریتــی بــووە لــە "لارینەبــوون لەســەر وەرگرتنــی قوتابــی/ خوێنــدکار بێری مەســعود عزیــز"، داواش لە ســەرۆکایەتی زانکــۆی ســەلاحەددین دەکات بفەرموون بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

6 - بەڕێــز ســەرۆکایەتی زانکــۆی ســەلاحەددین بــە نوســراوی ژمــارە 7231 لەڕێکەوتــی 2014/12/24 جەختــی کردووەتــەوە کە "کۆلێژی زمان لاریان نییە لە وەرگرتنی قوتابی ناوبراو".

7 - پاڵپشــت بــەو نووســراوە بەڕێــز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی "ڕەزامەندی نیشــانداوە لەســەر پەسندکردنی داواکاری بێــری مەســعود عزیــز، بۆیــە بەنووسراوی فەرمی بەڕێز بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن، زانکۆی ناوبراوی ئاگادار کردووەتەوە سەبارەت بەگۆڕینی شــوێنی خوێندنەکەی و وەرگرتنی لە بەشی زمانی ئەڵمانی.

8- لە ڕووانگەی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە ئاماژیان پێدراوە، ڕەزامەندی نیشاندرا لەسەر گۆڕینی شوێنی خوێندنی قوتابی/ خوێندکار (ئەژیــن ســابیر حەمەدەمیــن) لــە بەشــی زمانــی ئەڵمانــی کۆلێــژی زمان لــە زانکۆی سەلاحەددین.

9 - خوێندن بەسیســتەمی پاراڵێل بەپێی دەرفەتــی خوێندن لە زانکــۆکان دەکرێتەوە، هــەروەک ئەمســاڵ بــۆ خوێندنی پزیشــکی بەهەمــوو بەشــەکانییەوە لە زانکــۆی دهۆک بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزارەت کرایەوە.

10 - وەزارتەکەمــان مافــی ئــەوەی هەیە کــە داوای یاســایی لەســەر هــەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە دادگاکان تۆمار بکات، لەبەرامبەر ناوزڕاندنی وەزارەت.

# کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر لە سەربەخۆیی نزیکە

## هیچکات هێندەی ئێستا ئاماژەکان بۆ لەدایکبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ روون نەبوون

لەوەی کە لە قاموسی نێودەوڵەتیدا هەرێمی کوردستانی عێراقی پێدەگوترێ، پرسیارگەلێک هەن کە هیچ سیاسییەک ناتوانێ خۆی لێ لابدات. ئایا کوردستانی عێراق بە سەربەخۆیی دەگات؟ ئەگەر دەگات کەی؟ دەکرێ بڵێین هەموو 6 ملیۆن کوردەکەی عێراق بە "بەڵێ"یەکی قورس و قایم وەڵامی پرسیاری یەکەم دەدەنەوە. بەڵام لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمدا تووشی دوودڵی دەبن. تەنانەت ناشزانن سنووری ئەم دەوڵەتە نوێیە دەبێت لە کوێوە دەستپێبکات.

زۆر نەتەوە لە سەدەی رابردوودا سەربەخۆییان راگەیاندووە: پاش ئەوەی ئەفریقا لە حاڵەتی کۆڵۆنیالیزەبوون دەرهات، کاتێک یەکێتی سۆڤێت هەڵوەشایەوە، یانیش زۆربەی جاران پاش جەنگە ناوخۆییەکان (ئەو وڵاتانەی سەردەمانێک یوگۆسلاڤیایان پێکدەهێنا). ئینجا زۆر شت هەیە کە لە بەرژەوەندی کوردە: ئەوان خاوەنی شوناس و زمانی خۆیانن، جیا لەمە ململانێ و ناکۆکی ئاینیش لەناو کورد نییە (بەشی هەرە زۆری کورد سوننەیەکی میانڕەون).

هیچکات هێندەی ئێستا ئاماژەکان بۆ لەدایکبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ روون نەبوون. سیروان بارزانی نەوەی مستەفا بارزانی، سەرکردەی ئەفسانەیی کورد کە کوڕ و نەوەکانی ڕێبەرایەتی دەوڵەتە تازە پێگرتووەکەی کورد دەکەن، دەڵێت "ئێمە بەپێی پێویست چاوەڕێمان کردووە. ئەوە 100 ساڵ تێپەڕی بەسەر ئەو کاتەی کە بەسەر چوار شەیتاندا دابەش بووین".

سیروان بارزانی هەروەها دەڵێت "ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بە سەربەخۆیی دەگەین."

مانگی حوزەیرانی رابردوو جیهادییەکانی داعش هەموو بیابانی سووریایان بڕی و هاتن دەستیان بەسەر مووسڵدا گرت کە دووەم گەورە شاری عێراقە و کەمتر لە یەک کاژێر بە ئۆتومبێل لە هەولێرەوە دوورە. داعش رایگەیاند کە ئەوان سنووری سایکس پیکۆیان لە نێوان سووریا و عێراقدا سڕیوەتەوە بۆ ئەوەی خەلافەتێکی نوێ دروست بکەن. بەڵام دەشێت داعش لە گەڕانیدا بە دوای شکاندنی سنووری نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان، یارمەتیی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردیی بدات. سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە کوڕی مستەفا بارزانییە، گوتی سەربەخۆیی نزیکە. چونکە بە باوەڕی ئەو عێراق نەماوە. بارزانی گوتی "کاتی ئەوە هاتووە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین و نابێت چاوەڕێی خەڵکانێکی دیکە بین بڕیارمان بۆ بدەن". مەسرور بارزانیش کە بەهێزترین کوڕی سەرۆکی هەرێمە و سەرۆکی ئاژانسی پاراستن و زانیاریی کوردستانە، لەسەر هەمان باوەڕە و سوورە لەسەر ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەوان هاوڕایە و پێیوایە "قۆناغی دوای مووسڵ قۆناغێکی تەواو جیاوازە. تۆ ناتوانی بۆ هەمان پێکهاتە و هەمان سیستەم بگەڕێیتەوە، ئێستا عێراق دەوڵەتێکی شکست خواردووە. شتێک بە ناوی نەتەوەی عێراق نییە. بەڵام هیچ کەسێک سەربەخۆییمان پێشکەش ناکات، بەڵکو ئێمە دەبێت بەدەستی بهێنین". ئەو دەڵێت گەر کورد لەڕووی دیپلۆماسییەوە شارەزا بن "ئەوە رەنگە لە ماوەی 5 یان 6 ساڵدا بە سەربەخۆیی بگەین".

بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوەشە کە کوردستانێکی سەربەخۆی سەقامگیر تەنیا بە هاوکاری لەگەڵ دراوسێکاندا و بە تایبەتی تورکیا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا وەدی دێت. ئەو دەڵێت "یەکەم لایەن کە دەبێت قسەی لەگەڵ بکەین بەغدایە، ئێمە دەبێت قەناعەتیان پێبهێنین."

بەرهەم ساڵح کە بەر لە خولەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بووە، چاوەڕێی ئەو کاتە دەکات کە داعش تێکدەشکێ. ئەو دەڵێت "هەر کاتێک مووسڵ ئازادکرا، دەبێت لەگەڵ بەغدا دانیشین و هەموو شتێک روونبکەینەوە". سنووره ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان کوردستان و عێراقیش لە بەرژەوەندی کورد شکانەوە کاتێک سوپای عێراق لە دەست چەکدارانی داعش رایانکرد و ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی کورد بۆشاییەکە پڕبکەنەوە. سەرکردە کوردەکانی دیکە سەبارەت بە تاکتیکەکان و کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموو لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردستان دواجار دەبێت و دەتوانێت بە سەربەخۆیی بگات.

ئێستا ئەولەویەتی سەرەکیی کورد پاشەکشەکردنە بە داعش. کاتێک لە مانگی حوزەیراندا ناوچەی مووسڵ لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا کەوت، تەوژمێک لە ترس کوردستانی داگرت. چەکدارە جیهادییەکان کە بۆ لای باشوور بەرەو بەغدا لە پێشڕەویدا بوون، لە مانگی ئابدا توانییان چیای شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری بگرن کە کەمینەی ئاینیی ناموسڵمانی ئێزیدی لێ دەژی، دوابەدوای ئەوەش بە درێژایی سنوورەکانیان لەگەڵ کوردستان هێرشی قورسیان دەستپێکرد.

هێزەکانی پێشمەرگە بێ بەرنامە شەڕیان کرد، پێشمەرگە بۆ ماوەی دوو دەیە بوو لە هیچ شەڕێکدا تاقی نەکرابووەوە و چەکەکانیشیان یەکجار کۆن بوون و زیاتر بۆ شەڕی گەریلایی گونجاو بوون نەک جەنگێکی بەرەیی و زەمینیی هەمەلایەنە. وەزیرێکی پێشووی کوردستان ئەم رووداوە بە شۆک وەسف دەکات و دەڵێت "ئەو رووداوە شۆک بوو، ورەمان زۆر خراپ شکا"، بەڵام هێرشێکی ئاسمانیی خێرا لەلایەن ئەمریکاوە چەکدارانی داعشی وەستاند.

لەگەڵ ئەوەشدا داعش تا ئێستاش هەڕەشەیەکی گەورەیە و لە کەوتنی مووسڵەوە تائێستا نزیکەی هەزار پێشمەرگە بوونەتە قوربانی و 3600یش بریندار بوون. ئەمە بۆ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو ژمارەیەکی بەرزە.

کورد سەرکەوتنی زۆر بەرچاویان بەدەستهێناوە. لە ناوچە شاخاوییەکانی شنگال توانیویانە شارۆچکەی زوممار و رەبیعە رزگار بکەن و بەشی هەرە زۆری شاری شنگالیشیان لە دەستی داعش دەرهێناوە. لەوانەیە داعش بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو ڕێگەیەش لە دەستبدات کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مووسڵەوە و دەیانگەیەنێت بە رەقەی پایتەختیان لە سووریا کە بۆ داعش وەکو دەماری ژیان وایە. لە بەرەکانی رۆژهەڵات لە نزیک سەعدییە و جەلەولا کە دەکەوێتە نزیک سنووری ئێران، پێشمەرگە توانیویانە هەر دوو شارۆچکەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە و هێزەکانی خۆیان لە کەرکووکیش چڕکردووەتەوە کە هاوینی ساڵی پار پاش هەڵاتنی هێزەکانی سوپای عێراق، بە تەواوەتی لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرا.

ژمارەیەکی زۆر کەم لە چاودێرە سەربەخۆکان لەسەر ئەو باوەڕە نین کە مووسڵ بەو زووانە لە دەست داعش دەربهێنرێت، مەگەر ئەوەی حکومەتەکەی عەبادی بتوانێت سوننەکان قایل بکات بەوەی کە پشکێکی باشیان لەناو حکومەتدا بەردەکەوێت، ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە ناشتوانێت هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق هانبدات بۆ ئەوەی شارەکە بگرنەوە. ئەگەرچی راپۆرتەکان باس لە کەمبوونەوەی جەماوەر و لایەنگرانی داعش لە ناو مووسڵدا دەکەن، بە هۆی دابەزینی ڕێژەی پێداویستییە رۆژانەییەکان و خزمەتگوزارییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی توندڕەویی رێکخراوەکە لە ناو مووسڵدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی تێناچێت خەڵکی ئەم شارە وەکو رزگارکەری خۆیان پێشوازی لە میلیشیا شیعەکان بکەن کە تا ئێستاش بناغەی سوپاکەی عەبادی پێکدەهێنن.

کورد دەڵێن ئەوان وەکو هێزی پاڵپشت لە گرتنەوەی مووسڵدا بەشدار دەبن و لایەنێکی سەرەکی نابن لەو پرۆسەیەدا. ئامانجی کورد زیاتر بەرگیکردنە: واتە پاراستنی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق، بە تایبەتیش ئەو سنوورانەی لە دوای هاوینی ساڵی پار فراوان بوونەتەوە.

ئەوان هەروەها دەیانەوێت هاوکاریی ئامۆزاکانی خۆیان لە ڕۆژئاوا بکەن، واتە ناوچە کوردییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. ڕۆژئاوا لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبێکدایە کە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەیە. ئەوانیش ئێستا لە هەوڵی ڕەواندنەوەی جیاوازییەکانیانن لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی عێراق. کوردی عێراق سوورن لەسەر گەیاندنی هاوکاریی بە کوردی رۆژئاوا بۆ ئەوەی لەلای رۆژئاوای کۆبانێوە زیاتر پێشڕەوی بکەن. ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردی عێراق و پارتی کرێکاران شانسی کوردی لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش گەشاندووەتەوە. ئەگەرچی لە هەندێک لە ناوچەکانی شنگال و رۆژئاوا ناکۆکی بەدی دەکرێت.

## دەشێت داعش لە گەڕانیدا بە دوای شکاندنی سنووری نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان، یارمەتیی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردیی بدات

گرنگترین پێویستیی سەربازیی کورد جگە لە هێرشە ئاسمانییەکانی سەر داعش، راهێنان و کەرەستەی جەنگییە، بە تایبەتیش چەکی دژە تانک. فەرەنسا و بەریتانیا راوێژکاریان رەوانە کردووە. ئەڵمانیا ژمارەیەک چەکی دژە تانکی میلانی بە پێشمەرگە داوە و بەڵێنی ناردنی ژمارەیەکی زیاتریشی بە کورد داوە. ئەمریکییەکانیش کۆمەڵێک ئۆتومبێلی سەربازییان بۆ هێزە کوردییەکان ناردووە. بەڵام بەرپرسێکی رۆژئاوایی دەڵێت "کاری ئێمە تەنیا ئەوە نییە کورد بەهێز بکەین، بەڵکو دەبێت ڕێگری بکەین لەوەی بە سەربەخۆیی بگەن" و لە هەمانکاتدا هانی حکومەتی عێراقیش بدەن بۆئەوەی جارێکی دیکە عێراق پێکەوە بنێتەوە. بە مانایەکی تر پڕچەککردنی کورد ڕێگەخۆشکردنە بۆیان، هەر کاتێک شکستیان بە داعش هێنا، ئەوە ئەگەری هێرشکردنە سەر سوپای عێراق بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەیە.

هەموو چەکە نوێیەکانی کە بۆ کوردستان رەوانە دەکرێت دەبێت بە بەغدادا بڕوات، لەبەر ئەوەی وڵاتە رۆژئاواییەکان ئەوەیان قەبووڵ کردووە کە حکومەتی عێراق تا ئێستاش خاوەنی سەروەریی خۆیەتی. نێچیرڤان بارزانی دەڵێت "ئەمەیان شتێکی بێ مانایە". بەڵام ئەم هاوکارییە کەمانە لە هیچ باشترە.

لە روویەکی تریشەوە، لە مەسەلەی نەوتدا، کورد دەبێت ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە، چونکە نەوت توانای ئەوەیان پێدەدات بە سەربەخۆیی ئابووری بگەن. ئەوە بۆ 10 ساڵ دەچێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مشتومڕێکی قورسدایە لەگەڵ حکومەتی عێراق سەبارەت بەوەی ئاخۆ داهاتەکانی نەوت بە چ شێوەیەک دەبێت لە نێوانیاندا دابەش بکرێت و ئەو یاسایانەی سەبارەت بە چاڵە نەوتە نوێ و کۆنەکان هەن چۆنن و دەبێت چۆن بن.

بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق پێویستی بە پاڵپشتی کورد لە جەنگی داعشدا، بۆیە لەگەڵیان ڕێککەوت لەسەرئەوەی کورد بتوانن نەوتی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان هەناردە بکەن و رۆژانە داهاتی 250 هەزار بەرمیلیش بۆ بەغدا بگەڕێننەوە. کورد بەهیوان هەتا کۆتایی ئەمساڵ رۆژانە 800 هەزار بەرمیل و لە 2017دا یەک ملیۆن بەرمیل بەرهەم بهێنن. بێگومان لەمەدا سوودێکی باشیان دەستدەکەوێت، بەڵام کورد ئێستا تووڕەن لەوەی کە بەغدا پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبووە.

پێدەچێت بەغدا لەسەر ئەوەش لەگەڵ کورد ڕێککەوتبێ کە کورد بتوانێ نەوتی خۆی لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە لە بازاڕی ئازاد بفرۆشێ. ئەوە چەندین ساڵ بوو وەزیری نەوتی عێراق ڕێگریی لەمە دەکرد. بەغدا سەرەتا هەوڵی دا سکاڵا لە دژی ئەو کۆمپانیایانە بەرزبکاتەوە کە بەم شێوەیە نەوتی کوردستانیان فرۆشتووە، بەڵام ئێستا لانیکەم 40 بارهەڵگر لە بەندەری جیهانن و بەشێکی زۆری ئەو نەوتە لە ڕێگەی بەندەری ئاشقێلۆن لە ئیسرائیل دەفرۆشرێ (ئیسرائیلییەکان ماوەیەکی زۆرە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە هاوپەیمانێکی مومکینی خۆیان لە ناوچەکەدا دەزانن). جیا لەمە، پاش کۆنترۆڵکردنی کەرکووک، ئێستا کورد کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی بۆڕییەکی نەوت دەکەن کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە نەوتی کەرکووک رەوانەی تورکیا بکرێت.

ئابووریی کوردستان زۆر زیندووترە لە ئابووریی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی بەغدادان. کوردستان پێشوازی لە بیانییەکان دەکەن. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە کوردستان زۆر ئارامتر و پارێزراوترە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق. سەرەڕای بوونی گەندەڵی و خزمخزمێنە و نەریتە فیوداڵییەکان، بەڵام کوردستانی عێراق ئاستێک لە دیمۆکراسی تێدایە کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە دەبێت ئیرەییان پێببەن.

لە ریفراندۆمێکدا کە ساڵی 2005 لە نێوان دوو بژاری "دەمەوێ کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە" و "دەمەوێ کوردستان سەربەخۆ بێت" ئەنجامدرا، 99%ی خەڵک بژاری دووەمیان هەڵبژارد. پێناچێت ئەم ڕێژەیە کەم بووبێتەوە.

کوردستان گەر بیەوێت بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، ئەوە دەبێت لەگەڵ دراوسێکانیدا بە ڕێککەتن بگات. بەم دواییە کورد هیوایەکی نوێ بەدی دەکات بەوەی پەیوەندییە لە مێژینە ئاڵۆزەکانی نێوان کورد و تورکیا جووڵەی تێکەوتووە.

نێچیرڤان بارزانی جەخت لەسەر پەیوەندی باشی نێوان کوردستان و تورکیا دەکات و مەسعود بارزانیش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیادا هەیە. قەبارەی بازرگانی لە نێوان کوردستان و تورکیا گەیشتووەتە 8 ملیار دۆلار و بەپێی دوایین مەزندەکان 100 هەزار هاووڵاتی تورکیا لە کوردستان کاردەکەن. تورکەکان فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریان دروستکردووە کە ئەورووپی و ئەمریکییەکان بەبێ ڤیزە دێنەناوی. لە وڵاتانی ناوچەدا تورکیا گەورەترین وڵاتی وەبەرهێنەرە، د.بەرهەم ساڵح لەوبارەیەوە دەڵێت "سەرنجراکێشە! کێ دەیتوانی 5 ساڵ لەمەوبەر هەر بیریش لەمە بکاتەوە؟".

بەڵام هێشتا کێشەی دیکەش هەیە. بەرهەم ساڵح پێیوایە تورکیا "پشکی زێڕینی" لە هەناردەکردنی نەوت بەرکەوتووە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "ئێمە نابێت وابەستەییەک بە وابەستەییەکی دیکە بگۆڕینەوە". کورد دەبێت حکومەتی عێراق و ئێرانیش رازی بکەن گەر بیانەوێت بە خەونەکەی خۆیان بگەن. بەرهەم ساڵح و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کورد تا ئێستاش گومانیان هەیە لەوەی ورکیا رازی بێت بەوەی کوردستان بە تەواوەتی لە عێراق جیاببێتەوە. هەر بۆیەش هەندێکیان باس لە کۆنفیدراسیۆن دەکەن.

سووریا، ئێران و دراوسێیەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هی ئەوە نین پێشبینی بکرێن. هاوکارییەکانی ئەوان ئەگەرچی سوودبەخشیش بێت، بایەخی تەواوی نییە. لە سووریا هەر حکومەتێک بێتە سەرکار، ئەستەمە ڕێگە بدات کوردەکانی لێی جیاببنەوە و لەگەڵ کوردی عێراقدا یەکبگرن. بەڵام کوردی سووریا لە راستیدا داوای جیابوونەوەش ناکەن. ئەوانیش ئۆتۆنۆمییان دەوێت. کاتێک ئاشتی بۆ سووریا گەڕایەوە، دوور نییە رۆژئاڤا (کوردستانی سووریا) بەشێک بێت لە فیدراسیۆنی سووریا.

ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوردی عێراق هەیە، دیپلۆماسی ورد و سنوورە بازرگانییە هاوبەشەکانیش گەرمییەکی تایبەتییان بە پەیوەندییەکانی ئێران و کوردستانی عێراق بەخشیوە.

کوردستانی عێراق، جا لە هەر فۆرمێکدا بێت، لە دەوروبەرە گۆڕاو و پڕمەترسیەکەی خۆیدا وجودی هەیە. بەڵام ئەمە لە 1991ەوە هەر وابووە، کاتێک بەهۆی ناوچەی دژەفڕینەوە توانییان ئۆتۆنۆمیەکی تەواو رابگەیەنن. هەر لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان پێگەی خۆی قایمتر کردووە، لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی عێراق، بەتایبەتی پاش هێرشەکانی داعش، هەتا دێت زیاتر دوادەکەون. هیچکات تورکیا لە پەیوەندییەکی هێندە نزیکدا نەبووە لەگەڵ کوردی عێراق، هەرگیز حکومەتی عێراق هێندە ئێستا پێویستی بە هاوکاریی کورد نەبووە. بێگومان، ئێستا کات کاتی کوردە.

**سەرچاوە: گۆڤاری The Economist**



کوردی عێراق لە هەموو شتێکدا سەربەخۆن لە ناوەکەیاندا نەبێت. ئەوان دەبێت زۆر باش کارتەکانی بەردەستیان یاری بکەن گەر بیانەوێ بە تەواوەتی دابڕێن.

( فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )

# سیستمی تەندروستی بە ئەلیکترۆنی دەکرێت

## پزیشکێکی پسپۆڕی سیستمی تەندروستی: کوا تۆمارمان هەیە تا بیکەین بە ئەلیکترۆنی؟

**سەروەر سالار و لیزان ئەمین**
**رووداو- سلێمانی**

ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرامی بە ئەلیکترۆنیکردنی داتا تەندروستییەکانی دەستپێکردووە، وەزارەت دەڵێت کارەکە هەنگاوی بەرچاوی بڕیوە، بەڵام پسپۆڕێکی بواری سیستمی تەندروستی، پرۆگرامەکە بە "شکستخواردوو" ناودەبات و دەڵێت کاری زۆر لەمە گرنگتر و لەپێشتر هەن.

بە ئەلیکترۆنیکردنی تۆمارە پزیشکییەکان (EMR) جیاکەرەوەی هەرە دیاری سیستمە تەندروستییە پێشکەوتووەکانە. ئەم سیستمە چەند بەشێک دەگرێتەوە، لەوانە:

1ـ کارتی تەندروستی: هەر کەسێک زانیارییە تەندروستییەکانی (وەکو ئەو نەخۆشییانەی هەیەتی، ئەو دەرمانانەی دەیانخوات، هەستەوەری بە چ دەرمانێک هەیە، جۆری خوێن و چەندین تۆماری وردی تر) تۆمار دەکرێن و لە شێوەی کارتێکی زیرەک لەگەڵ خۆی هەڵیاندەگرێت. هەروەها لە نزیکترین یەکەی تەندروستیش لەو کەسەوە تۆمار دەکرێن.

2 ـ داتابەیس: زانیاری نێو هەر یەکەیەکی تەندروستی و نەخۆشەکانی دەکرێنە سۆفتوێر و بە ئاسانی دەتوانرێ بەدەست بخرێن.

3 ـ ئینتەرنێت: سەرجەم یەکە تەندروستییەکان پێکەوە دەبەسترێن و دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی بگرن و پەیام لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن.

4 ـ نەخشەی تەندروستی: سەرجەم یەکە تەندروستییەکان دەکرێنە نەخشەیەک و لە هەر شوێنێک بیت دەزانیت نزیکترین یەکەی تەندروستی لە تۆوە کامەیە.

5 ـ زمانی یەکگرتووی پزیشکی: بەپێی پۆلێنی نێودەوڵەتی نەخۆشییەکان (ICD10) هەر نەخۆشییەک کۆدێکی ستانداردی هەیە و دەبێت هەموان بەو کۆدە ناوی بهێنن. بەوجۆرە بە ئاسانی دەتوانی زانیاری جۆراوجۆری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دەربارەی نەخۆشییەکان بەدەستبخەیت.



### "گرنگترین هەنگاوە بەرەو پێشکەوتن"

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی کۆمەڵ لەبارەی گرنگیی ئەم سیستمەوە بە (رووداو)ی گوت "مەحاڵە بێ پەیڕەوکردنی سیستمی تۆماری ئەلیکترۆنی باسی پێشخستنی سیستمی تەندروستی بکرێت. بەهۆی ئەم سیستمەوە، لەکاتێکی کەمدا کاری گەورە دەکرێت و زانیاری زۆر بەدەست دەخرێت، سەرچاوە مرۆییەکان کەمتر ماندوو دەکرێن و خەرجییەکی زۆریش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە".

ئەو پزیشکە هەروەها دەڵێت "چەسپاندنی ئەم سیستمە کات و کار و تێچوویەکی بەرچاوی دەوێ و نابێت چاوەڕوان بکەین لە ماوەیەکی کورتدا بێتەدی، گرنگ ئەوەیە هەنگاوی کرداری بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستمی تەندروستی کوردستان دەستپێکردووە".

### دەست بە راهێنان کراوە

د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی سەبارەت بە قۆناغەکانی ئەو سیستمە بە (رووداو)ی گوت "هەر لە ئێستاوە وەزارەت دەستیکردووە بە گۆڕینی دەستنیشانی نەخۆشییەکان لە شێوازە کلاسیکییەکەوە بۆ سیستمی نێولێنانی ICD-10، بۆ ئامادەکردنی کادرە نێوخۆییەکان بۆ کارکردن بە سیستمی تۆماری ئەلیکترۆنی، راهێنان بە 280 کەس کراوە".

بەشی ئای تی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت لە دوو ساڵی رابردوودا هەنگاوی بەرچاو بەدی هاتوون لە چەسپاندنی بە ئەلیکترۆنیکردنی داتا تەندروستییەکان.

هەرێم مەهدی شێرە، بەڕێوەبەری بەشی ئای تی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو) گوت "چەند نەخۆشخانەیەک بە ئەلیکترۆنی کراون، چەسپاندنی سیستمی ICD-10 تەواو بووە، پڕۆژەی نەخشەی ئەلیکترۆنی دوو هەفتەی ماوە، نووسراوی هاتوو و ڕۆیشتووی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و وەزارەت پێکەوە بەستراون و ئێستا بە شێوازە کلاسیکییەکان نووسراوەکان ئاڵوگۆڕ ناکرێن، دۆسیەی فەرمانبەران بە ئەلیکترۆنی کراون".

بە گوتەی ئەو تۆرە هاتبووە سەر ئینتەرنێت، واتە پێکەوە بەستنی یەکە تەندروستییەکان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە لەو هەنگاوەدا وەستاون و چاوەڕوانی کەمبوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانەکەن.

هەرێم مەهدی دەڵێت لەنێو شاری هەولێر 11 یەکەی تەندروستی بە ئەلیکترۆنی کراون، لە سلێمانیش نەخۆشخانەی هیوا و نەخۆشخانەی شار و نەخۆشخانەی منداڵبوون و سەنتەری شەکرە و لە دهۆکیش چەند یەکەیەک. وەک ئەو باسی دەکات بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنەکە سوود لە سیستمی نەخۆشخانەکانی تورکیا وەرگیراوە.

### "تۆماری کلاسیکیمان هەیە تا بیکەینە ئەلیکترۆنی؟"

پزیشکێکی پسپۆڕ لە بواری سیستمی تەندروستی لە گرنگی ئەو پرۆگرامەی وەزارەت کەمدەکاتەوە و دەڵێت "بێ ئەنجام" دەبێت.

د.سەروەر عارف، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە سیستمی تەندروستی کە ئاشنای چەسپاندنی ئەو پرۆگرامەیە لە ئەڵمانیا دەڵێت "ئەوەی کراوە تەنیا چەند داتابەیسێکی نیوەناچڵە، نە کارتی تەندروستی هەیە و نە ئینترانێت". هەروەها دەڵێت نەخۆشی ئەم وڵاتە تۆمار و پرۆفایلێکی تەندروستی کلاسیکی و سەر کاغەزی نییە تا بۆی بکرێتە ئەلیکترۆنی "تەنانەت ئەو دەفتەر سەحییەی سەردەمی هەشتاکانیش نەماوە کە چەند زانیارییەکی سادەی تێدابوو، نەخۆش دەچێتە هەر یەکەیەکی تەندروستی نابێتە خاوەنی دۆسیەیەکی تەندروستی و زانیارییەکانی بەڕێکوپێکی هەڵناگیرێن".

دەربارەی ICD-10 دکتۆر سەروەر دەڵێت "سیستمی دەستنیشانکردنی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان تەنانەت بەشێوە کلاسیکییەکەش تۆمار ناکرێت، ئیدی چۆن دەیگۆڕی بۆ ICD-10؟، هەروەها نەخۆشەکان جگە لە یەکە تەندروستییەکان، روودەکەنە کلینیکە تایبەتەکان و نۆرینگەکانی لاکۆڵان کە لەو شوێنانە ئەوەی ناوی تۆماری تەندروستی بێت نییە".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت، بابەتی زۆر سەرەتاییتر و گرنگتر هەن وەزارەت بەر لەم پرۆژەیە گرنگییان پێبدات، وەک یەکەکانی فریاکەوتنی تەندروستی "ئێستا بۆ نەخۆشخانەی شار، پێشخستن و باشکردنی بەشی فریاکەوتنەکەی لەپێشە یان بە ئەلیکترۆنیکردنی نووسراوەکانی؟".

# باوکانی خوار 20 ساڵی منداڵی شێواو دەخەنەوە



**سەروەر سالار**
**رووداو- تەلەگراف**

توێژینەوەیەکی گەورەی زانکۆی کامبریج دەڵێت ئەو منداڵانەی لە باوکانی خوار تەمەن 20 ساڵان پەیدا دەبن، ئەگەرێکی زیاتری هەیە شێواویی زگماکییان هەبێت.

توێژینەوەکە کە لەسەر 24 هەزار باوک و منداڵەکانیان کراوە، دەریخستووە بە بەراورد بەوانەی تەمەنیان سەرووی 20 ساڵە، تۆوی ئەو باوکانەی لە تەمەنی هەرزەکاریدان (خوار تەمەنی 20) بەڕێژەی 30% ئەگەری زیاتری هەیە تووشی بازدانی بۆماوەیی ببن کە هۆکارێکی شێواویی زگماکییە.

پێشتر بڕوا وابوو کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەگەرەکانی بازدانی بۆماوەیی لە جینەکاندا زیاتر دەبێت، لەسەر بنەمای ئەوەی لەو کەسانەدا راددەی دووبارەبوونەوەی دابەشبوون زیاترە و سەرئەنجام ئەگەری بازدان زیاترە، بەپێی ئەو تیۆریەش، دەبوو تۆوی کەسانی هەرزەکار کەمترین ئەگەری بازدانی بۆماوەیی تێدا رووبدات.

زاناکان گوتیان دۆزینەوە نوێیەکە چاوەڕواننەکراو بووە و پەرتووکە پزیشکییەکان ناچار دەکات بە نووسینەکانیاندا بچنەوە. دەبێ ئاماژە بکەن بۆئەوەی کە ئەگەری روودانی بازدان لە سپێرمی کەسانی خوار تەمەنی 20 ساڵ و سەروو تەمەنی 40 ساڵ، لە کەسانی دیکە زیاترە.

بازدانی بۆماوەیی بریتییە لە روودانی هەڵەیەک لەکاتی کۆپیبوونی ترشی ناوکی DNA لە پرۆسەی دابەشبوونی خانەدا.

تێبینی کراوە ئەو منداڵانەی لە باوکی تەمەن هەرزەکارن زیاتر تووشی ئۆتیزم و شیزۆفرینیا و هەندێک ناتەواویی بڕبڕەی پشت دەبن، ئەو نەخۆشیانەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بنەمایەکی جینییان هەیە.

ڕێژەی بازدان لە تۆوی پیاوانی تەمەن هەرزەکاردا، شەش هێندەی رووداني بازدان بوو لە هێلکەی ئافرەتە هاوتەمەنەکانیان.

# جۆرەکانی خواردن و تێگەیشتنێکی زانستیانە

ئاشکرایە مرۆڤ پێویستی بە خواردنە بۆ بەردەوامبوون، گەشەکردن و زۆربوون. لەشی مرۆڤ وا دروستبووە کە خۆراک بەکاردێنێت بۆ ئەو سێ مەبەستە. هەموو خۆراکێک لە دەمی مرۆڤەوە دەچێتە لەشەوە، ئەویش بە تێپەڕبوونیدا بە گەدە کە تەنیا ئەرکی نەرمکردنەوەی خۆراکە نەک هەرسکردن! پاشان دەچێتە ریخۆڵە باریکە کە تێیدا هەرسکردن روودەدات. بۆ ئەوەی ئەم کرداری هەرسکردنە رووبدات، پێویستە کۆمەڵێک کارلێک و ئەنزیم کاربکەن تاوەکو خۆراکەکە بە سوود بێت. کەواتە مەبەستی سەرەکی نانخواردن بۆ بەرهەمهێنانی وزەیە بۆ لەش. دانابیش لەوەدایە تۆ ئەوەندە وزە وەربگریت کە بتوانیت بەکاری بهێنیت.

### جۆرەکانی خۆراکی مرۆڤ:

1- شەکرەکان (کاربۆهایدرات) وەکو گەنم و برنج. ئەمانە بە سەرەکیترین سەرچاوە دادەنرێن بۆ خۆراکی مرۆڤ.

2- پرۆتینەکان: وەکو هێلکە و گۆشت. پێویستن بۆ دروستبوون و راگرتنی لەشی مرۆڤ. واتە ئەمانە وەکو بەرد و چەو وان بۆ بنیاتی لەش.

3- چەوری: وەکو رۆن کە پێویستن بۆ وزەی زۆر و کارکردنی هەموو خانە و شانەیەکی مرۆڤ.

4- کحولەکان: کە وزەبەخشن، بەڵام مەترسیدارن ئەگەر لە بری خۆراکەکانی دیکە بەکاربێ.

5- ڤیتامینەکان: تەنیا پێویستن بۆ کارکردنی ئەنزیمەکان.

6- خوێ و کانزاکان: پێویستن بۆ هەندێک کارلێکی لەشی مرۆڤ و هەندێکجاریش تەنیا بۆ خۆشکردنی خۆراکە وەکو خوێ، یان بۆ ئاسوودەکردنی مێشکە وەکو چا.

7- ئاو: رێکخەری هەموو کارکردنی مرۆڤە.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە تەنیا ئاو، چەوری و پرۆتین زۆر سەرەکین بۆ مانەوەمان و ئەوانی دیکە یاریدەدەرن.

### خۆراکە مەترسیدارەکان!

هیچ خۆراکێک مەترسیدار نییە بۆ لەشی مرۆڤی ساغ، بەڵام ئەو کات زەرەربەخشە کە باڵانسی خواردنت تێکدا. واتە جۆرێک لە خۆراک زیاتر لەوانی دیکە بخۆیت. زیاتر کە دەبێتە هۆی (قەڵەوی) و کەمتر کە دەبێتە هۆی (لاوازی). ئەمە وەکو یاسایەکی گشتی. بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو سستیی جووڵە دەچێت لە جیهاندا، واتە کەمتر وزە خەرج دەکات لەوەی دەیخوات بەهۆی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکان، بۆیە باشترە هەندێک جۆری خۆراک کەم بکەینەوە.




### ئامۆژگارییەکان:

بۆ شەکرەکان: ریزکردنیان بەپێی پلەی خراپییان لە زۆرەوە بۆ کەمتر:

خراپترینیان شەکری رووتە واتە (شەکری سپی) شەکری چا و ئیشی هەویر و خواردنەوە گازییەکان و نوقڵ و بسکویت. ئەمانە دەبنە هۆی قەڵەوبوون و شەکرە و کلۆری ددان و ناڕاستەوخۆش دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ.

نان: هەتا جۆ بێت باشترە، هەتا گەنمی بۆر بێت باشترە لە ئاردی سپی.

برنج: هەتا بۆر و درێژ بێت باشترە لە سپی و خڕ. واتە بەسمەتی باشترە لە برنجی کوردی.

ئەگەر یەکێک شەکرەی هەبێت، باشترە رۆژانە پرتەقاڵێک و خورمایەک بخوات، نەک نیو قاپ برنج.

چەورییەکان: تەنیا ئەوانە زەرەربەخشن کە چەورییەکی رووتی ئاژەڵیان تێدایە: واتە رۆنی خۆماڵی، کەرە، ماست و پەنیری کوردی. ئەگەرنا گۆشتخواردن هەفتەی دووجار ئەوەندە خراپ نییە کە بڵاوە لە ناو خەڵکدا.

### پرۆتینەکان: هەموویان بە سوودن.

ڤیتامینەکان: مەگەر پزیشک پێت بڵێت، ئەگەرنا هیچ پێویست نییە حەبی ڤیتامین بخۆیت و وا بزانیت بەهێزت دەکات.

# چەند هەڵە تێگەیشتنێک لەبارەی سەرما

**رووداو- مێڵس کۆم**

چەند هەڵەیەکی باو هەیە لەبارەی سەرماوە، لەوانەش سەرما نەخۆشت دەخات، نابێت وەرزش بکەی، پێویستمان بە دژەخۆر نییە و زۆر هەڵەی دیکە، بەڵام زانستی پزیشکی شتێکی دیکەمان پێدەڵێت.

### هەڵە: سەرما نەخۆشت دەخات

راست: هەرچەندە بە هەڵامەت دەگوترێت "سەرمابوون"، بەڵام لە راستیدا خودی کەشە ساردەکە نەخۆشت ناخات. بەڵکو ئەوە ڤایرۆسە کە دەبێتە هۆی هەڵامەت نەوەک کەشی سارد. لەراستیدا ئەو خانانەی بەرگری لە لەش دەکەن لە کەشی ساردا زیاد دەکەن. تەنانەت ڤایرۆسەکانیش لە پلەی گەرمی 32دا گەشە دەکەن، بێگومان لە کەشی سەرمای زستاندا پلەی گەرمی زۆر لە خوار 32 دەبێت.

### *هەڵە: نابێت لە کەشی ساردا وەرزش بکەیت

راست: بە پێچەوانەوە، لە کەشی ساردا کالۆرییەکی زیاتر دەسووتێ، چونکە لە کەشی ساردا بە گورج و گۆڵییەکی زیاترەوە دەجوڵێین.

### *هەڵە: هەستەوەری لە زستاندا خۆبەخۆ دەڕوات

راست: یەک لە پێنجی خەڵکی هەستەوەرییان هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی لوتگیرانیش لە زستاندا هەر ئەو هەستەوەرییەیە کە بەردەوامی هەیە لە وەرزی زستانیشدا.


### *هەڵە: لە زستاندا پێویستمان بە دژەخۆر نییە

راست: مەترسی هەتاو بەهۆشی تیشکی سەرووی وەنەوشەییە، ئەو شەپۆلە لە زستانیشدا هەیە وبگرە لەوانەیە زۆرتریش بێت، بۆیە زستانیش پێویست بە بەکارهێنانی دژەخۆر دەکات. تەنانەت لە ناوچە بەفراوی و سەهۆڵبەندانەکاندا، ئەو تیشکە زیانبەخشانە کاتێک دەدەن لە زەوی 80%یان دووبارە دەدرێنەوە و جارێکی دیکە بەر پێست دەکەونەوە، بەوجۆرە نزیکەی دوو ئەوەندە کاریگەرییە خراپەکانیان زیاد دەکات.



ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (348) دووشەممە 2015/2/23

## برادەر لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی کورد برادەر بەیەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان و داواش لە هاووڵاتیانی کورد لە تاراوگە دەکات بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. برادەر بە (ڕووداو)ی گوت "دوای چەندین ساڵ لە ژیانی تاراوگە، بە یەکجاری دەگەڕێمەوە کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبم". گوتیشی "هاتنەوەی من بۆ کوردستان بە یەکجارییە و ئیدی لێرەوە خزمەتی وڵاتەکەم دەکەم". سەبارەت بە بەرهەمی نوێی گوتی "ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبومێکم کە 8 تاوەکو 10 گۆرانی ئەڤینداری و نیشتیمانی لەخۆدەگرێت". برادەر خەڵکی شاری ماردینی باکووری کوردستانە و ماوەی چەند ساڵێکە لە تاراوگە دەژی، ئێستاش بڕیاری داوە بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ ببێت".

## مەغریبییەکان داوای کچێکی کورد دەکەن



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ لانە زەنگەنە دەبێتە نمایشکاری جلوبەرگ و کۆمپانیایەکی مەغریبی داوای لێدەکات بەشداری نمایشکردنی بەرهەمەکانیان بکات. ئەویش قبوڵی کردووە.

لانە زەنگەنە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی لە ئاهەنگێکدا لە هۆڵەندا گۆرانیم گوت، چەند خانمێکی مەغریبی داوایان لێکردم بەشداری نمایشی جلوبەرگ بکەم، منیش قەبوڵم کرد".

لانە باسی شێوازی جلوبەرگەکان دەکات کە بڕیارە نمایشیان بکات و دەڵێت "شێوازی ئەم جلوبەرگانە میکسێکە لە نێوان جلوبەرگی مەغریبی و عەرەبی". گوتیشی "ئەو جلوبەرگانەی نمایشیان دەکەم دروستکراوی مەغریبین".

## ماریا لە کیژان جیادەبێتەوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ ماریا هەورامی دەڵێت لەگەڵ ئاوازدانەرێکی کورد کاردەکات بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەک. هۆکاری وازهێنانیشی لە گرووپی کیژانی سلێمانی ئاشکرا دەکات.

ماریا هەورامی بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ گەورە ئاوازدانەر بورهانی موفتی زادە، خەریکی تۆمارکردنی بەرهەمێکم و دوای تەواوکردنی بەشێوەی سینگڵ بڵاوی دەکەمەوە".

ماریا پێشتر ئەندامی گرووپی کیژانی سلێمانی بوو کە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی سەرپەرشتی دەکات، بەڵام ماوەیەکە وازی لەو گرووپە هێناوە. ماریا گوتی "بەڵێ وازم لە گرووپی کیژانی سلێمانی هێناوە، چونکە مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ گرووپی دیکە کار بکەم، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەو گرووپە بکەم کە لە ڕابردوودا زۆر هاوکارییان کردم". ماریا تەمەنی 24 ساڵە و قوتابی قۆناغی پێنجەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە.

## تەنیا ئیدریس لاوک بۆ بارزانی دەڵێ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند تەنیا ئیدریس ڕایگەیاند کۆتایی بەکارەکانی بەرهەمێک هێناوە کە لاوکێکە لەسەر مەلا مستەفا بارزانی.

تەنیا ئیدریس بە (ڕووداو)ی گوت "دوایین کاری هونەریم بریتییە لەلاوکێک لەسەر مەلا مستەفا بارزانی، چونکە دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت ئەو دەستکەوتانەی لە ڕابردوو بەدەستهاتوون، بەشی زۆریان بەهۆی ئەو سەرکردە مەزنەوە بوون". لاوکەکەی مەلا مستەفا لە یادی لەدایکبوونی لە ڕۆژی 3/14 بڵاودەکرێتەوە.

تەنیا ئیدریس گوتی کە بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕایگرتوون. لەوبارەوە گوتی "کارەکانی دوو کلیپیم تەواو کردوون، یەکێکیان بە ناوی (ڕێگا بەردە بڕۆم)، ئەوی دیکەشیان بەناوی (دوو دڵ مەبە) بەڵام بەهۆی ئەو شەڕەی یەخەی کوردستانی گرتووە، بڕیارم داوە جارێ بڵاویان نەکەمەوە".

## حەسنا مەتەر تێکەڵی دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر گۆرانییەکی نوێ بە زمانی کوردی و عەرەبی تۆمار دەکات.

ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نوێترین کاری هونەریم ئاوازێکە بۆ هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر کە تێکستەکەی لەلایەن هەڵبەستڤانی بەناوبانگ کەریم عێراقییەوە نووسراوە و تێکستە کوردییەکەش خۆم داناوە".

هەڵکەوت گوتیشی "ئەم گۆرانییە بەشێوازێکی نوێ تێکەڵکێشی عەرەبی و کوردیمان کردووە کە هونەرمەند یەحیا موجی دابەشکردنی تازەی بۆ کردووە، بەشێوازی تەرەب کاری لەسەر کراوە، لەم ماوەیەدا دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت".

## دۆتمیر باسی ژنی پێشمەرگەکان دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە هونەرمەندی کورد دۆتمیر نازێ گۆرانییەکی نیشتیمانی بۆ ئەو ژنە پێشمەرگانە دەچڕێت کە هاوسەرەکانیان و خزمانیان لە بەرەکانی شەڕ دەجەنگن.

دۆتمیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جیاواز لە هونەرمەندەکانی دیکە، من باسی ئەو زەحمەتییە دەکەم کە کەسوکاری پێشمەرگە تێیدا دەژین و دەستیان هەمیشە لەسەر دڵیانە، چونکە ئەوان باوکیان و براو هاوسەرەکانیان لە بەرەکانی جەنگن و بەرگری لە خاک و نیشتیمان دەکەن".

ئەم گۆرانییە لە ئاوازی دۆتمیر خۆیەتی و تێکستەکەشی لەلایەن ئەدیب چەلکی نووسراوە.

دۆتمیر دەڵێت "دەمانەوێت کارێک بکەین لە ئاست گەورەیی پێشمەرگە و خێزانەکانیان بێت، لەبەر ئەوە زۆر بە وردی ئیش دەکەین و پەلەی تێدا ناکەین".

دۆتمیر نازێ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام خێزانەکەیان دەمێکە لە شاری دهۆک نیشتەجێن و خۆیشی لە سوێدە.

## گۆمێز بەدوای کەپڵدا دەگەڕێت



**ڕووداو – هەولێر**

ئەستێرەی ئەمەریکی، سیلینا گۆمێز دوای جیابوونەوەی لە جەستن بەیبەری خۆشەویستی، ئێستا بەدوای گەنجێکی "باش و قۆز"دا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیکاتە خۆشەویستی خۆی.

سیلینا گۆمێزی تەمەن 22 ساڵ، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری V Magazine ـی جیهانی دەڵێت "بەدوای گەنجێکی باش و قۆزدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بیکەمە هاوڕێ و خۆشەویستی خۆم، بێگومان ئەو گەنجەی دەبێتە خۆشەویستی من دەبێت لە هەموو شتێکدا لەگەڵ گەنجی دیکە جیاواز بێت".

گۆمێز دەشڵێت، مەرج نییە ئەو گەنجە بەم نزیکانە بدۆزمەوە، بەڵام هیواخوازم گەنجێکی باش ببێتە خۆشەویستم، خۆشی بوێم و ڕێزم بگرێت، لەگەڵ بیروڕاکانم بگونجێت.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هاتنی ئەستێرەی ڤینۆس بۆ بورجەکەت بەمانای بیستنی چەند هەواڵێکی خۆشە. چالاکیت زیاد دەبێت و لە کارەکانتدا هاوکاری دەکرێی. کاتێکی گرنگە بۆ پەیوەندی سۆزداری و دەبیتە جێی سەرنجی خەڵک.

**گا**
هەتا دەتوانی خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە، لەم ماوەیەدا بەخت هاوکارییەکی باشترت دەکات و ڕێگرییەکان کەمتردەبنەوە. لەتوانای خۆت بڕوانە و هەوڵ بدە کارەکانت ڕێکبخەیت. لەڕووی سۆزدارییەوە خاو دەچیتە پێشەوە، بەڵام ئەوە بەقازانجت دەشکێتەوە.

**جمک**
بەبێ هۆکار خۆت دڵتەنگ مەکە، هەندێک خەڵک بەبێ مەبەست قسەدەکەن، پێویست ناکات لێکدانەوەی زیاتری بۆ بکەیت. کاتێکی باشە بۆ تەواوکردنی کارێک کە دواکەوتووە. هەرگیز لە ئەنجامدانی کارێکی باش پەشیمان مەبەرەوە.

**قرژاڵ**
لەسەر کارەکانت بەردەوام بە و سارد نەبیتەوە، کاتێک ئەنجامێکی باش بەدەستدێنی ماندووبوون و خەمەکانت بیر دەچێتەوە و بەشێوەیەکی جیاواز لە ژیان دەڕوانی. باری دەسکەوت چەند زیاد دەکات ئەوەندەش خەرجییەکان و پێویستیەکان زیاد دەبن.

**شێر**
ململانێ لەسەر ئەو جۆرە شتانە مەکە کە هیچ ئامانجێکت بۆ بەدی ناهێنن، هەتا زیاتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بگونجێی ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت. گرنگییەکی زیاتر بە پێگەی کۆمەڵایەتیتان دەدەن.

**گوڵەگەنم**
تیشکی هەتاو لە بەرامبەر بورجەکەتدایە، هەستەکانت کەمێک ئاڵۆز دەبن، بەڵام تۆ بەهێزتر بەو بەهێمنی خۆت لە هەنگاوەکانت بەردەوام بە. تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و سەردانەکان هەندێک لە دڵتەنگیت کەمدەکەنەوە. ئەو کارانە دوامەخە کە پەیوەندییان بە دەرامەتەوە هەیە.

**تەرازوو**
خەڵک زیاتر لێت نزیک دەبنەوە و متمانەیەکی زۆرترت پێدەبەخشن. هەموو هێز و توانات لەکارێکی نوێدا بەکاردەخەی بۆ سەرکەوتن، بە ڕاڕاییەوە هەنگاو مەنێ، توانایەکی باش و زۆرت هەیە و دەتوانی سەرکەوتوو بی.

**دووپشک**
دواکەوتنی هەندێک لە کارەکان پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، هیچ پەیوەندی بەتوانا و لێهاتووییەوە نییە. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە و نووسین. ئەم ماوەیە چەند خۆت لە گرفت بپارێزی ئەوەندە لە سەرکەوتن نزیک دەبیتەوە، پێویستە گوێ لە داواکاری و پێشنیارەکانی بەرامبەرت بگری.

**کەوان**
لەژێر گوشاری زۆر و ماندووبووندا بڕیاری گرنگ مەدە، گرنگی بە کارەکانی خۆت بدەیت باشترە لەوەی خۆت بەراورد بە کەسانی دیکە بکەی. لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت. خۆشی لەم کەشە نوێیەی کارکردن وەربگرە و مەگەڕێرەوە بۆ گومان و ڕاڕایی.

**کاژۆلە**
چەند بەرنامەیەکی کاری باشت ئامادەکردووە، ئەگەر بە باشی جێبەجێیان بکەیت دەگەیتە سەرەتایەکی باش. بەهۆی دیدار و پەیوەندییەکان و بەڵێنەکانەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت، بیرکردنەوەکانت ڕاستن، چونکە هەموو شتەکان لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێن و باش دەبنەوە.

**سەتڵ**
کاتێکی باشە بۆ بڕیاری گرنگ، بەئاگادارییەکی زۆرەوە کارەکانتان ڕێکبخەن. هەندێک کار کاتی زیاتریان پێویستە. سەرکەوتنت دەبێتە تاقیکردنەوە بۆ تواناکانت، کە ئەوەش دەرگای نوێت بۆ دەکاتەوە. مەهێڵە هەندێک بەربەستی بچوک ببنە مایەی خەمی گەورە.

**نەهەنگ**
تیشکی هەتاو لە بورجەکەتدایە، هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر دەکەیت. هەنگاوە نوێیەکانت دەبنە کلیلی بۆ کردنەوەی چەند دەرگایەکی نوێ بەڕووی بەختەوەری، ڕەنگە سوود لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە وەربگری.

ژنێک بە وشە هەناسە دەدات

# ئێلیف شەفەق: بۆ هەرکوێ بچم نووسین باوڵەکەمە، هەموو شتێکی منی تێدایە



ژیانی بەخشیوەتە وشە. ژیانێک کە بەڕوانین لە کەسانی دەوروبەری بەسەری بردووە. کەم قسەدەکات، وەلێ زۆر دەنووسێت. ژنێک کە تا گەورە دەبێت و پێدەچێت تاوەکو لەژیانیشدا ماوە خۆشترین و تاکە یاری کە دەیکات دروستکردنی کاراکتەرە بە وشە.. ئەو ژنە ئێلیف شەفەق-ە.

**ڕووداو: ئێوە لە ستراسبوگ لەدایکبوون، لە چ کەشوهەوایەکدا گەورە بوون؟**

**ئێلیف شەفەق:** دوای ماوەیەک لە لەدایکبوونم، دایک و باوکم لەیەک جیابوونەوە، لەگەڵ دایکم گەڕاینەوە تورکیا و لەگەڵ دایکم و داپیرەم، بە هاوەڵی لەگەڵ کتێب گەورەبووم. دایکم بێوەژنێکی خوێندەوار، مۆدێرن، ڕۆژئاوایی و بەکار، داپیرەشم زێدەتر ڕۆژهەڵاتی و خودان کولتوورێکی زارەکی. زۆر بەتەنیا بووم، لەو تەنیاییەشدا نێزیکترین دۆستم کتێبەکانم بوون. لەو ڕۆژەوە خۆشەویستیم بۆ کتێب زیادی کرد و لەوساوە هیچ کەمی نەکردووە. وای بۆدەچم هەر کەسێک بیەوێ ببێتە نووسەر، یاخود هەر کارێکی دیکەی داهێنەرانە بکات، پێویستە خۆشەویستی بۆ کتێب هەبێت، چونکە کتێبەکان دەروازەی دونیایەکی جیاوازمان بەڕوودا دەکەنەوە.

(کردنەوەی دەروازەی دونیایەکی جیاوان) بۆ ئێلیف شەفەق دەستپێکردنی نووسین بووە، بەڵام لەبارەی یەکەم کتێب کە نووسیویەتی، دەڵێ: "لە تەمەنی 23 ساڵی یەکەم کتێبی خۆم نووسی، هەڵبەتە ئەودەم نەمدەزانی کتێب چۆن دەنووسرێ. بەڵام ئێستا دونیای کتێب فراوان بووە و ژمارەی ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە زیادیان کردووە".

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێلیف ئومێدەوارە بەوەی ژمارەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتەکەی زیادیان کردووە، بەڵام ساڵی 2014 کتێبەکانی ئێلیف سەرلیستی ئەو کتێبانە بوون کە بە نایاسایی و بەبێ ئاگاداری نووسەر چاپکراونەتەوە و وەک کتێبی ساختە بڵاوکراونەتەوە. ژمارەی ئەو کتێبانەی لەساڵی ڕابردوو لە تورکیا دەستیان بەسەردا گیراوە 170 هەزار کتێب بوون، لە نێویاندا 22 هەزار کتێب، کتێبی بە ساختە چاپکراوی ئێلیف بوون.

**ڕووداو: لە منداڵییەوە کولتووری جیاواز ژیاون، ئەمە چ کاریگەریی لەسەر داناون؟**

**ئێلیف شەفەق:** منداڵیم لە مەدرید بوو، دواتر هاتمە ئەنقەرە ژیام، دوای زمانی ئینگلیزی، زمانی ئیسپانی بووە دووەم زمانی من. دواتر بەهۆی کاری دایکمەوە زۆر سەردانی ئوردنمان دەکرد. کۆڵن، ئیستانبوڵ، مێشیگان و ئەریزۆنا و زۆر شوێنی دیکە کاریگەری زۆریان لەسەر بەجێهێشتم، هەر لە منداڵییەوە پرسی ناسنامە مایەی بیرکردنەوە بوو بۆ من، جێکردنەوەی ئەو پرسە لەنێو ڕۆمانەکانمدا بە ڕێکەوت و لەخۆوە نییە.

**ڕووداو: ئێلیفی بچکۆلانە دونیایەکی خەیاڵیی چۆنی هەبوو؟**

**ئێلیف شەفەق:** دونیای خەیاڵم زۆر فراوان بوو، لەڕاستیدا من دونیای خەیاڵم زۆر بەرفروانتر بوو لە دونیای ڕاستەقینەم، بەهۆی ئەوەی بەردەوام لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد و دەهاتم و دەچووم، دایکم ماوەیەک وایدەزانی کێشەی عەقڵیم هەیە، بەو نیازەی کە ئاسایی ببمەوە، منی دەنارده وەرزش و کۆرسی گۆرانیگوتن.

**ڕووداو: نووسین چۆن هاتە نێو ژیانتەوە؟ کەی بڕیارتان لەسەر شتێک دا و دەستتان بە نووسین کرد؟**

**ئێلیف شەفەق:** لە هەشت ساڵییەوە دەنووسم، نووسین بۆ من وەک سمغێک وایە، پارچەکانم بەیەکەوە دەلکێنێتەوە، بۆ هەرکوێ بچم نووسین باوڵەکەمە، هەموو شتێکی منی تێدایە.

**ڕووداو: هاندەری نووسینت کێ بوو؟**

**ئێلیف شەفەق:** دایکم کە منی دەبینی بەردەوام لەبەرخۆمەوە قسان دەکەم، پەڕاوێکی ڕەنگ شینی پێشکەش کردم و گوتی: "لێرە، لەم دەفتەرە ڕۆژانە هەرچی بەسەرتدێ بنووسە"، بەڵام من ڕۆژەکانم زۆر بێزارکەر دەگوزەران، لەبەر ئەوە ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن نا، بەڵکو ئەو شتانەی کە ڕوونادەن بۆ من نووسینیان خۆشتر بوو، لە حیکایەتە زووتێپەڕەکانی ڕۆژانەوە گۆڕان بۆ ڕۆمان.

**ڕووداو: حەز بە تەنیایی دەکەیت؟**

**ئێلیف شەفەق:** حەزی پێدەکەم، بگرە زۆریش، بەڕای من تەنیایی واتای "بێکەسی" نییە، ڕێک بە پێچەوانەوە، دۆستی بەنرخت هەن، لەگەڵ ئەوەشدا بیری خۆت دەکەی.

**ڕووداو: زۆربەی ڕۆمانەکانت سەرەتا بە ئینگلیزی نووسیون، بۆچی؟**

**ئێلیف شەفەق:** ئەگەر بە زیاتر لە زمانێک خەون ببینین، دەکرێ بە زیاتر لە زمانێکیش بنووسین، زۆر چێژ لە نووسین بە زمانی ئینگلیزی دەبینم. لەگەڵ ئینگلیزی پەیوەندی زیهنی و لەگەڵ زمانی تورکی پەیوەندییەکی سۆزەکیم هەیە، من کە خۆم کەسێکی سۆزەکیم، بەڵام کە بە ئینگلیزی دەنووسم هاوسەنگیم بۆ دەگەڕێنێتەوە.

# حەلیم یوسف.. چیرۆکەکانی ترس دەنووسێتەوە

**نووری بێخاڵی**

"ترسێک بەبێ ددان" ناونیشانی یەکێک لە ڕۆمانە هەرە ناسراوەکانی (حەلیم یوسف)ـە، کە نووسەر بە کوردی نووسیویەتی و لە خانەی بڵاوکردنەوەی ئاڤێستا لە ئیستەنبول چاپ و بڵاوکراوەتەوە (2006). هەر هەمان ڕۆمان بە زمانی عەرەبی، لە وەرگێڕانی فەوواز عەبدی لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (نون)ی ئیماراتی چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

"ترسێک بەبێ ددان"، ڕۆمانێکە لە باری هونەر و تەکنیکی داستانییەوە لە لوتکەی خۆی دایە. هونەری گێڕانەوە، خەیاڵ و زمانیی نووسینەوە، دەستنیشانکردنی پاڵەوان و وێناکردنیی ئەدگارەکانی، هەڵبژاردنی شوێنکات و ڕووداوەکان و گرێدانەوەیان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، ململانێکانی ناوی. هەموو ئەمانە و زۆری دیکەش، بەڵگەی ئەوەن کە ڕۆماننووس بە ئەزموونێکی قورسیی نووسیندا تێپەڕیوە. ئەزموونێکی ئەدەبی جوان کە تەنها بەرەژانی ئازارەکانی ژیانی ڕۆژانە و خەیاڵکردنێکی ڕووت نییە، بەڵکو بەری خوێندنەوەیەکی وردی سایکۆلۆژیای داگیرکاری و سیاسەت و میکانیزمەکانی چاندنی ترسە لە ناخی مرۆڤی ژێر دەستەدا و زمانێکی دەوڵەمەند و خەیاڵێکی هونەری تیژ و دووربین، کۆمەکی بە نووسینەوە و داڕشتنی کردووە.

بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە و وردبوونەوە لە دیمەنەکانی، خوێنەر لەگەڵ ڕووداوی ترسناکدا بەریەک دەکەوێت و ڕووبەڕووی ترسێکی قووڵ دەبێتەوە. ترسێک کە سەرتاپای مێژووی کوردی داگیر کردووە و لە کۆنەستی مرۆڤی کورددا ماوەتەوە. ترسێک کە وەک سێبەر لەگەڵیدایە و لێی نابێتەوە. ترسێک، لە ژەمەکاندا دەڕژێتە نێو خواردنەکەی و شەوانە لەگەڵیدا دەخەوێ و بەیانیان لە تەنیشتیدا بێدار دەبێتەوە و ڕۆژانە پیاسەی لەگەڵ دەکات.

حەلیم یوسف لە ڕێگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (موسا قامشلۆکی)، کە تووشی نەخۆشی (کوخک – سکچوون) بووە، نەخۆشییەک کە لەو سەردەمی ناوچەی جزیرەدا زانستی پزیشکی و پزیشکەکان لە چارەسەرکردنیدا دەستەوەستان بوونە، بە تەنها کەسێکی وەک (حەسەن تلیسۆ)ی بەیتار، فریادڕەسی تووشبووەکان بووە. چارەسەرێکی ئەفسانەیی کە ترس دەخاتە دڵی نەخۆشەکان و ناچاریشن بچنە ژێر باری ڕەحمی ئەو ترسە و لەبەردەستی حەسەن تلیسۆدا وەک ئیسماعیل، بێدەنگ، ملیان بخەنە بەر چەقۆکەی و لە سرووتێکی سوونەتگەرایی و ئەفسانەییدا، دەمی کولی (نەک لا تیژەکەی چەقۆ!) بە گەردنیاندا بێنێ و ڕەگی گریمانەکراو و دەماری نەبینراوی خوێنی ئەو نەخۆشییە نەفرەتییەیان ببڕێت و لەناو سام و ترسی سەربڕینی مەجازیدا، چارەسەریان بکات.

موسا کە وەک هەر کوردێکی دیکەی ڕۆژئاوایی لەسەر دەنگهەڵبڕین لە ئاست ستەم و بێدادی و شکاندنی مۆتەکەی ترسیی دەسەڵاتداردا لەبەردەم سێ ئەگەردایە: ئەگەری زیندان، جێهێشتنی نیشتمان، خۆکوشتن. ناچار سەری پەناهەندەیی هەڵدەگرێت و ڕوو لە تاراوگە دەکات و لەوێ دەبێتە مامۆستای مێژوو، بەڵام بەرلەوەی کۆچ بکات خەیاڵی سەیر سەیر بەرۆکی دەگرن و نیگەرانی دەیخواتەوە و لەناو پارادۆکسێکدا خولدەخواتەوە " میز فشاری بۆ دێنێ، دەیەوێ پشت لەو وڵاتە نامۆیە بکات و تاهەتایە بۆی نەگەڕێتەوە، بەڵام پێش ئەو کۆچە کە گەڕانەوەی بۆ نییە، دەیەوێ لە بەرامبەر پەیکەری سەرۆکیی نەمر میز لەسەر خاکەکە بکات. پەشیمان دەبێتەوە و لەبەر خۆیەوە و بە خۆی دەڵێ: گوناهی ئەو زەویە چییە، ئەی گوناهی ئەو وڵاتە چییە کە نەفرەتی بەسەردا ڕژاوە؟! – لە ڕۆمانی ترسێک بەبێ ددان".

حەلیم لە سەردەمێکی تەواو جیاواز لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە و لەگەڵ نەخۆشی بێدەنگی سەردەمی خۆیدا گرێیاندەداتەوە. سەردەمێک خەڵکی جزیرە لە ترسی نیگابانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی سووریا و سیخوڕەکانیان، بۆ گوزارشت لە بوون و خەون و ئازار و کۆڤانەکانیان، لە بری دەنگ هەڵبڕین و هاوارکردن، بێدەنگی و زمانی ئاماژە لەناو خۆیاندا بەکار دێنن. لە ڕۆژگاری یەکەمدا ترسی چەقۆکەی حەسەن تلیسۆ چارەسەری نەخۆشییەکان دەکات و لە ڕۆژگاری دووەمیشدا چەقۆی بێدەنگی، یان کۆچکردن و خۆکوشتن فریایان دەکەوێ.

ئەو ترسەی حەلیم بە سەلیقەیەکی جوانی گێڕانەوە و پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی و زمانێکی باڵای ئەدەبی دەیگێڕێتەوە، ترسێک نییە تەنها لە ناوچەی جزیرە، بەڵکو ترسێکە لە بست بە بستی کوردستانی گەورە و بە ڕەنگ و ڕووخساری جیاواز خۆی دەنوێنێ و بە میکانیزمی هەندێ جار هاوشێوە و بڕێک جاریش جیاواز، کۆنترۆڵی مرۆڤی کورد دەکات.

لەوێدایە کە دەڵێ: هەرکە لە ڕەگ و ڕەچەڵەک و زێدی ترس، لە خودی ترس پرسیار دەکەیت. یەکڕاست و بێ چەندوچوون ترس پێت دەڵێ، کە ڕەگی ئەو لە جوگرافیای چوار مێخ کراوی کوردستان دایە. ڕەچەڵەکی لەو سەرزەمینەیە، کە تورک و فارس و عەرەب دەوریان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا حەلیم نایەوێ بۆ هەمیشە دەرگیری ئەو ترسە بین، بۆیە لە سوچێکدا، لە دەلاقەیەکی ڕووداوەکاندا، لە ڕۆژگارێکی دیکەی ناو ململانێی چیرۆکەکاندا، هەناسەی ئازایەتییەک دەکاتەوە بەر خوێنەر (مرۆڤی کورد). ئەو ساتەوەختەی درز دەکەوێتە، یان ڕاستتر بڵێین مرۆڤە ترسێندراوەکان، ورە و هێز دەدەنە بەر خۆیان و درز دەخەنە ئەو دیواری ترسە و دەیڕوخێنن. زیرەکانە و بە هونەرێکی بەرزی چنینی ڕووداوەکان و بەیەکەوە گرێدانەوەیان، یادەوەریمان دەباتەوە سەر ڕووداوە خوێناوییەکەی یاریگای قامیشلۆ لە 12ی ئازاری 2004.

ڕۆمانی "ترسێک بەبێ ددان" سەربوردەی بستە جوگرافیایەکی لەبیرکراوی سەر ئەم گۆی زەوییەیە. جوگرافیایەک بەبەرچاوی مرۆڤایەتی و دونیا زیاتر لە سەدەیەکە ترسی تێدا دەچێندرێت. جوگرافیایەک کراوەتە پێخووستی لەشکرەکانی ترس و تۆقاندن و جیهانیش خۆی لە ئاستیدا کوێر و کەڕ و لاڵ کردووە.


گێڕانەوەی چیرۆکی ترساندن و تۆقاندنی ئەو مرۆڤانەیە کە تەنها دەیانەوێ وەک خۆیان بژین و بەس. ترسێک، وەک خێوێکیی دڕندە، بەڵام بەبێ ددان، مێژوویێکی دوور و درێژە، کە نە سەرەتاکەی دەزانین و نە دەشزانین لە کوێ کۆتایی دێت، ئینج ئینج مرۆڤبوونی مرۆڤەکانی ئەو جوگرافیایە دەکاتە پاروو و گەدەی تێرنەخۆریی خۆیی پێ تێر دەکات.

جوگرافیایەک کە ژیان لە باوەشی باخچەکەیدا بۆ دووەم جار چرۆی کرد، کەچی کرایە کێڵگەی مین. مرۆڤگەلێک لە بەرەبەیانی مێژوودا، لەناو مێرگی نیشتمانی خۆیاندا و تەنها لەبەر ئەوەی دەیانەوێ وەک خۆیان کە هەن، بژین، بەسەر دڕکی ترسدا دەخرێن.



## حەلیم یوسف

ساڵی 1967 لە شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. باوکی خەڵکی باکووری کوردستان و دایکی هی ڕۆژئاوای کوردستانە. نە باوکی تورکی زانیووە و نە دایکیشی عەرەبی، بۆیە لەگەڵ هاتنە دونیادا و لەناو خێزانێکدا پەروەردە و گۆش بووە، کە تەنها بە کوردی ئاخاوتوون، بۆیە گوێچکەکانی بە زمانی کوردی ڕاهاتوون. کۆلێژی مافی لە حەلەب تەواو کردووە. لە ساڵی 2000ـەوە لە ئەڵمانیا وەک پەناهەندە گیرساوەتەوە. جگە لە زمانی کوردی، بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئەڵمانی بڵاوبوونەتەوە.



### بەرهەمە چاپکراوەکانی:

- پیاوی دووگیان – چیرۆک 1991
- ژنەکانی نهۆمە بەرزەکان – چیرۆک 1995
- مردووگەلێک ناخەون – چیرۆک 1996
- سۆبارتۆ – ڕۆمان 1999
- مەم بەبێ زین – چیرۆک 2003
- ترسێک بەبێ ددان – ڕۆمان 2006
- کاتێ ماسییەکان تینوو دەبن – ڕۆمان 2008
- ئۆسلاندەر بەگ – چیرۆک 2011



گۆران محەممەد

# حکومەتی بن پان

ئەوە رووقایمی نییە وای کردووە حکومەت تەڕ نەبێ. ئەوە هیچ پەیوەندی بە سینگفراوانیی دەسەڵاتداری کوردیشەوە نییە کە بەرامبەر هاتوهاواری خەڵک، بێدەنگە. ئەوە دوور و نزیک پەیوەندی بە پیاوچاکیی حکومەتەوە نییە کە ئاە و نزوولەی مامۆستای مووچەبڕاو و بەزۆرهێنراو بۆ خۆپیشاندان کاریگەریی لەسەریان نییە. ئەوە زادەی بنکەفراوانیی حکومەت نییە، ئەنجامی بن پانیی حکومەتە، ئاخر بە گوێرەی فیزیا، قوونی پان لە هی باریک جێگیرترە.

تۆ لەوە گەڕێ خۆپیشاندان کراوە، یان پێیانکراوە، ئاخر ئەوە هیچ گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە ئەوە بوو کە تا خۆپیشاندان نەکرا، مووچەش بە مامۆستا نەدرا، هەر کە ئەویان کرا، ئەمیشیان درا.

حکومەتی ئێمە لە پیرەژن دەچێ، ئەوانەی دوو سێ عانە بۆ رۆژی رەش لەناو دەسماڵدا گرێدەدەن، ئەگەر وا نییە، ئەوە خێرە هەر کە خەڵک هاتنە سەرشەقام، یەکڕاست پارەش پەیدا بوو؟ ماڵتان ئاوا بێت داتان، یاخوا هەر زوو زوو بیدەن، بەڵام توخوا پێشمان بڵێن ئەم پارانەتان لە کوێ و بۆ کێ حەشار دابوون؟ کە هەتانبوو بۆ زووتر نەتاندا؟ یان هەر دەبێ گیر بێ ئینجا!


ئێستا ئیتر خەڵک ناهەقی نییە عەیب نەبێ پێتان فێر بێ، ئاخر ئێوە خۆتان خۆشە کردووە و ئاشکرابوو کە ئەگەر زۆرتان لێبکرێ، بە ئاسانی دەیدەن، مووچە.

جا قوربان وەک وتمان حکومەت هەر بنی پانە، دەنا بنکەی هەرگیز فراوان نییە، ئەی ئەوە نییە رێزدار قوباد تاڵەبانی کە جێگری سەرۆکی حکومەتە، بۆ وەڵامی خەڵک، بێئاگایی خۆی لە سیاسەتەکانی حکومەت نیشان دەدا! ئەها وەزیر و پەرلەمانتاری گۆڕان، کە قەول بوو پارە بۆ کابانی ماڵیش ببرنەوە، لەملاوە خەریکی سەفەر و گەڕانن، لەولاشەوە هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەت دەکەن! ئەم حکومەتە بەس بنکەی فراوان نییە، لێ پێدەچێ گیرفانی هێشتا فراوان بێ، ئاخر پارە و مەسڵەحەت نەبێ، چی ئەم هەموو نەیارە کۆدەکاتەوە؟

مامۆستایەکی خۆپیشاندەر قسەی دەکرد و دەیگوت: داوا دەکەین هەر پێنج ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نەوت و گازی هەرێم لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و داوای روونکردنەوەیان لێبکرێت کە بۆچی هەرێم بەم قەیرانە داراییەدا دەڕوات! توو شەرەفتان ئەمە لە قسەی مامۆستا دەچێ یان ئەندامی شاندی دانوستانکاری بەغدا؟! ئاخر نۆرماڵ ئەوەبوو مامۆستا داوا لە وەزارەتەکەی خۆی بکات مووچەی بدەنێ، زۆر زۆر پەل بۆ وەزارەتی دارایی بهاوێژێ، بەڵام کە ئاوا شارەزای ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گاز بێ! ئەمەیان لە خۆپیشاندان ناچێ، لە نمایشی سیاسی دەچێ قوربان.

نمایشیش هەر خۆپیشاندان نەبوو، ئاخر لەلایەک خۆپیشاندان بوو، لەوبەریش کولیچە برژاندن!

بەدەست خۆم نییە، باوەڕ بە هیچیان ناکەم.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەغدا و هەولێر، یان تۆم و جێری؟

لانیکەم لە دوای 2003وە ئەگەر دژواریش بێت، جۆرێکی دیکە لە مامەڵە کە جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشوو لە نێوان هەولێر و بەغدادا دروستبووە. زۆرجار لە هەولێر زۆر لە گرێکوێرەکانی بەغدا کراونەتەوە، کێ لە بەغدا ئاوارە بووە لە هەولێر گیرساوەتەوە، هەردوولا جارجارە مایەی شانازی بۆ یەکتری بوونە و جاری واش هەبووە ئارەقەیان بەیەکتری کردووە. خۆش و ناخۆش لە 12 ساڵی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

تا ناوماڵی کورد یەک بوو، هەولێر نەک هەر شانی لەشانی بەغدا دەدا، بگرە ببووە مایەی ئیرەیی زۆر لەوانەی کە پێشتر شانوشکۆی بەغدایان دیتبوو، بەڵام ئەو ترازانەی کە لە 2012ەوە لەسەر لابردنی سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری مالیکی رووی دا، ئەگەرچی پێگەی هەولێری بەرامبەر بەغدا لاواز و کەمبایەخ کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا بەغداشی لە جاران بێ ئیعتیبارتر کرد. بەغدای کردە شوێنێک کە کەس نەتوانێ خەون بە حوکمی یاساوە ببینێ.

لە 3 ساڵ پێش ئێستاوە، مانگی هەنگوینی لە نێوان بەغدا و هەولێر تەواو بووە و ئەگەر هەڕەشەکانی داعش نەبووایە، دوور نەبوو ئەمڕۆ پێشمەرگەکانی کوردستان لەسەنگەری شەڕی سوپای شیعەدا بان. هەرچەندە کە کورد خوازیاری هیچ جۆرە بەرکەوتنێک و پێکدادانێک نییە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتی بەناو عێراق، بەڵام دوور نەبوو شەڕ بەردەرکە بە کورد بگرێت، وەک چۆن داعش پێیگرت.

ئەم بارودۆخە دژوارەی ئێستا هەولێر و بەغدا تێیکەوتوون، ئەگەر لەلایەک بەرهەمی تاکڕەویی بەغدا و بێ متمانەیی نێوان هەولێر و بەغدا بێت، بەشێکی زۆریشی پەیوەستە بە ناشەفافیەت و سەرلێشێوایی هەردوولا. بە کورت و کرمانجی بەغدا خواخوایەتی هەولێری لەیەخە بێتەوە، بەڵام نازانێ چۆن؟ کوردیش ئەگەر هەمووشیان نەبێ، زۆربەیان حەز دەکەن لەگەڵ بەغدا نەمێنن. سێ ساڵی رابردوو هەولێر و بەغدا وەک بووک و خەسوو، بیانگە و بیانوو بەیەکتری دەگرن بۆ ئەوەی هەرکەسە و ماڵی خۆی بکات. ئەوەی وایکردووە جەوهەری هەندێک لە مەسەلەکان ون بێت. نموونەی هەرە سادە دوو رێککەوتنی کۆتاییە کە یەکیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە بەغدا کراوە و ماوەی 100 رۆژ بۆ سەرکەوتنی حکومەتی عەبادی دیاری کرا. کێ دەتوانێ بڵێ کام بڕگەی کارنامەی حکومەتی عەبادی و بەڵێنە 100 رۆژییەکەی هاتووەتەدی؟ ئەگەر وایە کەواتا دەبێ دڵمان خۆشبێت، ئەگەریش وا نییە (کە وانییە)، ئەدی کورد چ ئیشیان لە ناو حکومەتی بەغدادا هەیە؟! رێککەوتنی دووەم کە نزیکەی دوو مانگ و نیو پێش ئێستا ئیمزا کرا، رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بوو کە چووە ناو یاسای بودجەشەوە، بەڵام ئێستاش کەس تێنەگەیشت خەتای کێیە؟ کەس نەهات بە ژمارە پێمان بڵێ کورد لە رۆژێکدا ئەوەندە نەوتی ناردووە و دەبووایە بەغدا ئەوەندە پارە بدات! لە هەمووی سەیرتریش ئەوەیە کە هەردوولا لە کاتێکدا تۆزقاڵێک پابەندییان بە رێککەوتنی نێوانیان نییە، هەم دووپاتی دەکەنەوە کە پابەندن بە رێککەوتن و هەمیش یەکتر تۆمەتبار دەکەن کە پابەند نەبوونە بە رێککەوتن! ئەوە یەکێکە لە عاجباتیترین بارودۆخەکان کە باوەڕ ناکەم هیچ شارەزایەک سەری لێدەربکات، چ جای خەڵک.

راستییەک هەیە کە زۆر کەسیش دانی پێدا ناوە، ئایندەی هەولێر و بەغدا بەرەو دوو ئاسۆی جیاوازە، بەڵام ئەگەر هەولێر نیەتی جیابوونەوە لە بەغدای هەیە (کە هەیەتی)، دەبێ راست و رەوان نەک ئەوە دەرببڕێت، بگرە دەبێ دانیشێ و حیسابی هەنگاو بە هەنگاو بکات. ئەو کارە ریسک و مەترسی زۆرە، بەڵام کۆتاییهێنانە بەو گەمەیەی کە چەندین ساڵە هەیە و هەردوولا درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن. پەیامی بارزانی سەبارەت بە ماددەی 140 و کەرکووک و ناوچەکانی دیکە زۆر روونە و پێویستی بە شرۆڤە نییە، بۆیە هەنگاوی داهاتوو دەبێ تێگەیاندنی خەڵک بێت و میللەت بۆ قۆناغێکی تازە ئامادە بکرێت.



عارف قوربانی

# سوننە چی لە داعش دەچنێتەوە؟

داعش سەرەتای دروستبوون یاخود دروستکردنیان و ئەو دۆخەی تیایدا لەدایک بوون، دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەیەکی لەبار لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوچە سوننیەکانی عێراق و سووریا. لە دۆخێکدا پەیدابوون کە وەک دەرکەوتەی واقیع و زەرورەتی هەلومەرج خوڵقاندبنی، وەک زادەی پێویستی هاتن، ئەوەی دروستیکردن هەستی بەو بۆشاییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ناسیۆنالیستی و مەزهەبیەی ناوچەکە کردبوو، بۆیە بەو رادە مەترسیدارە شوێنکەوتەیان بۆ پەیدابوو، زوو گەشە و تەشەنەیان کرد.

بەهۆی ناسنامەکەیەوە کە گرووپێکی جیهادیی سوننەن، بەهۆی ئەوەش کە لە سووریا سەردەمانێکی زۆر بوو سوننە دەچەوسێندرانەوە، لە سووریا گەنجێکی زۆری سوننی مەزهەب دوایانکەوتن، لە عێراقیش بەهۆی هەڵمەتی چڕی تەشەیوع، وەک پەرچەکردار و پێویستیی قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بەشێکی زۆریان بوونە شوێنکەوتەی ئەو گرووپە و رێگەخۆشکەر بوون بۆ هێنانەوەی بۆ ناوچە سوننیەکانی عێراق و بە ئاسانی چەند پارێزگایەک کەوتە دەستیان، وەک راپەڕینی چەکداریی سوننە دەرکەوتن و کورد واتەنی (ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی)، زوو بوون بە ماڵأ بەسەر سوننەوە.

بەڵام ئایا لە راستیدا داعش خزمەت بە سوننە دەکات؟ ئەوەی تا ئێستا کردوویانە هیچ خزمەتێکی بە سوننە کردووە؟

لەبەر ئەوەی داعش ئامرازە نەک ئامانج، تەنانەت ئامانجی داعش دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامیش نییە، بەڵکو ئەو دەوڵەتەی دروستیشیان کردووە ئامرازە بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە رەنگە زوو بێت بۆ خوێندنەوەیەکی دەقیقتر لەوەی تا ئێستا بۆ ئایندەی لێکەوتەکانی دوای دەرکەوتنی داعش کراون.

بۆیە دەکرێت لە ئێستادا ئەو دەرئەنجامانەی لە رەفتار و کردار و بەهۆی داعشەوە هەڵهێنجراون، وەک سەرەتایەک بۆ ناسینەوەیەکی دروستی ئامانجە دوورمەوداکانی داعش وێنا بکرێن.

ئەم هێزە لە دەرکەوتنیانەوە تا ئێستا ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کە خاوەن نەخشەو پلانی وردی تاکتیکین و پەیڕەو لە سیاسەتێکی قۆناغبەندیی دوورمەودا دەکەن، نە دوادەکەون لە پلانەکانیان و نە پێشڕەوی و پەلەش دەکەن لەوەی دەیانەوێ پێی بگەن. ئەمە پێمان دەڵێت هێزێکی هەمەجی و بێ ستراتیژ نین، کەواتا عەقڵێکی گەورەتر لەوەی وێنا دەکرێت، هەڵیاندەسوڕێنێ.

تا ئێستا ئەوەی وەک ئەنجام لە کارەکانی ئەم گرووپە کەوتووەتەوە، جگە لە ماڵوێرانی هیچی دیکەی بە سوننە نەبەخشیوە. لە سووریا هەموو ئەو ناوچانەی سوننەنشین بوون، بەهۆی شەڕی ئەم گرووپەوە بوونە وێرانە، گەنجێکی زۆری سوننە بوون بە سووتەمەنیی شەڕەکانیان، لە هەمانکاتدا بوون بە قەڵغانی پاراستنی رژێمەکەی ئەسەد.

لە عێراقیش کە لە دۆخێکدا هاتن سوننەکان داوای هەرێمی تایبەت بە سوننەی عێراقیان دەکرد، هەموو سیاسیەکانیان بوون بە ئاوارە یان لە بەغدا یاخود لە کوردستان. حیزبە سوننیەکان رەگ و ریشەیان هەڵتەکێندرا، نفوز و جەماوەری هیچ کوتلەیەکیان نەما، نەک خواستی هەرێم و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرێتی لەناو سوننە نەما، بەڵکو هەموو ناوچەکانیان وێران کران، هەزاران گەنجی سوننەی عەرەبیان کوشت و هەزارانیان لە ریزەکانی خۆیاندا بەکوشت داوە. ئەوەشی ماوەتەوە لە رزگارکردنەوەیاندا لەگەڵأ زەوی تەخت دەکرێت.

لەبەرامبەردا لە سووریا شەرعیەتیان بە مانەوەی حوکمی شیعیی ئەسەد دایەوە، لە عێراق کە پێشتر دەگوترا سوپا بەشێکی بە تائیفی کراوە، بەهۆی داعشەوە شەرعیەت درایە پێکهێنانی سەدان هەزار چەکدار لە ریزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیای بەدر و خوراسانی. دەرگاش بۆ سوپای قودسی ئێران ئاوەڵا بوو لەناو خاکی عێراق و سووریا و لوبنان تەراتێن بکات.

لە تازەترین دەرکەوتەشدا، داعش لە لیبیا کەوتوونەتە چالاکی و ئەگەرەکان کراوەن بۆئەوەی وڵاتە عەرەبییە سوننیەکانی تریش بگرێتەوە. هیچ دوور نییە و بەدڵنیاییەوە پێگەی تورکیاش وەک کۆڵەکەیەکی بەهێزی هەیمەنەی سوننە لە ناوچەکە دەلەرزێنێ و دەگاتە دەرگاکانی ئەستانە. بۆ هەر جێگەیەکیش بچێت بەدوای خۆیدا پەلکێشی هەیمەنەی شیعە دەکات.

لەکۆی ئەم هاوکێشەیەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت: ئەی کەواتا لە داهاتوودا داعش چی بۆ سوننە دەکات کە ئەوە ئەگەرەکان بن؟ بەندە نایشارمەوە لەمێژە بۆچوونێکم لا دروست بووە کە ئەمریکا بەتایبەت و رۆژئاوا بەگشتی سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە ئیسلام بەجۆرێک دارشتووەتەوە پێچەوانەی سەدەی رابردووە. لەسەدەی بیستەمدا دەیان دەوڵەتۆکەیان بۆ سوننە لە جیهانی ئیسلامیدا قوتکردەوە، لە دوای سەرهەڵدانی قاعیدە و بەدیاریکراویش لەدوای پەیدابوونی داعشەوە، پشتیوانی لە شیعە دەکەن لە جیهانی ئیسلامی و لە نەخشەی تازەی ناوچەکەدا هاوکێشەکە پێچەوانە دەکەنەوە و جیهانی ئیسلامی دەبێتە خاوەنی دوو بلۆکی گەورەی شیعی و سوننی.

دوور نییە بۆ ئەو ئامانجە بێت کە دواتر ئەم دوو بلۆکەی سوننە و شیعە بەریەک بکەون و بەمە جیهان لە مەترسیی بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان و مەترسیی فراوانبوونی ئیسلام بپارێزن.



محەممەد حاجی کەریم

# گەرای داعش هەر دەمێنێ

تێکشکاندنی داعش لە بەرەکانی جەنگ زۆر ئاسانترە لە تێکشکاندنی ئەو فکرەی گروپگەلی توندڕەو و سەلەفیی جیهادی ئاراستە دەکات.

سەرکەوتن بەسەر داعشدا، تەنیا لە بەرەکانی شەڕەوە بەدی نایەت، بەڵکو دەبێ سەرکەوتنەکە پەل بهاوێت بۆ هەموو جۆرە فکرێکی ئیسلامیی توندڕەو.

ئەگەرچی داعش رێکخراوێکی ئیرهابیی تازەیە، بەڵام رەگێکی مێژوویی هەیە و دەرهاوێشتەی گروپگەلی دیکەی ئیسلامیی سیاسی و جیهادییە. کوردستانیش بێ شوێنکەوتووانی ئەو گروپە و کاراکتەری ئیسلامیی توندڕەو نییە، ئەگەرچی ژینگەی کوردستان بۆ گەشەی بزاڤێکی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو بە پیت و فەڕ نییە وەک ئەوەی لە جیهانی عەرەبی هەیە و تا ئاستێکی زۆر، رەوتی سەلەفی و ئیخوان و جیهادییەکان رەگوڕیشەیان بە قووڵی داکوتاوە و زەمینەی گەشە و باڵادەستبوونیشیان تا ئاستیکی زۆر لەبارە.

زۆرینەی کۆمەڵی کوردستان موسوڵمانن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە گوتاری توندڕەوانەی ئیسلامییەکانی قبووڵ بێ. بۆیەشە لە لایەکەوە دڵمان بەوە خۆشە کە هەرێمی کوردستان وەک ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئاڵوودەی فکری توندڕەوی نییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ناکرێ وابزانین هیچ مەترسیەک لە ئارادا نییە.

هەروەک دەبینین کەمنین ئەوانەی بەو خەیاڵە دەژین کە رۆژێک لە رۆژان کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆمەڵگەی عەرەبی بچێ، یان شێتگیری ئەوەن هەرچی زووە خۆیان لە ترۆپکی دەسەڵات ببیننەوەو هەمووان لە چوارچێوەی یەک ئایدیۆلۆژیا و دونیابینیدا کۆبکەنەوە.

داعش دەکەوێ، باگەڕ و باهۆزەکەی تەواو دەبێ، رەنگە هیچ سنوورێکی ئاشکراشی لەگەڵ ئێمە نەمێنێ، وەلێ مادام خاکی ئەو هەرێمە بێ گەرای داعش نییە، مەترسییەکانی هەر دەمێنێ. رەنگە هەموو رێگەیەکیش بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی ترس و تۆقاندن و تێکدانی ئاسایش و ئارامی بگرێتە بەر.

کاتێک جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە 500 کورد لە نێو داعشدان، نابێ ئەو ژمارەیە بە ئاسایی وەربگرین و بێ تەدابیر و لێکدانەوە تێپەڕ بێت.

مەلا کرێکار لە تەلەڤزیۆنێکی کوردییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە سەتان کەس لە ئەورووپا و بە هەزارانیش لە کوردستان، لایەنگری ئەون و لە چاوەڕوانیی خۆیەکلاکردنەوەکەی ئەودان. راستی بڵێت، یان مەبەستی بووبێت پەیامێک بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە بگەیەنێت، بەو مانایەی هێشتا خۆری ئەو دەدرەوشێتەوەو دۆست و هەوادارەکانی، تا رادەی جیهاد لەگەڵیدان، ئاماژەگەلی مەترسیدارن.

بزانین یان نا، لە بێ بەرنامەیی یان ناهۆشیاریمانەوە بێ، زۆر جار خۆشمان خزمەت بە رەوتی توندڕەو و تاریکبین دەکەین. هەر لە نێو خێزانەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانە و مزگەوت و حیزب و کەناڵەکانی میدیا، کارێک دەکەین دەرهاوێشتەی نەرێنی بە دواوە بێ و لە بەرژەوەندی بەرەی بەرامبەردا بێت.

لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکاندا، ماموستای سەلەفی و تاریکبینی وا هەیە، رۆڵی لە چەکدارێکی داعشی بەرەی شەڕ ترسناکترە. بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی ئیسلامییش، بە گوتارە توند و ئاگرینەکانیان خزمەتەکەیان بۆ رەوتی توندڕەو، لە خزمەتی داعش کەمتر نییە.

گروپ و لایەنە ئیسلامییەکانیش هەڵوێستێکی روون و راشکاوانەیان لێ نەبینراوە. بیرمان نەچێ ئەو حیزبانە، لە بەرهەمهێنانی فکری توندڕەوی و پەروەردەبوونی ئەوانەی ئەمڕۆ بەرەی داعشیان هەڵبژاردووە، بێ رۆڵ و کاریگەری نەبوونە.

هەرچی میدیای کوردیە، لەو بازنەیە بەدەر نییە، زۆر جار ئەوەی پێشکەشی دەکات لە بەرژەوەندی فکری توندڕەوانەی گروپە تیرۆریستییەکان تەواو دەبێ. نەک تەنیا میدیای سەر بە رەوتی ئیسلامی، بەڵکو هەندێک جار دامەزراوەیەکی میدیایی کە ئیدیعای پرۆفیشناڵی دەکات، بۆ هەرمێن و بازاڕگەرمیی خۆی، هەر وەک نموونەی دیمانەکەی چەند شەوی رابردوو لەگەڵ مەلا کرێکار، دەکەوێتە هەڵە و تا سەر ئێسقان خزمەت بە ئەجێندای داعش دەکات.

هەڵەیەکی گەورەیە، بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر بەدیار شاشەی تەلەڤزیۆنەکەتەوە دابنیشێ، زۆرترین خوێنەر رۆژنامەکەت بخوێنێتەوەو سەردانی ماڵپەڕەکەت بکات، رەحمێک بە ئایندەی ئەو میللەتە نەکەیت و دەرفەت بە کەسانێک بدەیت، ژەهری کوشندە هەڵبڕێژن.

رەنگە خەڵکێک بپرسێ، ئەی چ مانایەک بۆ ئازادیی رۆژنامەگەری دەمێنێتەوە، ئەگەر بۆی نەبێ دیمانەی ئیسلامییەکی توندڕەو بڵاوبکاتەوە؟ بە پێچەوانەوە، هەر ماددەیەکی میدیایی هانی توندوتیژی و پشێوی بدات، ئەرکی راستەقینەی خۆی ون دەکات و پەیامە پیشەییەکەی دەدۆڕێنێ و جیاوازی لەگەڵ حیزبێک، یان گروپێکی توندڕەو نامێنێ.

چارەسەر لە وشککردنی شادەمارەکانی فکری توندڕەوی و جیهادی دەستپێدەکا، چارەسەر تەنیا شەڕی چەکداری و رووبەڕووبوونەوەی بەرەکانی شەڕ نییە. بۆ ئەمەش پێویستە حکومەت ئەجێندای تایبەتی هەبێ. وێڕای دانانی سنوورێک لە بەردەم گەشەی گروپگەلی توندڕەو، کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو مەکینەیەش بکات کە بەرهەمهێنەری فکر و کاراکتەری توندڕەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین، بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسیە تەنیا ئەرکی حکومەت نییە، بەڵکو ئەرکی هەمووانە، وەک چۆن دەرهاوێشتەکانی ئەو رەوتە ترسناکە هەمووان دەسووتێنێ، دەبێ هەمووانیش بەوپەڕی چاوکراوەیی و ئاگاییەوە، پێشی لێ بگرن.

ئەوەی گرنگە و نابێ فەرامۆشی بکەین، ئەگەر شەڕی داعش کۆتایی بێ، گەراکانی لە نێوماندا دەمێنێ و هەمیشە بە دوای قۆستنەوەی دەرفەتدا دەگەڕێن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



سوهێر قەیسی *

# خۆشەویستیی قەدەغە

من لێرە باسی خۆشەویستی پاشایەکی جوان بۆ ئافرەتێکی زۆر جوان لە خەڵکی ڕەشۆکی و دەردەسەرییە کلاسیکییەکان ناکەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوروبەر و کۆمەڵگە. من لێرەدا باسی تامەزرۆیی ئەو پاشایە ناکەم بۆ بۆنکردنی ئەو ئافرەتە و باسی خورپەی دڵی ناکەم بۆ ساتەکانی لێکجیابوونەوەیان.

من باسی چیرۆکی خۆشەویستییەکی قەدەغەکراو دەکەم لە نێوان ئەوانەی کە واماندەزانی دوژمنی باوەکوشتەی یەکترن: ئێران و ئیسرائیل.

هاوڕابن لەگەڵم یان نا، بەڵام ئەو دووانە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەن و هەردووکیان زۆرباش لە ناوچەکەی ئێمەدا ئاگایان لەیەکترە. وەک هەر پەیوەندییەکی دیکە، پەیوەندی ئەوانیش لە هەڵکشان و داکشاندایە، لە گەشبوون و لاوازیدایە، بەڵام بەردەوامە. بەڵگە زۆرن، بەڵام من لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەم. پێش ئەوەی دەستپێبکەم، دەمەوێ پێتانبڵێم کە من ڕێز لە هەموو ئاین و ئاینزاکان دەگرم، قسەکانی منیش جگە لە لێکدانەوەی سیاسی، پەیوەندییان بە هیچ شتێکی دیکەوە نییە.

لێرەدا دەستدەکەم بە خستنەڕووی قسەکانی ئیسحاق رابینی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە ساڵی 1987دا، کە گوتی ئێران دۆستی هەڵبژاردەی ئیسرائیلە وئێمە نامانەوێ هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر تاران بگۆڕین! ئەو قسانە لە کتێبێکدا تۆمارکراون سەبارەت بە پەیوەندییە نهێنییەکانیان کە تریتا باریسی لە کتێبی (هاوپەیمانێتی هەڵخەڵەتێنەر)دا تۆماری کردوون، واتە ئێران دۆستێکی جیۆسیاسی ئیسرائیل بوو لەسەردەمی ئیمام خومەینیدا.

کاتێک ئێران لەساڵانی هەشتاکاندا لە شەڕدا بوو لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ڕۆژئاوایی پشتیوانی عێراقیان دەکرد، ئیسرائیل چەکی دایە ئێران، ئەوکات سەرکەوتنی عێراق لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدا نەبوو، بەتایبەتی کە سەددام حوسێن بەردەوام هەڕەشەی لە ئیسرائیل دەکرد.

ئیسحاق رابین باسی پەیوەندییەکی بەهێزی هەواڵگری و ئەمنیی باڵا دەکات لەنێوان هەردوولادا، کە ئەوە ئەنجامی چەند دەیەیەکە نەک کاتێکی دیاریکراو.

لەوانەیە ئێستا یەکسەر پرسیارم لێبکەن لەبارەی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەکاتی دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژاددا. بەوخوایە من پێموایە هەموو لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژاد لەبارەی مەترسیی ئیسرائیل، هەموویان بۆ بەکاربردنی نێوخۆیی بوون، چونکە ئەو کەسایەتیەکی قبوڵنەکراوبوو لەلای خەڵکی ئێران، هەمیشە خۆی وەک پاڵەوانێک لەبەرامبەر ئیسرائیل پیشاندەدا بۆ ئەوەی ئێرانییەکان لە دەوری کۆببنەوە. بینیامین ناتانیاهۆش هەمان شتی کرد کە مەترسی ئەتۆمیی ئێرانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێنا. لەکۆتاییشدا ئێمە زۆر لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی هەردوو وڵات نازانین، بەڵام هەردووکیان ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی پارچە پارچە و لاوازیان دەوێت بۆ ئەوەی هێزی خۆیان بسەپێنن.

ئەمریکا (منداڵی بەنازی لۆبی کاریگەری جولەکە) ڕژێمێکی دیکتاتۆریی لە عێراق ڕووخاند و پشتیوانی لە هەژموونی ئێران کرد لە عێراق. ئەمڕۆش فەرماندەی فەیلەقی قودس قاسم سلێمانی کە پێشتر بە پیاوی سێبەر ناسرابوو، ئیدی چیتر لە سێبەردا نییە، ئەو ئەمڕۆ بە ئاشکرا لەلای ئێمە لەگەڵ سەربازانی عێراقیدا سەما دەکات لە ڤیدیۆیەکدا کە لە یوتیوبدا بڵاوکراوەتەوە! ئاساییە، پەیوەندییەکە زۆر ئاشکرایە و چیتر خۆشەویستییەکی شاراوە نییە!

خوێنەری ئازیز، بەڵگە و شایەتی دیکە داعشە. ئەو ڕێکخراوە تائێستا هیچ کردەوەیەکی لە ئێران یان ئیسرائیل ئەنجامنەداوە. داعش دەیەوێت لە ڕێگەی ڕۆژئاوای عەرەبییەوە ڕووبکاتە باشووری ئەوروپا و هیچ باسی ئیسرائیل و ئێران ناکات. ئایا هیچ وەڵامێکی لۆژیکی هەیە بۆ ئەمە؟

هاوئاهەنگییەکی بازرگانیی ئێرانی و ئیسرائیلی هەیە. بەڵێ بازرگانی خوێنەری ئازیز، سەرەڕای ئەو سزایانەی خراونەتە سەر ئێران لەلایەن ڕۆژئاواوە. لە ئاياری 2014دا، مستەفا ئەفزەلی نوێنەری شاری ئەردەبیل لە پەرلەمانی ئێران باسی مامەڵکردنی 55 کۆمپانیای ئێرانی کرد لەگەڵ ئیسرائیل. هەروەها لەساڵی 2011دا مامەڵەی کۆمپانیای گەورەی وەک عوفەر برۆزرزی ئیسرائیلی لەگەڵ ئێران ئاشکرابوو، بەپێی بەیاننامەی خاوەنەکانی خودی کۆمپانیاکە.

## بەهەرحاڵ، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە:

خۆشەویستی نهێنی بووەتە شتێکی ئاشکرا. ئەی هاووڵاتی عێراقی بزانە کە هیچ لایەنێکی دەرەکی بە دوای بەرژەوەندیی تۆدا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای هەژموون و بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەڕێت لەسەر حیسابی ژیان و خوێنی تۆ.

بەڵام نەمانی چاکە و ئاین، شێوازێکە بۆ دەستبەسەرداگرتن و هەموو ئەمانە باوەڕیان بە 1%ی ئەو قسانە نییە کە دەیکەن. هیچ باوەڕ بەو بڵقە میدیاییانە مەکە کە لایەنە هەرێمایەتییەکان بڵاویدەکەنەوە.

***ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییە و ڕاگەیاندنکارێکی گرووپی mbcیە ، مەفتانە ئەو گۆشەیە بۆ ڕووداو دەنووسێت .**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# نابێ لە بەغدا بکشێینەوە

لە کوردستان ئەو دەنگانەی داوای کشانەوەی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا دەکەن هەروا بەرزتر دەبنەوە. بەتایبەتیش کە خەریکە دەردەکەوێت بۆ پەیمانشکێنی بەرامبەر هەولێر، جەنابی عەبادیش کراسێکی لە مالیکی دادڕیوە، ئەو دەنگانە ڕۆژ بە ڕۆژ زوڵاڵتر دەبن. بەڵام ئایا کشانەوەی ئەو نوێنەرانە زیانی زۆرتر نابێت لە قازانج؟

نوکتەی گەورە کە من لە یەکەم ڕۆژەوە بڕوام پێنەکرد ئەوەبوو کە هوشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق، گوتی: "کاتێک بوومە وەزیر، بەسەر سندووقێکی بەتاڵدا کەوتم". ئەم قسەیە وەزیری پێشووی دەرەوەی عێراق کردی. بەدوایدا وەزیری کۆچ و کۆچبەران و ژمارەیەک وەزیری دیکەی کوردیش لە کابینەی عەبادیدا هەمان قسەیان دووبارەکردەوە. کاتێکیش لە هەریەکێکیان دەپرسیت: "پارەی عێراق چیی لێهاتووە؟" بە چاوئەبڵەقی وەڵامتدەدەنەوە: "نازانین"!

ڕاستییەکەی ئەوەیە عەبادی لە عێراقدا سەرۆکایەتیی دوو حکومەت دەکات. یەکێکیان ئەوەیە کە شەرعیەتی نێودەوڵەتیی هەیە و ئەوەی پێیدەڵێن "پێکهاتەکانی عێراق" تێیدا بەشدارن. ئەو حکومەتە حکومەتی کرووزانەوە و بێپارەیی و داعشزەدەییە. حکومەتێکە پارەی نییە بودجەی کوردستان بنێرێت، بەڵام، وەک جێگری پارێزگاری مووسڵ پێیگوتم، "لەپێناوی تێکنەچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی"، ناهێڵێت مووچەی فەرمانبەرانی بندەستی داعش لە مووسڵ و ئەنبار بۆ یەک ڕۆژیش دوابکەوێت. ئەو حکومەتە هەمان ئەو حکومەتەیە کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆر کوردیان خستە ناویەوە و کڵاوێکی مەکسیکییان لەسەرینا.

حکومەتی دووەم کە لە عێراقدا هەیە، حکومەتی سێبەری شیعە-ئێرانییە. ئەو حکومەتە پارە و نەوت و سوپای بەدەستەوەیە، بەو پارەیەشەوە کە لە سندووقی وەزارەتەکەی هوشیار زێباری دەرهێنراوە! هەرچییەکیش ئەو حکومەتە نەیەوێت لە عێراقدا ڕوونادات. پەتەکانی بەڕێوەبردنی ئەو حکومەتە لەدەست عەبادیدا نییە، بەڵام لەدژیشی نییە. لەو حکومەتەدا ئێستاش مالیکی و هاوفکرەکانی دەستیان دەڕوات و تاران خەت و نیشانیان بۆ دەکێشێت. بۆیەش هەمان ئەو سیاسەتەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیانبووە درێژەی پێدەدەنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە هێشتا مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان نییە بدرێت. لە ناوچە تازە گەڕاوەکانیش هادی عامری و میلیشیا شیعەکەی جێگەی عەبدولئەمیر زەیدییەکەی جارانی گرتووەتەوە.

سەرکردایەتیی کوردستان ئەم ڕاستییەی سەرەوە دەزانێت، بەڵام دەشزانێت جارێ کشانەوە لە بەغدا زیانی لە قازانج زۆرترە. تا شەڕی داعش بەلایەکدا نەکەوێت، حکومەتی کوردستان پلانی پشتبەخۆبەستوویی ئابووری و وزەیی نەگەیەنێتە قۆناخی بێمنەتبوون و تا ڕەوشی سووریاش هەروا بمێنێتەوە، هەولێر قازانجێکی وا لە کشانەوە لە بەغدا ناکات. ئێمە وەک ڕۆژی ڕوون لێمان دیارە کە ئەو ترەکەڵەکەی لەگەڵ بەغدا هەڵمانچنیوە زۆری دیکە نابات و دەڕووخێت، بەڵام با کەنگر و ماست هەڵگرین بۆ وەعدەی خۆی.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# دەروێشەکانی ئەردۆغان و دوژمنەکانی تورکیا

هەفتەی پێشوو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا و ئەنقەرەی کرد. ئەنقەرە یان بەغدا، کامیان دۆستن؟ لەگەڵ کامیان ڕێبکەوین و کامیان پشتگوێ بخەین؟ ئەردۆغان ئەو دێوەزمە ترسناکەیە کە هەندێک باسی دەکەن؟ یان ئەو فریادڕەسەیە کە ئەوانی دی پێیدا هەڵدەدەن؟

"کوردستان لە ناوەندی دۆزەخدا هەڵکەوتووە، هەر چوارلای بە ئاگر و دووکەڵ دەورەدراوە. تەنیا ڕێگەیەک بۆ ئەوەی لە خنکان ڕزگاری بکات ئەوەیە کە بۆڕییەک بنیادبنێ ئەوسەری بگاتە هەوای پاک، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو بۆڕییەوە هەناسە هەڵمژێت و سییەکانی پڕ بکات لە ئۆکسجین". ئەم دێڕانە قسەی ئیسماعیل بێشکچی بوون کاتێک مانگی مایسی پار لە سەردانێکیدا بۆ هەولێر و سلێمانی لە باسی باری نالەباری کوردستاندا گوتنی.

لە ناوەندی گەڕاندا بەدوای هەواکێشێک بۆ هەناسەدان، بۆڕییەکی نەوت کە لە ڕێگەی تورکیاوە کوردستان دەگەیەنێتە جیهان، بووە ترووسکاییەکی ئومێد بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ جیهان و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی ئابووری.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوردستان پێویستی بەوەیە لەگەڵ یەکێک لە "هاوسێ"کانیدا ڕێبکەوێت بۆ ئەوەی ڕێگایەک بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی بکاتەوە. سووریا بەم دۆخەی ئێستایەوە کە پێویستی بە باسکردن نییە، دواین چۆیسە کە بتوانین هەماهەنگی لەگەڵ بکەین. ئێران بەم گەمارۆ ئابوورییە و پەراوێزخستنە سیاسییەوە کە جیهان لەسەری داناوە، زۆر قورسە بە بژارەیەکی باش ئەژمار بکرێت. عێراق خۆی لە بارێکدا نییە زۆر جیاواز لەوەی سووریا، لانیکەم دەیان ساڵی دەوێ هەتا دەبێتەوە بە وڵات (ئەگەر ببێتەوە!). دەمێنێتەوە تورکیا. بە بۆچوونی من، دەکرێت تورکیا بە گونجاوترین هاوسێ ببینرێت بۆ بنیادنان و بەرەوپێشبردنی هەماهەنگی، بەڵام بە چەند مەرجێک.

جێی داخە کە نووسەر و ڕووناکبیرانی ئێمە، تەنانەت بەشێک لە سیاسییەکانمان لەسەر بابەتی پەیوەندیی هەولێر و ئەنقەرە بەسەر دوو جەمسەردا دابەشبوون. یان دەروێشێکی گوێڕایەڵی ئەردۆغانن، یان دوژمنی سەرسەختی ناوی تورک و تورکیان. بەڵام ئەگەر دوور لەو لێکدانەوە عاتیفیانە سەیر بکەیت، دەتوانی ڕاستییەکە ببینی.

دەروێشەکان ماوەی چەند ساڵێکە لە هەوڵی ئەوەدان تەرویجی ئەردۆغانمان بۆ بکەن. وەک فریادڕەسی کورد و کوردستان پێشانمان بدەن. ئەم تاقمە لەگەڵ هەڵوێستی پاسیڤی تورکیا کاتێک داعش هێرشی کردە سەر هەولێر، تووشی شۆک بوون. نەیاندەزانی بە چ شێوەیەک پاساو بۆ ئەردۆغان بهێننەوە. هەندێکیان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون، هەندێکیشیان ئارگومێنتی وا بێهێزیان داڕشت، بێدەنگ بوونایە باشتر بوو.

تاقمی دووەم، وەک بڵێی لە سەنگەردا دانیشتبن، چاوەڕێن یەکێک یەک وشەی پۆزەتیڤ لەسەر تورکیا بڵێت و پەلاماری بدەن. ئەمانیش بە زمانێکی کۆنەوە، بێئاگا لە پێشهاتەکانی 25 ساڵی ڕابردوو لەو وڵاتە، بە کۆمەڵێک زانیاری نادروستەوە کە میدیاکانی قەندیل بەمەبەست بڵاویدەکەنەوە، هێرش دەکەنە سەر ئەو کەسانەی کە دەڵێن هەماهەنگیکردن لەگەڵ تورکیا باشترە لە ئێران یان بەغدا.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە نێوان هەر چوار "هاوسێ"کەماندا، تورکیا لە هەموویان باشترە. لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانیدا، دواجار دەوڵەتێکی عەلمانی دیموکراتییە. ڕووی لە ئەوروپایە و بە بەراورد لەگەڵ عێراق و ئێران و سووریا ئایندەی لە هەرسێکیان ڕوونترە. ڕاستە کۆماری تورکیا خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە لە تاوان و خوێنڕشتن و ئاسیمیلاسیۆن بەرامبەر بە کورد، بەڵام ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەگەڵ تورگوت ئۆزال لە تورکیا دەستیانپێکرد و ئێستا لەگەڵ ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بەردەوامن، هاوتەریب لەگەڵ فراوانبوون و بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر شتیان لە سیاسەتەکانی ئەنقەرە گۆڕیوە.

لەم ناوەندەدا ڕاستترین ئەدرەس بۆ کورد هەتا پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ بنیادبنێت تورکیایە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبین بە هاوپەیمانی ئەردۆغان دژی PKK، نەخێر هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەی و بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر لەمڕۆ پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئیقلیمیی کاریگەر دروست دەکات. لەگەڵ دەوڵەت نەک شەخس.

پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ تورکیا نابێت بە پەیوەندی پارتی لەگەڵ ئەردۆغان بناسێنرێت، ئەمە هەڵەیە. لە لایەنی کوردستانەوە هەموو پارتەکان بەشدارن لەم ڕێککەوتنەدا، چوونی نوێنەری هەموویان بۆ ئەنقەرە لە هەموو سەردانێکی سەرۆکی حکومەتدا گەواهی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدات (ئەو دەنگە ناسازانەی هەندێک جار لە یەکێک لە کەسە لاوەکییەکانی لایەنەکانەوە بەرزدەبێتەوە نوێنەرایەتی ڕای فەرمی ئەو پارتانە ناکات). لەلایەنی تورکیاشەوە ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ دەوڵەتدا کراوە و تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر دەسەڵاتیش نەمێنێ، ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە وەک خۆیان دەمێننەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لەناو ئەو بژارانەی ئێستا لەسەر ساحەی سیاسی تورکیان، پارتی داد و گەشەپێدان لە هەموویان زیاتر خزمەت بە پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا دەکات. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە خۆمان بنووسێنین بەو پارتەوە و هەموو لایەنەکانی دیکە فەرامۆش بکەین، مانای ئەوە نییە لە دیدگەی ئەو پارتەوە بڕوانینە ناوخۆی تورکیا. ڕاستە ئەردۆغان گونجاوترین بژارەیە بۆ ئێمە، بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانی، دەیان هەڵە و کەموکوڕیشی هەیە. ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگە، وڵاتی تورکیایە نەک پارتێک لەو وڵاتە. هەنگاوی ڕاست ئەوەیە کە لەلایەک پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدان بپارێزین، لەلایەکەی دیکەشەوە دوور لەو کێشمەکێشانەی ئەو پارتە هەیەتی لە ناوخۆی تورکیادا، کەناڵی پەیوەندی بکەینەوە لەگەڵ پارتەکانی دیکە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بزووتنەوە جەماوەرییەکان و دەزگا ئابوورییەکان.

لە دیپلۆماسییەتدا دۆست و دوژمن نییە. پەیوەندی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە. من لەو باوەڕەدام هیچ شتێکی هاوبەشمان لەگەڵ بەغدا نەماوە نەک بەرژەوەندی، ئەسڵەن قەت نەمانبووە. لە نێوان تورکیا و ئێرانیش من تورکیا بە ڕاستتر دەزانم بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سەربەخۆیی ئابووری.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ترسی واشنتن لە کوردستان

لە نووسینی هەفتەی ڕابردوودا، ڕەخنەم لە ئیدارەی ئەمریکا گرت کە ئامادەیە چەکی قورس بۆ هەموو لایەک بنێرێ جگە لە کورد، تەنانەت بۆ میلیشیا شیعەکان لەڕێی سوپای عێراقەوە، ئۆپۆزسیۆنی سوننەی سووریا کە مەرامیان جێی گومانە و هەروەها هاوپەیمانەکەی لە ناتۆ کە بەردەوام ئەمریکا بە پیلانگێڕی لە ناوچەکە تاوانبار دەکات. واشنتن خۆی بەدووردەگرێ لە دابینکردنی شتی زیاتر بۆ کورد، لەبەرئەوەی دەترسێ بەهێزبوونیان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان سەربکێشێ.

ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە کورد تاکە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئەمریکان لە عێراق و لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2011، یەک سەربازی هاوپەیمانەکان لە هەرێمی کوردستان نەکوژرا. بزووتنەوە کوردییەکان لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەرگیز هێزەکانی ئەمریکایان نەکردووەتە ئامانج، تەنانەت ئەو کاتانەش کە واشنتن ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکانی ئەوانی پڕچەک کردووە. بۆیە گرنگە ئەم هەفتەیە ئاماژە بەوە بکەین کە سیاسییەکانی ئەمریکا بۆچی لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی تۆقیون.

سەرەتا دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە ئەمریکا هێزێکە بەدوای سەقامگیریی جیهاندا دەگەڕێت. ئەو وڵاتەی کە زۆرترین قازانجی لە سەقامگیریی نێودەوڵەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی کرد، هێشتا نایەوێت هیچ گۆڕانکارییەک لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئەو سەقامگیرییە ڕووبدات کە ئەویش دەست نەبردنە بۆ سنوورەکانی ئێستا. ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان چ بەڕێگەی ئاشتی یان بە شەڕ، سەرکردەکانی ڕۆژئاوا دەترسێن لەوەی ئەو دەوڵەتە ببێتە هاندەر بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. هەرکە گۆڕانکاری لەو سنوورانەدا ڕوویدا، تەنانەت لە پارچەیەکی کوردستاندا، کەس نازانێ جارێکی دیکە ناوچەکە چۆن دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی. ئەمە بەتایبەتی ڕاستە ئەگەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی دروست دەبێت ئاسۆیەکی باشی هەبێت، بەڵام سەرکوتکردنی کەمینە نەتەوەکانی دیکە بەردەوام بێت لە وڵاتانی دراوسێیاندا. ئەو نموونەیە ئامانجێک دەداتە یاخیبووە کوردەکان لەسەرتاسەری کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات.

هەروەها سیاسی و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان کاتێکی زۆر زیاتر بەسەردەبەن لە قسەکردن لەگەڵ دیپلۆمات و سیاسییەکانی وڵاتانی دیکە لەبری قسەکردن لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمێک کە وابەستە دەبن بە تێڕوانینی ئەوان. بۆیە کاتێک باڵیۆزێکی تورکی یان وەزیرێکی عێراقی داوایان لێدەکەن کە خۆیان بەدوور بگرن لە ناسەقامگیرکردنی حکومەتەکانیان بە پشتگیریی لە کورد، عادەتەن بەباشی گوێیان لێدەگرن. ئەو باسە لۆژیکێکی سروشتیی هەیە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێک کە خۆی ئەزموونی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی هەبووە لەپێناوی جیابوونەوە. لەحاڵەتی پەیدابوونی دەسەڵاتێک کە شەرعیەتی نەمێنێت، واشنتن پێی باشە پشتگیری ئەو حکومەتە کاتیانە بکات کە لە تاراوگە کاردەکەن، وەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا نەک بزووتنەوە جوداخوازەکان کە هەوڵی دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان دەدەن و ململانێی هەموو سیستمەکە دەکەن.

لە حاڵەتی عێراقدا، هاوکاریکردنی کورد بۆ جیابوونەوە دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ واشنتن: ئەوە دانپێدانان دەبێت و مانای ئەوە دەبێت کە ئەو هەموو سامان و خوێنەی ئەمریکا دای بۆ بنیاتنانەوەی عێراق لەپاش ساڵی 2003 ، بەفیڕۆ چووە. ئەگەر کوردستان جیاببێتەوە، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە لە عێراق بریتی دەبێت لە بەشێکی زۆرینە شیعە و هەلێکی زیاتر بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران لەبری ئەمریکا. هەروەها جیهانی عەرەبی دوودڵ نابن لە تاوانبارکردنی ئەمریکا بە پیلانگێڕی بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی نوێ لە ناوچەکە.

لە حاڵەتی بزووتنەوە کوردییەکان لە تورکیا و سووریا، پارتی کرێکارانی کوردستانلە ڕابردوودا وەک ڕێکخراوێکی مارکسی ناسراوە و ئێستاش بە دژە دەوڵەت و دژە سەقامگیری تۆمەتبار دەکرێ، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت لە دوورخستنەوەی نوخبە دەسەڵاتدارەکەی ئەمریکا لێیان ئیتر گرنگ نییە پەکەکە و پارتە خوشکەکەی چەندە کاریگەرن لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا. هەروەها تورکیا زیاتر سەرنجی دەخرێتەسەر لە ناوچەکەدا بەهۆی ئابوورییە گەورەکەی و دانیشتووانەکەی و پێگەی ستراتیژییەوەی. تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکانی واشنتن زۆر خراپیش بێت لەگەڵ ئەنقەرە، هێشتا ئەوە بەس نابێت بۆ گوێگرتن و پشتگیریکردن لە کەسێکی دیکە. تەنیا دارمانی تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ڕەنگە ئەمریکا بجوڵێنێ بۆ گەڕان لەدوای هاوپەیمانێکی نوێ لەدژی ئەنقەرە.

دەبێت هەموو ئەم بەربەستانەی بەردەم "پەیوەندییەکی تایبەت" لە نێوان ئەمریکا و کورد هەڵبسەنگێنرێت لە بەرامبەر بەدیل و قازانجی دیکە لە ئەنجامی پشتگیریکردنی کورد. بەندە لەو بڕوایەدا نیم کە سەرکردەکانی ئەمریکا ئازایەتییان نیشاندابێت لە تەماشاکردنێکی ورد بۆ تەواوی بژارەکانیان لە ناوچەکە کە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوە هەڵەیەیە کە دەڵێ دەستدان لە کێشەی کورد دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی زۆر لە ناوچەکە بەپێچەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی سەقامگیر. هەروەها ترسی ئەمریکییەکان لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی وا دەردەکەوێ ڕێگر بێت لەوەی ئەمریکیەکان جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر بۆ کورد قبوڵ بکەن کە بەرەچاوکردنی مێژوویان پێویستیان بەو ئۆتۆنۆمیەیە تا دڵنیابن لە داهاتوویان لەنێو ئەو سنوورانەی ئێستا تێیدان. ئەو دوودڵی و پەیامەی لە واشنتنەوە دەبینرێت، بەم شێوەیەیە: "یارمەتیمان بدەن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانمان، بەڵام کێشە دروست مەکەن بۆ خاتری بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆتان".

پێویستە ئەم پەیامە بگۆڕدرێت، بەتایبەت ئەگەر واشنتن بیەوێ هێزێکی شەڕکەری ناوخۆی کاریگەر هەبێت لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی.



دانا ئەوزەر

# ڕستەکەی بارزانی

"پێویستە لەپاڵ شەڕی سەربازیدا شەڕی فیکری داعشیش بکەین"، ئەمە ئەو ڕستەیەیە کە سەرۆک مەسعود بارزانی لە تەواوی دیدارەکانی ئەم دواییەیدا بەکاری هێنا. ئەم قسەیە دۆزینەوەیەکی تازە نییە و پێش ئەویش دەیان سیاسەتمەدار و نووسەر و ئەکادیمی لە ئاستی جیاوازدا کردوویانە، بەڵام ئەم جەختکردنەوە تازەیەی بارزانی لەسەر گرنگیی شەڕی فیکری لەدژی داعش مایەی سەرنجدانێکی وردترە. بۆ ئەوەش با سەر لە وڵاتێکی وەک مالیزیا بدەین.

مالیزیا دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە سێ نەتەوەی سەرەکی پێکدێت: مالایی و چینی و هیندی. مالاییەکان 55% ی دانیشتووان پێکدێنن و هەموویان موسوڵمانن. لە سەدەی نۆی زاینییەوە ئیسلام گەیشتووەتە مالیزیا و خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە چەندین سەدەیە موسوڵمانن. بەڵام دوای کۆچی هیندی و چینییەکان بۆ ئەم وڵاتە کە زۆربەیان لە دینی دیکە بوون، لەپێناوی پاراستنی یەکڕیزی مالاییەکاندا، بە دەستوور بڕیاردراوە کە هەر مالاییەک لەدایک دەبێت، موسوڵمانە.

لە ساڵانی حەفتاکاندا، تەوژمێکی ئیسلامیی گەورە وڵاتی مالیزیای گرتەوە. ئەم جوڵانەوەیە لە ماوەیەکی کەمدا گوندەکانی بڕی و بەرەو شارەکان هەنگاوی نا. بەشێکی زۆری گەنجانی مالیزی پەیوەندییان بە ڕەوت و بزووتنەوە جۆربەجۆرەکانی ئەم ڕابوونە ئیسلامییەوە کرد. مالاییەکان دوو پارتی سیاسی گەورەیان هەیە. پارتی ئەمنۆی دەسەڵاتدار و پارتی ئیسلامی مالیزی. پارتی ئەمنۆ پارتێکی نەتەوەییە و گەورەترین پارتی سیاسی مالاییەکانە و بە پارتێکی "نەتەوەیی عەلمانی" دەناسرێ. ئەگەرچی سەرکردەکانی ڕۆڵەی خێزانی ناسراوی ئاینی بوون، بەڵام "نەتەوە" نەک "ئاین" جێی بایەخی ئەوان بوو. لەبەرامبەردا پارتی ئیسلامیی مالیزی کە زیاتر لە ناوچە گوندنشینەکانی مالیزیادا باڵادەست بوو، داوای کاراکردنی ئیسلامی دەکرد لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا. سەرەڕای جیاوازییەکانیان، بەڵام بیروبۆچوونەکانیان زۆر لە پارتە ئیخوانیەکانی دونیا دوورنییە.

لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی لە حەفتاکاندا، پارتی ئەمنۆی دەسەڵاتداریش هەندێک هەنگاوی بچووکی نا بۆ نزیکبوونەوە لە کوتلەی دینداری وڵاتەکەی کە بەردەوام لە زیادبووندا بوون، بەڵام ئەو هەنگاوە بچووکانە بەشی بردنەوەی کێبڕکێکەی نەدەکرد. ساڵی 1981، دکتۆر مەهاتیر محەممەد بووە سەرۆکی پارتی ئەمنۆ و سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە. یەکەم کاری دکتۆر مەهاتیر بریتی بوو لە گرتنەخۆی گەورەترین سەرکردەی گەنجی جوڵانەوە ئیسلامیەکە کە ئەویش ئەنوەر ئیبراهیم بوو. پاشان ڕایگەیاند کە "ئیسلامیبوون ناو نییە و ناوەڕۆکە"، پارتی ئیسلامیی مالیزی بە بچووککردنەوەی ئیسلام تاوانبار کرد و هەڵمەتی "چەسپاندنی بەها ئیسلامیەکان"ی ڕاگەیاند. بەڵام مەهاتیر پێناسەیەکی جیاوازی بۆ "بەهای ئیسلامی"خستەڕوو. ئەو ڕەخنەی لە پارتە ئیسلامیەکە گرت کە ئیسلامی لە "پارچە قوماشێک"دا کورتکردووەتەوە و ڕایگەیاند "ئەگەر موسوڵمانی بەختەوەر و پێشکەوتوو هەبوو. ئەوکات ئیسلام هەیە". دوو گەورەترین کاری مەهاتیر لەساڵانی سەرەتای کارەکەیدا کردنەوەی زانکۆ و بانکێکی ئیسلامیی جیهانی بوو.

پاش ئەوەی مەهاتیر محەممەد سەرکەوتوو بوو لەوەی وێنەی خۆی وەک وێنەی سەرکردەیەکی موسوڵمانی خاوەن متمانە دروست بکات، دەستی کرد بە کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو گرووپ و تەوژمانەی کە لە مزگەوت و حوجرە و سەنتەرەکانی ئەو وڵاتە فیکری توندڕەوییان بڵاودەکردەوە. مەهاتیر لە جەنگی دژە توندڕەوییدا وەک کەسێکی دەرەکی مامەڵەی نەکرد، بەڵکو وەک خۆی دەڵێت "وەک موسوڵمانێک کە خەمی ناوبانگی ئاینەکەیەتی" مامەڵەی کرد. بەشێکی زۆری خەڵکی مالیزیاش بڕوایان بە ڕاستگۆیی مەهاتیر کرد و لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرینەی مالاییەکانی بەدەستهێنا. ئەگەرچی حیزبی ئیسلامیی مالیزی تا ئاستی کافرکردنی مەهاتیر ڕۆیشتن، بەڵام مەهاتیر توانی دەنگی بەشێکی زۆری کوتلەی دینداری ئەو وڵاتە ببات بۆ خۆی و حیزبە ئیسلامیەکەشی ناچارکرد میانڕەوتر بێت.

مەهاتیر توانی "ئیسلامی مالیزی" کە ئیسلامێکی کراوەیە و پێشکەوتنی موسوڵمانان لەڕووی تەکنەلۆجیا و ئابوورییەوە بە فەرمانی خوا دەزانێت، بکاتە مۆدێلێک و دژ بەو مۆدێلە بیوەستێنێتەوە کە ئیسلام لە دەستبڕین و سەرپۆشدا قەتیس دەکات. هەموو ئەمانەشی لەکاتێکدا کرد کە ئەو سەرکردەی پارتێکی نەتەوەیی بوو.

ئەگەرچی بارزانی ڕێبەرایەتی پارتێکی ئاینی ناکات، بەڵام دووریش نییە لە ناوەندە ئاینییەکە. خۆی کوڕی بنەماڵەیەکی ئاینیی ناسراوە و باوکی پێشگری "مەلا"ی هەڵگرتووە و بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبەکەشی خەڵکانی دیندارن. ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی هەرێمێکیشە کە لە سەدا نەوەدی هەڵگری هەمان ناسنامەی ئاینیی بارزانین: موسوڵمانی سوننە مەزهەب. هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە بارزانی قسە لە بابەتێکی ئاوها بکات. هیواکە ئەوەیە بارزانی لێرەدا نەوەستێ و لە پشت ئەم ڕستەیەوە مەیلی بینینی ئیسلامێکی کوردیی کراوە و پێشکەوتوو خۆی حەشاردابێت. گرنگە سەرۆک بارزانی وەک میوانێک نا، بەڵکو وەک خاوەن ماڵ قسە لە زەروورەتی ڕیفۆرمی فیکری بکات و وەک خاوەن دەسەڵاتێکیش بیکاتە ئەجێندای دەوڵەت هەتا ئیسلام نەبێتە مادەیەکی کێبڕکێی هەڵبژاردن، بەڵکو پایەیەک بۆ بەهێزترکردنی یەکڕیزیی نەتەوەیی و داینەمۆیەک بۆ پێشکەوتنی کورد.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# مەغریبییەکان داوای کچێکی کورد دەکەن

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی روداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روداو دەریدەکات نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net